تیپی مەولەوی بە وڵاتدا گەڕا بۆ کۆکردنەوەی پیتاک. هاتنە کۆیە، هەوەڵ جار لای من دابەزین بەڵام مامۆستا ئەنوەر تۆفی پێمی گوت ئەو تاقمە هی وەهایان تێدایە حەز لە بۆهیمیەت دەکات و بەند هەڵناگرێت. بۆ نووستن (دار الضیافة)یان بۆ ئامادە کرا. یەکەم ئاهەنگیان کەوتە شەوی دواتر کە من بە ناوی خۆم ئیجازەی هەموو ئاهەنگەکانم وەرگرتبوو... لە قوتابخانەی سانەویی کوڕان شانۆیان بۆ ڕێکخرا، تیپی باواجیی کۆیەش لە هەندێ چالاکیی ئاهەنگەکان بەشداریی کرد.

لە لایەن هەموو شارەوە پێشوازییەکی گەرموگوڕیان لێ کرا. شەوی یەکەم، بەتایبەتی وەکوو سەرگوڵ، بێمانەند بوو. مامۆستا ساڵح دیلان یەکێک لە هەڵبەستە حەماسیەکانی پیرەمێردی بەرز کردەوە، ڕەشۆڵیش بە شێوازی خۆی شتێکی خوێندەوە، بە هەردوویان و تاک و تاکیشیان دڵ و دەروونی ئەو گوێگر و تەماشاچییانەیان خستە کلپەوە. هەر ئەو تەئسیرە بوو وەهای کرد معاونی شورتە تکام لێ بکات کە لە شەوی دووەمدا گۆرانییەکان بگۆڕین.

وەک لەبیرمە مامۆستا قادر دیلانیش تەمسیلێکی ئێسکسووکی پێشکەش کرد. هونەرکارەکانی دیکەش هەر یەکە لە بابەتی خۆی بێدریغ بوو. ئەو چوارەی ناوم هێنان پێشتر دەمناسین، ئەوانی دیکەم نەدیتبوون. لە ناویاندا ئەگەر سەهوم لە ناوی نەکردبێت (حەمە فەرەج) هەبوو کە ساڵەها دواتر بە خەتە گەوهەرینەکەی کتێبی (کنز اللسن)ی بۆ مامۆستای خاڵ نووسیەوە بە بڕیاری کۆڕی زانیاری کورد. لە وتووێژی مەحرەمانەدا برادەرانی قسەکەری تیپەکە دەیانگوت مەبەستی ئەوان لە پلەی یەکەمدا بەرزکردنەوەی دەنگێکی ناڕەزایی و بە خۆنازینە. دوای کۆیێ چوون بۆ هەولێر، لەوێش بە چاکی وەرگیران...

پاش بەینێک مامۆستایان ڕەفیق حیلمی و عەبدولجەبار ئەلریزەلی بۆ هەمان مەبەستی پیتاک کۆکردنەوە سەریان لێ داین. بانگهێشتن و کۆبوونەوە لە (دار الضیافة) بوو. چی لە ئیمکاندا بوو بە خزمەت پێشکەش کرا. بۆنەی هاتنی مامۆستا حیلمی و شناسایی لەگەڵ ڕیزەلیدا هەلێکی زۆر خۆش بوو. دوای وتووێژی هەمەچەشنە و سەر بە زمان، مامۆستا ڕیزەلی بە ئیلحاحەوە بەڵێنی لێ وەرگرتم کە لە سەردانی بەغدایەم دیدەنیەکی مامۆستا (تۆفیق وەهبی) بکەم چونکە دەرکەوت کە هەرگیز بە وتووێژ من لای مامۆستا وەهبی نەناسراوم. بە داخەوە ئەو هەلە ڕێک نەکەوت هەتا لە ساڵی ١٩٧٩ کە چوومە لەندەن لە ماوەی مانەوەمدا دوو جاران چوومە لای لە ماڵەوە، هەردوو جارانیش نانی شەوم لای ئەو خوارد. لە جاری دووەمدا زەبیحیشم لەگەڵدا بوو بە ڕەفاقەتی و چاوساغیی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد.

ڕۆژگار خشکەی دەکرد. ڕووداو تانوپۆی کارێکی زلی لە دەستدا بوو. جارێ نزیکی دوو ساڵی مابوو چارەنوس مەلۆتکەی چواردەی تەمووزی لێ بەربێتەوە، شێخ مەحموود هاتە بەغدا. شێخ لەتیف حوکمێکی ئیداری درابوو، هاتنەکەی شێخ بۆ بەغدا لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە بوو هەوڵێک بدرێت ئەو حوکمە هەڵبوەشێتەوە. شێخ ناساغ بوو لە خەستەخانەیەکی بەغدای بە سەردەبرد. حوکمی شێخ لەتیف تەسدیق کرا بەڵام بە شێخیان نەگوت. وەک پێشتریش نووسیوومە، شەوی وەفاتی شێخ لەگەڵ شێخ حسێنی حاجی سەید گوڵ چووینە خزمەتی. لە هاوینی ١٩٣٥ تاکە جارێکی دیکە شێخم دیتبوو، ئەمیان بوو بە دووەم و یەکجارەکی. لە ١٩٥٧/١/١ پردی تەقتەق بەسەر زێی گچکەوە کرایەوە. لە بەغداوە وەزیری

داخلیه هات بۆ بڕینی شریتی کردنەوەی. ئەم جیسرە لەسەر تەکلیفێکی من و کاکە زیاد لە مامۆستا عەلی حەیدەر سلێمان کە وەزیری ئیعمار بوو نۆرەی دەستپێکردنی پێش خسترا، دەنا وەک سەرەک ئەندازیارانی ئیعمار لای وەزیر باسی کرد خرابووە دوای تەواوکردنی بنەوانی دەربەندیخان کە لە ١٩٦٢ ئاهەنگی کرانەوەی لە لایەن عەبدولکەریم قاسمەوە سەرپەرشتی لێ کرا (دەترسم لە ساڵەکە بە سەهوو چووبێتم و ١٩٦١ بووبێت، سەرمای نێوان پاییز و زستان دەستی پێ کردبوو کە بۆ ئەو ئاهەنگە بانگهێشتن کرام).

وەزیری داخلیە سامی فەتاح بوو، کە گەییشتینەوە کۆیێ بەر لەوەی بچینە ژوورەکەی قایمقام، وەزیر رووی قسەی تێکردین و لە پەردەی بەرژەوەندا تارماییەکی هەڕەشەی خستە قسەکانیەوە کە ئەگەر جەماوەر حکومەت نەحەسێننەوە چاوەنۆڕی خزمەت نەبن لە حکومەتەوە. کە قسەکانی بڕیەوە یەکسەر رۆیی بۆ ژووری قایمقام. لەوێ بەدەم دەست گوشینی بەخێرهێنانیەوە ئەوەی پێویست بوو گوتم، ئەوەشم خستە سەر قسەکانم کە لە ماڵی قایمقامیش جارێ دیکە وتووێژمان دەبێت. نیوەڕۆژەمان لەگەڵ وەزیر لە ماڵی قایمقام، مامۆستا هادی چاوشلی دۆست و هاوڕێی خوێندنم، خوارد. لەهجەی گفتوگۆی سامی فەتاح لەوێ بە تەواوی گۆڕا. بەر لەوەی دوعاخوازی بکات بۆ گەڕانەوەی بەرەو کەرکووک بەڵێنی لێ وەرگرتم کە چوومە بەغدا سەردانی بکەم، نومرەی تەلەفۆنی وەزارەت و ماڵەوەشی دامێ بەڵام بەڵێنەکەم نەگەیاندە جێ و ئەو تەلەفۆنەم نەکرد. ڕەنگە چاکیشم کردبێ.

ساڵی ١٩٥٨ لە پێشەوە دیارییەکی سیاسیی بۆ عێراق هێنا بریتی بوو لە یەکگرتنی عێراق و ئوردون بە شێوە دەوڵەتێکی (اتحادي) ئەویش بەڕاستی بەرتەکی یەکبوونی میسر و سووریە بوو لە عێراق و ئوردونەوە نەکا ئازاتر بوونی یەکیەتیخوازانی عەرەب لە هەردوویاندا بکێشێتەوە بۆ توانەوەی عێراق و ئوردونیش لەو یەکیەتییەدا. پارتی کەوتە خۆی بۆ ڕاگەیاندنی دەنگی کورد بە دەوڵەتی (اتحادي) کە نەتەوایەتیی کورد لەو یەکگرتنەدا دووچاری نسکۆ و نشوست نەیەت. وەفدێکی ڕێکخست کە زوربەی هەرە زۆری کەسەکانی بێلایەن بوون بۆ ئەوەی بە خۆی و داخوازییەکانی گەلی کوردی عێراق لە ژێر تازە سایەبانی دەوڵەتی ئیتیحادی، بچێتە بەغدا بۆ بینینی کاربەدەستانی میری. لەمانە حەمەی ئاوڕەحماناغا و تۆفیق ئەفەندی ئاغا فەتحوڵڵا و کاکە حەمەی خانەقا و زەیدی ئەحمەد ئەفەندی و شێخ فازیلی تاڵەبانی و (وابزانم) ئەحمەدی حەمەدەمیناغای دزەیی و من و هی دیکەش کە هەبێ ناویانم نایەتەوە بیر<٤٣>.

لە ماڵی کاکە حەمە، لە کەرکووک، شەوێکیان من و زەید و ئەحمەد و ئیبراهیم ئەحمەد نوێنەری حیزب دانیشتین بۆ داڕشتنی داخوازییەکانی گەلی کورد. هەڵبژاردنی داخوازی لە لایەن هەموانەوە بوو، نووسینەکەش ئەرکی من بوو. شێوازی نووسینەکەم و داخوازییەکانیش هەتا بڵێی بە لای مەسلەتی و هێمنیدا بوو، ئەمما مامۆستا ئیبراهیم هیچ بەرهەڵستیەکی نەبوو بە پێچەوانەوە لێشیان ڕازی بوو. بە تێوەرێخ دەڵێم، لەو ساڵانەی دواییدا ئۆتروحەیەکم خوێندەوە سەر بە سیاسەتی عێراقی بەر لە تەمووز باسی ئەو کۆبوونەوەیە دەکات و تەقریرێکی دایەرەی ئەمنیش ناو دەبات کە دوو ڕۆژ دوای کۆبوونەوەمان نووسراوە لە بابەتمانەوە و چی کردوومانە، بۆ بەغدای بەڕێ دەکات. دیارە ڕۆژی دوای ئەو شەوە خەبەر بە ئەمن گەییشتوە ئەمما کێ خەبەری گەیاند، چۆناچۆنی؟ نایزانم. ئەندامانی هەموو لایەک لە بەغدا

کۆبوونەوە و داخوازییەکان پەسەند کران و بەچاپ گەییشتن. ژوانمان وەرگرتبوو بچینە لای مەلیک و وەلی عەهد (عبدالاله). خەریک بووین لە ئۆتێلەکەمان بەڕێ بکەوین بۆ (بلاط) نوێنەرەکەی حیزب پێمان گەییشت و قسەی خستە بارێکی دیکە لە چاو شەوی باسکراودا و گوتی نابێ ئەم داخوازییە سارد و شلانە بە ناوی کوردەوە بدرێت. ئەندامانی بێلایەن بە گەرمی ئەم قسەیەیان ڕەت کردەوە.

سەری خوێنەر نەیەشێنم خەریک بوو شەیەکە لەسەری مندا بشکێت. مامۆستا ئیبراهیم چەندێکی کۆشای ئەو بێلایەنانەی بۆ ئیقناع نەکرا ئنجا بای دایەوە سەر من و بە هەڕەشەوە لەگەڵم دوا کە نابێ داخوازییەکان ئیمزا بکەم و ناشبێ لە وەفدەکەدا بمێنم. هەتا لای بیلاتیش خەریکی ئیقناع کردنی جەماعەت بووم کە مادەم حیزب ڕازی نییە ماندوو بوونی وەفد بێسوودە، کەڵکی نەگرت. من جارێ کاغەزەکەم ئیمزا نەکردبوو. حەماغا و تۆفیق ئەفەندی یەک دەنگ پێیان گوتم کە تا ئەم لەحزەیە زۆرمان لا موحتەرەمی بەڵام بە ئیمزا نەکردنت حورمەتەکە دەگۆڕێ بە پێچەوانەی حورمەت. کە ئەمەیان پێ گوتم سوور هەڵگەڕابوون و چاویان نیوە دەرهاتووبوون لە قەپێلکیان... ئیمزام کرد، هەڵوەستەکەشم بەو ئیمزاکردنە ئازایانەتر بوو چونکە ترس هەبایە لە حیزبەوە دەبوو. جگە لە ئازایی، چ مەنتیقیش نەبوو لەو تەقڵە لێدانەی بەدوا کاتەوە.

جەماوەری کورد خامۆش بوو، قەول بوو لە هەموو کوردستانەوە بروسکەی تەئییدمان بۆ بێت. لە غەیری تاکە بروسکەیەکی هەڵەبجە هیچ دەنگێک بەرز نەبۆوە. ئەگەر وەفدی ئێمە ترسنۆک بوو خۆ دەکرا وەفدێکی ئازاتر بنێرن و گەرمتر لەگەڵ میری بدوێت کەچی هەراکەی هەر لەگەڵ ئێمە بوو. دیدەنی مەلیک و عەبدولئیلاهمان کرد بە مەتالیبەوە. سەرەک وەزیران، نووری سەعید، نەیدیتین، نوسخەیەکمان لە داخوازییەکان گەیاندە سکرتێرەکەی. ئیتر بلاوەی لێ کرا. پێویستە بڵێم هەندێ قسە ڕۆیشتووی حیزبی نووری پاشا زەیدی ئەحمەد ئەفەندییان ئیقناع کرد کە لێمان بتەکێتەوە. زەید لە هەڵبژاردن بۆ مەجلیسی ئیتیحادی بوو بە نایب. ئنجا ئەگەر بگوترێ ئەمە نرخی خۆ دەرهاویشتنی بوو لە وەفدەکە خۆ کاکە حەمەی خانەقا لە وەفدیش مایەوە و بووش بە نایبی مەجلیسی بەغدا.

لەو هەڵبژاردنەدا جەلالی حامید بەگیش نایب بوو. لە حوزەیرانی پێش تەمووزی ١٩٥٨ ئەو و کاکە حەمە لە کەرکوکەوە بە تەلەفۆن داوایان کردم، چوومە لایان دوای ڕۆژێک دووان هەرسێمان هاتین بۆ کۆیێ، سەمەدی حاجی محەمەدی بەنناشیان لەگەڵدا بوو. ئەو ڕۆژە و شەویشمان بە خۆشی ڕابوارد، سبەینێ پاش نانی بەرچایی هەر چوارمان لە ڕێی دوکان و سلێمانییەوە چووین بۆ هەڵەبجە.

سێ شەو و ڕۆژی گەش و خۆشمان بە مێوانی لە حامید بەگ ڕابوارد. ڕۆژێکیان چووینە سەرچاوەی زەڵم قەڵبالغییەکی بە تاقم و تەدارەک بووین. لە ڕێگا هەندێ پیادەی دەنگ خۆش سیاچەمانەیان دەگوت کە جۆرێکە لە گۆرانیی ئەوتۆ هەر دەڵێی بە زۆر لە پیکی قورگەوە دەردێت، سەمەدی نوکتەباز بە جەلالی دەگوت: ئەم گۆرانییە داوا لە گۆرانیبێژ دەکا، لەو نۆ کونەی خوا بە عەبدی خۆی داوە هەشتیان قەپات بکا هەتا بە یەکێکیاندا دەرپەڕێ. لەو چەند ڕۆژانەدا بەگزادانی جاف پێمانەوە خەریک بوون، لە پێشیانەوە ئەحمەد بەگی حەمە ساڵح بەگ کە دۆست و ناسیاوی کۆن و نایبیش بوو لە دەورەی یەک کۆبوونەوە و هەشت ڕۆژ عومر. گەڕانەوەمان بە ڕێی کەرکووکدا بوو، جەلالیشمان لەگەڵ بوو. لە

کەرکووکەوە بڵاوەمان لێ کرد، من بەرەو کۆیە بوومەوە.

پێوەندیم بە حیزبەوە لە کزبووندا بوو هەرچەند بەینێکی دیکەش کەوت و ڕەوت هەناسەی هەڵدەهێنا. ئەم هەڵوەستە زێدە تەنگەتاوکەرەی کە لە وەفدی ناوبراودا دووچاری بووم لە سۆنگەی تەقڵە لێدانە باس کراوەکەدا، تەجرەبەیەکی تاڵ بوو. لە زۆر باوەڕی سیاسی و چاوەدێریی بەرژەوەند و ئایدیۆلۆجیای فکری و فەلسەفیش جودا بووم لەبیر و بۆچوونی ئەو ئەندامە پێشڕۆیانەی نوێنەری فەلسەفەی حیزب بوون.

من لە دەمێکەوە بۆ ئەوە دەچووم کە (مرۆڤ) نەک هۆیەکانی مادی و ئابووری کۆڵەکەی مێژووە هەر بەویش مێژوو شی دەکرێتەوە. دەبێ مرۆڤ بەرەو پێش بچێت ئنجا هۆی بەرهەم هێنان پێش بیەخێت بە پێچەوانەی دەقی تەقلیدی کە دەڵێ بە گۆڕانی هۆی بەرهەم کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت... ئەمە و زۆر لایەنی دیکەی تێگەیشتنی جیهان بە تێکڕایی و کۆمەڵایەتی بە تایبەتی، لە هەستی مندا جۆرێک بوون لەگەڵ هی بەرەی مەتریالیزم کە پارتیش وەک حیزب باوەڕی پێی هەبوون نە دەگونجا. جودایی بیروباوەڕ بە لای قەناعەتی منەوە هێندەی جودایی زەوق لە قوماشی پەجامە و شێوەی سمێڵ مافی مرۆڤە بێ ئەوەی ڕێی پێ بدا کە بیروڕای غەیری خۆی خەفە بکات. دیکتاتۆرایەتی بە هەموو جۆر و شێوە و ئامانجەکانییەوە لە هەڵسەنگاندنی مندا بە دوژمنی مرۆڤ حیساب دەکرا و دەکرێت... گرتنە بەری بیروباوەڕێک کە لە کووچە و بازاڕە کاولەکانی کوردستاندا بە ناوی لەناوبردنی چەوساندنەوەوە خەڵق بەگژ یەکتردا بهێنێت بێ ئەوەی دەرفەتی مەسڵەتی بدات هەرگیز نەچووە دڵمەوە. لە وڕێنە و خەیاڵیشدا پاڵە و کرێکار بە کوشتن و بڕین و هەرای ناوخۆیی ناگاتە پلەی ئەو خۆشییەی کە چینی کرێکار و فەلاح لە سوید و دانیمارک پێی گەیشتوە بێ ئەوەی خوێن لە پەنجەی کەس بێت. لەگەڵ ئەم جوداوازییەش برادەری و پێوەندی لە نێوانماندا بەردەوام بوو هەتا ناوەڕاستی ١٩٦٠...

تەمووزی ١٩٥٨ هات من لە کۆیە بووم،ماڵەکەمان و هی خزمانی دیکەش لە چناڕۆک بوون. بەیانیی چواردەی مانگ لە پڕ ئیزاعە دەنگی شۆڕشی بەرزکردەوە... خەڵق وورووژان... من بە عادەت زۆر ڕمووودەی ئەخبار نیم، بەڵام ئەو سبەینەیە دنیا چەشنێکی دیکە بوو... دەنگی شۆڕش دلێر بوو ناو ناوەیەک نەبێ کە شێوەی تانووت دانی خەڵق بۆ پشتگیری لێ کردنی گرفت و کۆسپێکی لێ دەفامرایەوە. زۆری نەبرد خەبەری ڕاکێشانی لەشی عەبدولئیلاهی پێ ڕاگەیاندین. تەزوویەکی سرکەرەوەم پێدا هات... ڕاکێشانی لاشەی خوێناوی بە شەقاماندا شایەدییەکی باش لەو خەڵقە نادات. چ دڵ و دەروونێکە وەها بە ڕەهایی ڕێ دەدات پاژنەی کەلەش کون بکرێت و پەتی تێهەڵکێشرێت وەک کە دەزوو بە دەرزییەوە دەکرێت!! خزمینە، تاریکاییەکی چەند چرکەیی بە پێش چاومدا وەک هەوری ڕەش تێپەڕی... بە هەمە حاڵ چی بوو نە دەگەڕایەوە و بە کەس چارەسەر نەدەکرا. بەردێکی زلە و لە چیا سەرەژێر بۆتەوە هەتا خۆی لە ئاکامی تەووژم پێ نەمانی بە شوێنێکەوە نەگیرسێتەوە هەر تەقڵە لێ دەدات، تۆز لە عارد بەرەو ئاسمان هەڵدەستێنێت. تێکڕای خەڵق، تاک و تەرا نەبێ، گۆڕانی ڕژێمی پێ خۆش بوو بەڵام لە نەبوونی خەبەری گیرانی نووری سەعید و دواتر بە بەڵێنی پاداش دان بە کەسێکی ڕێ نموونی شۆڕش بکات بۆ گرتنی، ترسێک لە دڵاندا مابوو هەتا دوای دوو ڕۆژ بڵاو کرایەوە کە لە هەوڵی دەردەست کردنیدا کوژراوە...

وەزارەتی شۆڕش دامەزرا. ئێمە خەریکی وتوویژ بووین لە جۆری پیرۆزبایی و پشتگیری کردن لە شۆڕش و چ دەقێک بکەین بە بروسکە. لە (کۆگای ئاوات)ی بەکر بەننا دانیشتبووین، نوێنەری چەپیش لەوێ بوو کە من گوتم بە لای منەوە دەبێ پشتگیری و پیرۆزبایی کورد بەندبێ بە مەرجی سوودی کورد و مافە نەتەوەیی‌یەکانییەوە. ئەو نوێنەرە بە توندی بەرهەڵستی لەو ڕایەم کرد و گوتی وەزارەت ئیبراهیم کوببەی تێدایە چ تێوەرێخی مافی کوردی ناوێت و تەئییدی بێمەرجی شۆڕش دەبێ بکرێت. قسەمان نەگەییشتە یەک، وەک لەبیرمە هەر لایەنە بروسکەی تایبەت بەخۆی بۆ بەغدا لێ دا... ئەو بروسکانە و هی دواتریش کە لە کۆیەوە بەڕێ کران تاکێکیان لە ڕادیۆ نەخوێندرانەوە هەتا دواتر کە لەسەر داواکردنی حیزب هێندێکمان چووین بۆ بەغدا و من بە تایبەتی لەگەڵ کاربەدەستی بەرپرسی ئیزاعە دوام لەبارەیانەوە ئنجا بڵاوکرانەوە. تومەز شۆڕش نەپەرژاوەتە سەر کاکڵ کردنی ئەو جۆرە کارانە، چۆنێکی هاتە بەر داس وەهای دەدروێت. هاتنم بۆ بەغدا دە مانگی درێژە کێشا.

لە پێشەوە حیزب خەریک بوو، جەماوەرێکی زۆری کوردی لە بەغدا کۆکردەوە. لە ڕۆژێکی دیاریکراودا کۆبوونەوەیەک بەسترا ئیبراهیم ئەحمەد دوانێکی دا و بە تێکڕایی بەرەو وەزارەتی دیفاع چووین بۆ موبارەکبادی. ئیبراهیم ئەحمەد بە ناوی جەماهیر ڕووبەڕووی کەریم قاسم شتێکی خوێندەوە، بە ڕێنموونی لە سددیق شەنشەلەوە، کەریم ئیبراهیم ئەحمەدی هێنایە تەنیشت خۆیەوە و قسەی لەباری بەو جەماهیرە گوت. خەڵقەکە بڵاوەی لێ کرد بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ کەریم بە پێپلکاندا بۆ نهۆمی یەکەمی وەزارەتی دیفاع سەرکەوتن کە شوێنی کەریم و کاربەدەستانی سپا لەوێ بوو.

لەو بەینەدا من وەکوو ئەندامێکی عادەتی لە چالاکیی بۆرەپیاوانەدا بووم. پاش ئەوەی قەڵەباڵغی لە دایەرەکان تەکایەوە لە خۆمەوە بڕیارم دا بچم بۆ لای عەبدوسەلام عارف، گوتم چانسی خۆم تاقی دەکەمەوە، بزانم قبوڵ دەکات یان ناکات بچمە لای، سکرتێری کۆن هەر لە شوێنی خۆی بوو، دەیناسیم، پێم گوت ناوم بنێرێ بۆ لای وەزیر، سکرتێری ڕێزی لێ نام خۆی چووە ژوورەوە، نیو دەقیقەی نەبرد هاتەوە گوتی وەزیر چاوەڕوانتە.

کە چوومە ژووری عەبدوسەلام وەهای بەخێرهێنام بەولای هەموو وەهم و خەیاڵمەوە بوو. بۆم هات و دەستی لە ملم کرد و مێزی لێ دام، خەریک بوو بڵێم لێم بە سەهوو چووە داخوا بە کێم تێدەگات کەچی بە دوو دەقیقە تێی گەیاندم کە لە ١٩٥٣وە دەمناسێت و ئاشنای نیابەت و نووسینەکانمە... لەو بەینەدا کە بەیەکەوە دەدواین تاهیر یەحیا، مدیری شورتەی عام، و عەبدوللەتیف دەرراجی ئەفسەرێکی زلی شۆڕش هاتن. وەها بووزی خوارد کە تاهیر یەحیا و دەرراجی بکەونە تەنیشت یەکدی، عەبدوسەلامیش کورسییەکی تەنیشت کورسیی خۆیەوە بۆ من دیاری کرد، ئیتر هەر جووتە بە جودا خەریکی وتوویژ بووین. لەم وەزعەدا بووین بێ ئەوەی کەس ئاگاداربێت دەرگا کرایەوە و عەبدولکەریم قاسم هاتە ژوورەوە. هەموو بۆی ڕاست بووینەوە و عەبدوسەلام خێرا بە پیرییەوە چوو تا لای دەرگاکە.

من یەکەم جار بوو لە نزیکەوە عەبدولکەریم ببینم، تۆقەیەکم لەگەڵدا کرد و دوعاخوازیم لە عەبدوسەلام کرد کە بڕۆم بەڵام ئەو دەستی گرتم و بە عەبدولکەریمی ناساندم و بۆ ماوەیەک مامەوە ئنجا دەرچووم. (پاشتر لە سەرەتاکانی ١٩٦١ عەبدولکەریم بە خۆمی گوت کە لە ١٩٥٣وە دەمناسێت و ئاگای لە کەوت و

ڕەوتمە). چی لەو دیدەنییە ڕووی دا و گوترا هەمووم بە برادەران گوت.

دوای چەند ڕۆژێک، لە ناوەندی ئەو حەفتەی کە لە کۆتاییەکەیدا عەبدوسەلام سەردانی هەولێری کرد، چوومەوە لای. ئەمجار لە جاری پێشووتر گەرموگوڕتر بوو، ئەگەر مومکین بێ لەو جاریان گەرموگوڕتر بێت. لە قساندا گوتی موتەسەڕڕیفی هەولێر (لواء ركن علاء الدين محمود)م ڕاسپاردوە کە هەرگیز لە قسەت دەرنەچێت. من ئەم قسەیەم نەخستە ئیمتیحانەوە بەوەدا کە لە موتەسەڕڕیف بپرسم ئایا چەندی ڕاستە و چەندی موجامەلەیە، بەر لەوەی بشیەم بۆ بەغدا موتەسەڕڕیف سەردانی کۆیەی کرد، هیچێکی لەو بارەوە نەگوت هەرچەند تا بڵێی مەدحی ئەو گوتارەمی کرد کە لە بەخێرهێنانیدا خوێندمەوە (ئەم گوتارە لە ڕۆژنامەدا بڵاوبۆوە، دواتر زۆریشی لێ پەشیمان بووم). بەڵام هەروەک ئێستا بۆت باس دەکەم لە لایەنێکی دیکەوە ڕاست بوونی قسەکەی بە ئیسپات گەییشت. زۆر دواین، بە سکرتێریشی گوت تا من هەڵنەستم کەس نەیەتە لای.

وەختێک کە مانەوەم چی دیکە تامی پێوە نەما هەڵستام، لە دەست گوشینی دوعاخوازیدا بووم پێمی گوت ئەم قسانە ڕۆژی جومعە لە هەولێر تەواوی دەکەین. من دەرچووم بێ ئەوەی بەڵێنی بدەمێ کە دەچمە هەولێر.

کە هاتمەوە ئۆتێل چی بوو و گوترا لەو دیدەنییەدا بە برادەرانی حیزبم ڕاگەیاند. دوای شەو و ڕۆژێک مام جەلال لە لایەن حیزبەوە ڕاسپێردرا بوو، پێمی گوت وەها بەرژەوەند دیتراوە کەوا غەیری سکرتێری حیزب هیچ تاکێک بە تەنها لەگەڵ کاربەدەستانی شۆڕش نەدوێت. من چ مەبەستێکم نەبوو لە چوون بۆ هەولێر مەگەر سوودی کورد، کە حیزبیش وەها پەسەند ناکات سەد جاران ماڵی ئاوا بێ. سەفەری هاوینەی ئەو سەردەمی لە ڕێگەی خۆڵاوی نێوان بەغدا و کەرکووک عەنقەرەیەک بوو بۆ من هەر دەبوو بە بەهانان خۆمی لێ بدزمەوە. نەچووم بۆ هەولێر...

بگەڕێمەوە بۆ ڕاسپاردەی عەبدوسەلام لەگەڵ موتەسەڕڕیفی هەولێر عەبدوڵڵا عەلی حیکمەت ئەفەندی کەرکووک، مامۆستای خوێندنی سەرەتاییم و دۆستی مامم و کوڕی موجازێکی زۆر بەناوی باپیرم هاتە لام لە ئۆتێل، بۆ نیوەڕۆژەی سبەینێ لێی گێڕامەوە، برازاکەی عەبدولوەهاب، بوو بوو بە قایمقامی کۆیێ گۆیا دەیویست شناساییمان هەبێ. سبەی کە چوومە ماڵەکەی، عەبدولوەهاب پێی گوتم وەزیری داخلیە عەبدوسەلام بە دوایدا ناردووە و پێی گوتووە لە کۆیێ چی مەسعوود محەمەد پێتی گوت وەها بکە لە قسەی دەرمەچۆ... تومەز مامۆستا عەبدوڵڵا بۆ ئەم مەبەسە دەعوەتی کردم. من سپاسی وەزیر و عەبدولوەهابیشم کرد لەسەر باوەڕی چاکیان پێم، بە دڵیش داوای سەرکەوتنیم کرد و چی دیکەش نا... لە مەوە دەرکەوت سفارشی موتەسەڕڕیفی کردووە.

حکومەت، یان بڵێین شۆڕش، بە پەلە بوو لە دانانی قانوونی (اصلاح زراعي)، دوو پسپۆڕی ئەو بوارەی لە میسرەوە هێنا یەکیان (هجرس) ناو. وەی کە حەزم لەو کابرایە نەکرد. ڕاستییەکەی ئەو هەجرەسە چ مەبەسێکی چارەکردنی کەم و کەسری زیراعەتی لە دڵدا نەبوو، باوەڕ ناکەم دەستیشی لە قوڕی جۆگە و دوکانی مەرەزە نابێت. لە ڕەفتاریشی دیار بوو دەیویست لە خۆزلترەکانی وەزارەتی ئیسلاح زەراعی میسری لێ ڕازی بن بەوەدا کە هەوڵی دەدا قانوونی عێراق و میسریش بۆ کشتوکاڵ

یەکچوون بێت بە نیازی نەهێشتنی تەگەرەی قانوونی لەبەر هەنگاوی وەزارەتێک کە لە دەمی (وەحدە)ی عێراق و میسر کاروباری کشتوکاڵ هەڵدەسووڕێنێ. هەر لەم نیازەشەوە بوو دەیەویست خولی کشتوکاڵی عێراقیش لە دوو ساڵەوە ببێتە سێ ساڵ. وەک دەزانین دێمەکاری عێراق ساڵێک دەبێتە شۆ و وەرد دەدرێتەوە ساڵی دوەمیش دەچێندرێت، ئنجا ئەگەر فەلاح وەیا کابرایەکی بیەوێ زەوی بەکرێ بگرێت مەجبووری عەقدی ئیجاری سێ ساڵان بوو چ لەو ساڵەی سێیەمە بکات؟ هیچ! دوای دە ساڵی تەواو لە ئوردون پێش خزمەتی ئۆتێلێکی لێی دابەزیم (سمیر) ناوێکی میسری و ئەندازیاری کشتوکاڵ بوو، باسی ئەو (هجرس)ەم لێ پرسی گوتی: من خۆم لە دەست ئەو هەڵاتووم...

دەبوو بڵێم من لە لایەن وەزارەتی زیراعەتەوە وەکوو ئەندامانی دیکەی لیژنەی قانوونی ئیسلاح دامەزرابووم. هدیبی حاجی حمود وەزیری زیراعەت بوو. برادەرانە لێم پرسی ئایا حکومەت مەسرەفی ئەندامەکان دەکێشێ یاخود دەبێ خۆمان چارەی خەرجی بکەین. دڵنیای کردم کە گوزەران چ گرفت پەیدا ناکات، کەچی وەهاش نەبوو، کە سەغڵەت بووم بەڵێنەکەم بەبیر هێنایەوە. لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران باسی موخەسەساتی ئەندامانی لیژنەکە کرابوو، وەک بۆم گێڕدرایەوە، هدیب گوتبووی تەنها فلانەکەس داوا دەکات و لێشی بە پەلەیە. چەندی بڵێی ئەو قسەیەم لێ گران هات. کاغەزێکی قورس و توندم بۆی نووسی، عوزری هێنایەوە کە وەها نەبووە، من گوێم نەدا عوزرەکەی. تا ساڵەها دوای ئەو ساڵە ئنجا لە ڕێکەوتدا دەستم گوشی. لیژنەیەکی فەرعی دروست کرا لە لیژنە فرەئەندامەکە، من و کاک جەوهەر عەزیز لەو لیژنەیەدا بووین تا دوایی کاروباری ڕێکخستنی قانوونە لەنگەر بەزیوەکە.

شەوێکیان لە باغچەی لای ئەو (قاعة الشعب)ەوەی بۆ ماوەیەک ئاهەنگی ڕەسمیی تێدا بەرپا دەبوو کۆبوونەوەمان بوو عبدالسلام عارف و محمد حديد و ناجي طالب و صديق شنشل – یش تێدا بەشدار بوون بۆ خێرایی کردن لە ڕاپەڕاندنی قانوونەکە. لەو شەوەدا دیتم عەبدوسەلام تا چ ڕادەیەک ناحەزی سددیق شەنشەلە، هەر بە سددیق کرا خۆ بگرێت و جڵەوی ئیرادەی لە دەست دەرنەچێت بەرانبەر ئەو هێرشە درەی عەبدوسەلام دەیبرد بۆ سەر هەر قسەیەک و پێشنیازێک لە سددیقەوە دەرچووبایە. ئەمان هەردوویان لە قەومییەکان بوون، دەشیانزانی، ئێمەش دەمانزانی، چ پلانی نهێنی و ژێر پەردە لە نێوان بەرەی عەبدولکەریم کە چەپەکانن و بەرەی عەبدوسەلام کە قەومییەکانن لە کاردایە.

بەرەی نیشتیمانی یەک«نە»گرتوو کە ئەمجارە لە پێنج حیزب پێک هات لە سەرەوە برا و لە ژێرەوە دوژمن بە یەکدی بوون. چەپەکان بیتاقەیان لەسەر عەبدولکەریم دەر کرد و بە تەواوی خۆیانیان بەو بەستەوە، بۆ ماوەیەکی مناسبیش پێی بووژانەوە. من وەکوو خەڵقی دیکە سەیری شانۆی سیاسیم دەکرد. بەڵام لێرەدا شتێکی سەر بە چارەنووسی حیزبەکەی خۆمان باس دەکەم کە تێیدا تەماشاچی و ئاکتۆریش بووم.

بۆ گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانی و هەڤاڵەکانی کە پەنایان بۆ یەکیەتی سۆڤیەت بردبوو هەوڵ درا و موافەقەش کرا لەسەری. وەها پەسەند کرا کە وەفدێک بە سەرۆکایەتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد پێشوازی لەو ئاوارەبوانە بکات بەوەدا کە بە پیریانەوە بچێ بۆ ئەورووپا. وەها بە باش زاندرا کە سەرۆکی

وەفدەکە سەردانێکی عەبدوسەلام بکات نەکا قەومییەکان و بەرەی دووەم کەسی شۆڕش لە دڵی خۆیانی بگرن کە هیچ پرسێکیان پێ نەکراوە.

ڕۆژێک لە ڕۆژان ئیبراهیم ئەحمەد و جەوهەر عەزیز دزەیی و من چووین بۆ سەردانی عەبدوسەلام. نەختێک بە گرفت گەییشتینە لای. لە قساندا لێمی پرسی بۆچی نەچووم بۆ هەولێر. جوابی پێویستم دایەوە(٤٤). ئنجا کاک برایم هاتە سەر باسی سەفەر و بۆرە ئیزنی خواست. عەبدوسەلام گوتی وەها بە باش دەزانم لە گەڕانەوەدا سەرێکی میسر و دیدەنییەکی سەرۆک جەمال عەبدولناسر بکەن و هەموو شتێکی تێبگەیەنن. ناوناوە لە دەمی قساندا سکرتێرەکەی بە بەهانەیەک دەهاتە ژوورەکە و عەبدوسەلام بێدەنگ دەبوو هەتا کابرا دەچووە دەر. گوتی «هذا جاسوس» مەبەسی ئەوەبوو کە ڕژێمی کۆن پیاوی زۆر ماون لە دایەرەکانی حکومەت بەڵام نەیگوت ئەوێکی مەلیک و عەبدولئیلاهی لە ناوبردن بۆچی ئەم جاسووسە بەسەر خۆیەوە دەهێڵێتەوە، ئێمەش نەمان پرسی.

بۆ سبەینێ یان دووسبەی کامل چادرچی تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی ئیشێکی زۆر گرنگم پێت هەیە. چوومە لای، گوتی ئێوە بۆچی وەها سادە و «طيب النيه» ن؟ کوردی دەڵێ تۆپێکم لە خۆم زانی. گوتی دەزانی ئەو دیدەنییەی لە عەبدوسەلامتان کردووە چۆن تەفسیر کراوە و خراوەتە چ قاڵبێکەوە؟ من هیچم نەبیستبوو، بۆی شەرح دام، گوتی یەکێک خەبەری بە حیزبی چەپەکان داوە کە ئەو ئەندامەی پارتی لەگەڵ عەبدوسەلام ڕێک کەوتووە لەسەر پارچە کردنی عێراق، کوردستان جودابێتەوە و چی دەمێنێتەوە لەگەڵ میسر یەکیەتی پێک بهێنێت هەر بۆ ئەم مەبەستەیشە لە گەڕانەوەی سەفەری ئەوروپایدا عەبدولناسر دەبینێت... حیزبی چەپیش ئەم خەبەرەی بە تەقریرێک داوەتە عەبدولکەریم، وەهاش خەبەر بڵاودەکاتەوە کە وتووێژی ئەو ئەندامە و عەبدوسەلام لەسەر کەرت کردنی عێراق بە ڕیکۆردەر بۆی تۆمار کراوە. دیارە ئەو خەبەرە درۆزنە، سکرتێرەکەی عەبدوسەلام بە چەپەکانی ڕاگەیاندوە.

من بەڕاستی مەسەلەکەم لە کامل بەگ گەیاند بەڵام پروپاگەندەکە بێئاکام نەبوو. دوای سێ ساڵ کە عەبدولکەریم بە دوایدا ناردم و چووم بۆ دیدەنییەکە، لە ژووری مرافقەکەی بووم باسی ئەو ڕێککەوتنە کرا کە چۆن ئەندامەکەی حیزب لەگەڵ عەبدوسەلام خەریکی کەرتکردنی عێراق بوون. ئەو دەمە من لەوپەڕی نارێکی و ناخۆشیدا بووم لەگەڵ حیزب، چەند مانگێک بوو مەقالەکانم لە جەریدەی (الثورة) دژی ڕابەرە مارکسیستەکانی حیزب بڵاوکرابۆوە، لەوانیشەوە وەڵامی قورس و بێئینسافیش ڕامالْم کرابوویێ بەڵام دەستی ڕاستەم بەرز کردەوە و قسەم بۆ مرافقەکەی عەبدولکەریم و ئەوانەی دانیشتبوون بە سوێندەوە کرد کە ئەم خەبەرە فڕی بەسەر ڕاستییەوە نییە چونکە خۆم لە وتووێژەکە حازر بووم، دەبوو منیش پلانگێڕێک بووبم...

لە شوباتی ساڵی ١٩٥٩ کە جارێ هەر لە بەغدا بووم شەپۆلێکی سەرمای بێئامان هات و خستمی. پازدە ڕۆژ بۆی کەوتم و سێ چوار ڕۆژ وڕێنەم دەکرد. گەرووم ئاوسا وەک کە هەرگیز وەها نەئاوسابوو. کە نەساغییەکەم بەسەر چوو ئەو گەروە نەچۆوە باری کۆنی. ساڵەو ساڵ بەدەم ڕۆژگاری عومرەوە پیکی قورگم و ئاڵوەکانم کەمتر بە ساردایی دەوێران تاکوو لەو چەند ساڵانەی دواییدا هەر لە تشرینی یەکەمەوە هەتا حوزێران ناوێرم خواردن و خواردنەوەی گەرم نەبێ بیخەمە زارمەوە... یەک جار بەر لە

چەندەها ساڵ پرسێکم بە د. جەمال ڕەشیدی برادەرم کرد کە متمانەم پێی هەیە گوتی، یا ئاڵوەکانت هەڵبقەنە یان خۆت لە ترشی و ساردی بپارێزە. لەوە بەولاوە بۆ ئەم زەدەییە پرسم بە کەس نەکردووە. هەر شتێکی کەمتر گەرم بێ لە خوێنم ناڕاحەتم دەکات تا دەگەمە حوزێران. دوعایەکی خێرم بۆ بەکەن هەرچەند قبوڵیش نەبێ‹٤٥›.

تێک چوونی دۆستایەتیی و هاوخەباتیی نێوان عەبدولکەریم و عەبدوسەلام لە زوێکەوە هەستی پێ کرا. من لەو دەمەڕا لە بەرەکەتی شۆڕشی تەمووز مەیلەو بێئومێد بووم... زۆری نەبرد عەبدوسەلام لێ خرا و گیرا و موحاکەمەش کرا و حوکمیش درا. هێرشەکانی ئیزاعەی قاهیرە، بە تایبەتی هی (صوت العرب)ی ئەحمەد سەعید بۆ سەر کەریم قاسم پتر یارمەتیی چەپەکانی دا بۆ دەورەدان لە کەریم. هەرچەند کەریم مەبەستە بنەڕەتیەکەی بەشداربوونیان لە وەزارەتی لێ نەسەلماندن دیسانەوە هەلی پەرەسەندنیان بۆ ڕێککەوت و هەلەکەشیان باش قۆستەوە. شۆڕشی شەواف کە لە ئاکامی کۆبوونەوەی ئاشتیخوازان لە مووسڵ تەقیەوە پتر ڕێ خۆشکەرەوە بوو بۆ دەست ئەستوور بوونی چەپ لە سەرانسەری عێراق، لە وڵاتی خۆشماندا قائد فرقەی کەرکووک داود جەنابی خۆی وەکوو چەپییەک ڕەفتاری دەکرد کە ئیتر چەپایەتی و حکومەت و شۆڕش لە کوردستان وەک یەک شت خۆیان دەنواند. پارتی لە چاو چەپ بەحاڵ دەست و پێیەکی دەبزاوت.

ئەو ڕۆژەی لیوا فوئاد عارف لە مانگێکی بەهاردا هاتە کۆیێ ئەگەر بارانە تۆفانییەکە بە لێشاوکەی خۆی خەڵقەکەی پەرت و بڵاو نەکردبایە لەوانە بوو پارتەکان قڕانیان بێت. لەو شوێنەی کە پێشتر بە دیار دەرکەوتنی مەوکیبی فوئاد عارف خەڵقەکە وەستابوو، چەپەکان دروشمی (خەیاتانی کوردستان)یان دڕاند، بە چاوی خۆم دیتم گەنجی ڕێکوپێکی چەپ دەستەو خەنجەر لە هاتوچۆدا بوون، یەکێکیان خەنجەرەکەی خستەوە کەلانەکەی و لێم بیست دەیگوت ئەمن خۆم لە بۆ قەسابیەکە حازر کردییە...

تۆ سەیری بەشەر بکە کەریم قاسمێک بە لەشکری عێراقەوە لە بەغدا ڕژێمی شایەتی برمێنێ، گەنجێکی کورد خەریک بێ هەڤاڵەکەی دوێنێی لەت لەت بکات. دەڵێن حوشترەوانەک لە تەرۆکی حوشترەکی ڕادەکێشا بۆ ئەوەی هەڵستێ حوشتریش دەیهۆڕاند، کابرایەکی خۆشناویش یەکەم جار بوو حوشتری دەدیت گوتی، تەق لەوێ سوڕێ لە کێی لێ دەدا لە کێ دەهۆڕێنی... (کێ: لە زاری بەری سۆران لە جێی کوێ بەکار دێت).

جارێ لە بەغدا بووم، دکتۆر ئیبراهیم کوببە لە ئاهەنگێکی شەوانەی سەفارەتێک جودای کردمەوە لە خەڵقەکە و دوای پێشەکیەک داوای لێ کردم دیراسەیەکی وەزعی فابریقەکانی جگەرەی بەغدای بۆ ئەنجام بدەم... من لە ڕێی برادەری شارەزاوە گەلاڵەی دیراسەیەکم کرد و لە دەفتەردا بۆم برد بەڵام دەرکەوت دیراسەی تێروتەسەلتری دەویست. دوای ئەمە هێندە نەمایەوە لە وەزارەتی ئابووری، کە ئەوسا تووتن بەوەوە بەسترابۆوە، بایی دیراسەی قووڵتر بکات. وا تێدەگەم دەیەویست ئەو فابریقانە تەئمیم بکات. وەک بزانم هۆی لادانی د.کوببە لە وەزارەتی ئابووری ئەوەبوو کە لە ئیتیفاقیەی ئابووری لەگەڵ ڕووسەکاندا دینار بە یازدە ڕۆبل داندرابوو... دواتر پاش لاچوونی د. کوببە دینار بوو بە ٢٨ ڕۆبل لە بازاڕی ڕەشیش بە پتر لە ٤٠ ڕۆبل بوو...

دوای ٩-١٠ مانگێک کە لە بەغدا مامەوە، گەڕامەوە کۆیێ، هەوەسی ئیقلیمگیری چەپڕۆیی ساوا ئەو نیمچە خوێندەوارانەی کوردی قوڕ بەسەری گرتبۆوە هەرچی تروسکەی هۆش و گۆشی ئادەمی هەیە نە تێیدا هەبوو نە تێی بڕ دەکرد.

تیژڕۆیی و پەرگیری و توندوتیژی لە حەد بەدەر کە لێی دەوەشایەوە بە ترووکەیەکی چاودا ئاگر هەڵایسێنێ وەهای کردبوو پیاو چاو بگلۆفێ بۆ ناسینەوەی ئەو خەڵقەی بەر لە تەمووز دۆست و ناسیاو و برادەر بوون. هۆش بەتاڵی ئەوتۆم دەدیتن وەکوو کەڵی یاخی خوێن لە چاوی دەتکا بە شەقامدا دەڕۆیشت و (لە سەریان دە کەریم لە سەریان دە)ی دەچڕی. بێ موناسەبە خەڵق دەکەوتە جرپ و جۆپان و چەپڵەڕێزان و هوتاف لێ دان و پاڵەوان پفی و بمرێ و برمێ هەر دەتگوت خەستەخانەی شێتانە و نەخۆشەکانی کەفەلوولکەی فێداری دەپژێن.

ئەوانەی لەو ڕۆژە ڕەشانەدا دڵ و دەروونیان ئاشکرا بوو ئەگەر دەسەڵاتیان کەوتبایە دەست کارێکیان بە وڵات دەکرد دە جاران وێرانکەتر و خوێنڕێژتر بێ لە مامە (پۆڵپۆت)ی کەمبۆچیە... لە پارتییەکانم دەبیست کە هەر بایی نێوچەوانی ئاژەڵی بەش خۆیان دەنواند، دەیانگوت بە ناچاری لە ڕیزی چەپڵەکوتاندا بە درێژایی چەندین سەعات چەپڵەمان لێ دەدا تاکوو یەکێکیان بە برادەرەکانی دەڵێ، ئەرێ بە ڕاست، دەبێ شێت نەبووبین و بە خۆمان نازانین؟ پەنا بە خوا بەرەی یەکگرتووش لەسەر کاغەز هەناسەی هەڵدێنا!

ڕۆژێک لە ڕۆژانی بەهاری ١٩٥٩ نوێنەری چەپ بە حکومەتی ڕاگەیاند کەوا مەسعوود محەمەد و کاکە سووری شێخ عێززوڵڵا و عەلی عەبدوڵڵا لە چنارۆکی مەلایان کۆبوونەتەوە لەگەڵ عەباسی مەمەنداغا پلانگێڕی دەکەن دژی سەلامەتیی شارەکە. حکومەت مەفرەزەیەکی پۆلیسی نارد بۆ چنارۆک، لە جادەی ناو شار تووشی کاکە سوور بوون دەشیانزانی من لە ماڵەوە هەر دەرناچم بەڵام دەبوو حەجەرولئەسوەدەکە هەر ماچ بکرێت. مەفرەزە چووە چنارۆک و کێشکەکوژی نەدیت. لە کۆبوونەوەی بەرەی یەکگرتوودا نوێنەری پارتی گلەیی ئەو ئیخبارییەی لە نوێنەری چەپ کرد کە چۆن ڕەوای دیت بوختانی وەها هەڵبەستێ؟ نوێنەری چەپ چەتری ناز و فیزی لێ دابوو، پڕ بەدەم گوتبووی بە شانازییەوە لەناوتان دەبەم!! وا نزیکی سی ساڵ بەسەر ئەو منداڵ بازاڕییە زێدە ناقۆڵایەدا تێپەڕی و هەزاران هەزار تەجرەبەی تاڵ و تفتمان خستە سەر ئەو تەجرەبە تاڵانە و ئنجا نابێ لە خۆمان بە سەهوو بچین. ئەشەدوبیللا خوێن گەرم و پەرگیرەکانمان لە هەر ڕێکخراوێک بن بایی سەری دەرزی بە لای هۆش و گۆشدا نەهاتوون، دەرفەتیان ببێ هەمان تاس و هەمان حەمام!!

کاکی خوێن گەرم لە ئەورووپاوە دەرسی تازە بابەتم فێر دەکات و دەڵێ، بورجوازییەت خەڵق دەکەم لە کوردستان و دەیرمێنم هەتا نەزەریەی چینایەتی بەڕاست بگەڕێ... ئەم تەرزە گومڕایانە نە بە دوعای چاک و پیر نە بە پەندی ڕووداو و نە بە ئامۆژگاریی گۆرباچۆڤیش لەوانە نین چاوی واقیع بین و بەرژەوەندویست لە دنیا هەڵێنن...

دوای بەهار هاوینە، گەیشتینەوە تەمووزی شەرمەزاری ١٩٥٩... هەندێ لەو کارەساتەی وەک

هینەکەی کەرکووک لە نمایشتەکانی ڕۆژی ١٤ی تەمووز کەوتەوە کە بەولای ڕەفتاری سەردەمی ئەشکەفت و دارستان بەرەو دڕی و بێرەحمی و کوێری و ئاژەڵییەوە ڕۆیی، بوو بە هەنجەتێکی زێدە لەبار بۆ کەریم قاسم کە با بداتەوە سەر دۆستەکانی و سەرشکێنیان بکات. هەتا بە خەیاڵی خۆی شەڕی قەومییەکانی پێ ئەنجام هێنان شریتی بۆ درێژ کردن، ئەم جار نۆرەی هەڵکردنەوەی شریتەکە هات. لەو ڕۆژانەدا موراجەعەیەکی نیقابەی فەلاحانم بوو، لەگەڵ سەرۆکی ئەو ڕێکخراوەدا هەندێک دووام. قسەیەکم ئەوە بوو کە بەربەرەکانییان لەگەڵ کەریم قاسم بە زەرەری خۆیان تەواو دەبێ. گوتی، ئەویش زەرەر دەکات. گوتم ئەو تاکێکە ئێوە بە لای خۆتانەوە بزووتنەوەیەکی مێژوویین ناشێ خۆتان بەو بگرن... لەسەری نەڕۆیشت.

لە پاشماوەی ئەدەبیاتی ئەو ڕۆژانەی ڕێکخراوی سیاسییان تێدا کەڵەکەی کردبوو، هی وەها نەخوێندوو هەبوو لەجیاتی کۆبوونەوە دەیگوت کۆربوونەوە. گوێم لێ بوو یەکێک لەجیاتی (مقر – مەقەڕ) دەیگوت (نەقەڕ) توومەز نوونی نیقابەی خستبووە شوێنی میمەکەوە... هەروا لە هەڵبەستراوی ئەو ڕۆژگارانە کە تا ڕادەیەک لەگەڵ کاڵ و کرچیی نەزانەکان ڕێک دەکەوت ئەوە بوو کە لە جیاتی (دیمقراطیة وسلام) فەلاحەکانی دزەیی دەیانگوت (دوو مەترەق و سێ زەلام). ئەمیان هەڵبەستراوە بەڵام وەک موبالەغەی شیعر بەتامە. کە خەڵقەکە پاش وشکایی هوتاف و دروشم و بڕمێ و بژی دەست بەتاڵ مایەوە، هەر فەلاحەکە خۆی ئەم پەندەی ڕێک خست:

بن دیوار و بن دیوار

وات لێ بکەم شەعبی پار

ئەم پەندەیان ڕاستەوخۆ لە پەندێکی گاڵتە ئامێزی کۆنەوە ئاوی خواردۆتەوە کە دەیگوت:

لە بن دیواران وەرە توور وەرە توور

مێردت پێ ناکەم ... دی مل ئەستوور

خوێنەر ئەم قسانەم لێ بە داوێوە نەکات بەوەدا کە قسەی لەوجەڕ و بێسوودن. لەوجەڕی و بێسوودی لە خۆ هێنان و بردن و چەقۆ تیژکردن و هاندانی یەکتر کوشتن و نەزۆک کردنی شۆڕش و پواندنەوەی گیانی پاکی کوردایەتیدا بوو. ئەگەر ڕەنجەڕۆیی کاری وێرانکەری ڕابوردوو لەبیر بکەین هەر ئەو وێرانکارییە دووبارە دەکەینەوە، خۆ لەگەڵ بیرکردنەوەی ڕابوردووشدا ترسی دووبارە و دەبارە گێل بوون هەر دەمێنێ!

کەریم قاسم ئیجازەی بە چەند حیزبێک دا. ئەو ڕۆژەی بەیان دەرچوو بە ئیجازە دانی حیزبەکان من لە کۆیە بووم. بە دیار ئاگری موغەیری ژوورێکی ماڵەوەمان کە شەوانە لەگەڵ خزمان تێیدا کۆدەبووینەوە دانیشتبووین، دۆڵ و زوڕنای ئیجازەدان بە حیزبەکەمان لە مەیدانی بەردەرکی سەرا دەکوترا، خۆشیی زیاتریش بۆ ئەندامە ئازاردیتوەکان لەوەدا بوو کە چەپەکان ئیجازەیان نەدرایێ. کەریم حیزبێکی کارتۆنی بە سکرتێرایەتیی داود سائیغ هەڵبەست و ئیجازەی پێدا.

خەڵق لەو حاڵەتەدا بوو، حیزبەکەمان هەڵپەرکێی دەکرد، من بەو کۆمەڵە خزم و برادەرەی لای خۆمم گوت، قوڕ بەسەر کورد بۆ ئەو ڕۆژەی نۆرەی هەڵپەرداوتن دەگاتە حیزبی ئێمە و سەرۆکەکەی. فەتحی

برای شیریم زاری بەش بۆوە، بە چاوی زەق دەرپەڕیوەوە گوتی، کاکە چما شتی وەها هەیە؟ گوتم بیستۆتە دەڵێن، سەری دوو بەران لە مەنجەڵێکدا جێی نابێتەوە، پێشتریش دیتبوومان عەبدوسەلام کە شۆڕشی سەرخست لەو مەنجەڵەدا جێی نەبۆوە. فەرقێکی گەورەش هەیە لە نێوان عەبدوسەلام و بزووتنەوەی کوردایەتی کە دەزانین کوردایەتی بە مەرسووم جمهوری ناپێچرێتەوە وەک کە تاکە کەس بە بڕیاری حاکمی عەسکەری بەلاوە دەندرێ وەیا تێدەبردرێ...

توندوتیژیی چەپەکان دوای بەدەنگ هاتنی کەریم قاسم لێیان بەرەو کەمبوونەوە چوو، بەلام هەستیشی پێ دەکرا. حیزبەکەی ئێمە ناوناوە خۆی لێ گیف دەکردەوە بەلام بەهۆی باوەڕی بەشێکی زۆر لە ڕابەران و لە ئەندامانی بە ئایدۆلۆجیای چەپ دەستی لێ نە دەوەشاندن. من خۆم لە کاتی هەڵستی چەپەکان گوێم لە ڕابەرێکی حزبەکەمان بوو دەیگوت، قەیدی چییە ئێمە ببینە (واجهە) بۆ ئەو حیزبە وەک کە لە دەوڵەتە شیوعیەکان حیزب هەن بوونەتە واجیهە، رووکار بوونمان بە ڕووکاریش ڕۆڵێکی مێژوویییە پێی هەڵدەستین بۆ نزیک خستنەوەی قۆناغی ڕزگار بوون لە چەوساندنەوە. هی دیکەی ڕابەر و قسە ڕۆیشتوو لە حیزب هەبوون قسەی لەمەش بێتەقیەتریان دەکرد.

ئەم شلەپەیتییە لە حیزبی ئێمەوە وەهای کرد عەشرەتەکان لێی بێئومێد بن. لە جێگایەکی وەکوو ڕانیە گاڵتەبازاڕی گەییشتە ڕادەیەک کەوا سەرۆک عەشرەتەکان لە ترسی سەکەندێکی گەراج کە خۆی سەپاندبوو بە سەرۆکی وەرزێران نەوێرن بێنە شار. من بۆ سەرۆک عەشیرەت داد و برۆ ناکەم بەلام دەشزانم نەخوێندەوارێکی بە عومری خۆی کەس ڕێزی لێ نەنابێت و خۆیشی بەتەما نەبووبێت لە هیچ شتێک تێ بخوێندرێتەوە ئا ئەم مەخلوقە کە دەسەلاتی گرتە دەست پەکی بە هیچ بەرژەوەندێک ناکەوێت (ناشزانێ بەرژەوەند چییە) و تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێنێ. خۆزی هەر نەبایە ئەم بێدادییە چاکەیەکی کوردی تێدا بایە کە دەزانم سەکەندەکە دوژمنی کوردایەتی بوو. بۆ تەسکینی دڵی ئەو کەسانەی کە لەم قسانەم وەتەنگ دێن با ئەوە بڵێم پاش چەند ساڵێک کە چەپ لێی قەوما پەنای بۆ ئەو سەرۆک عەشیرەتانە برد. چەندین پێشڕۆی چەپم دەدیت لە ماڵی (دەرەبەگەکان) حەوابوونەوە. بە کورتی، تیژڕۆیی و بێپەنایی وەهای لەو (براگەورانە) کرد بیرێک لە حاڵی خۆیان بکەنەوە.

لە لایەکەوە چەپ بۆیان تێدەکۆشێت، لە لایەکی دیکەشەوە بزووتنەوەی قەومایەتی لە ترسی چەپ ناوێرێ پارێزگارییان لێ بکات، حکومەتیش لێیان بێخەبەرە، ئەی چار چییە؟ من بەشێکی زۆرم لەو سەرۆکانە دەناسین، زوربەی هەرە زۆریان لە لایەن پێوەندی بەم و بەوەوە تەواو خاوێن بوون، لەوەندە نەبێ کە دەسەلاتێکی هەیانبوو بە لای چەپەوە ناڕەوا بوو، خۆ ئەگەر بووبانایە برادەری چەپ بێدەرزنوێژ دەچوونە بەهەشت و خراپەشیان بە چاکە حیساب دەکرا. من لە بەغدا بووم خەبەریان لێ گێرامەوە و چەند کەسێکی بەرچاویان هاتنە لام، خاڵەکانیشم لەگەڵیان بوون. بیروڕای منیان پرسی لەوەدا کە چ بکەن؟ دەڵێن هەر کەسە بە عەقڵی خۆی دەژیت منیش لە دوو کولانەی تێوەڕامانەوە سەیری مەسەلەکەم دەکرد.

یەکیان بەرژەوەندی کوردایەتی کە دەزانین هێزی ناو شارەکان بەو جۆرەی بووبووە مزاشی قەومایەتیی کەم و چینایەتیی ئەستوور پشتی پێ نەدەبەسترا ئەگەر خاوەن دەسەلاتەکانی عەشیرەتی

کورد نەیەنە جغزی سیاسەتەوە. باشترین و سەلامەتترین و پاکترین ڕێگەش بۆ بەشداری کردنیان لە سیاسەت ئەوە بوو بە دڵی خۆیان و بە باوەڕێکەوە بەشدار بن نەک حکومەتی کەریم قاسم بیانکرێت. خۆ ئەگەر قاسمیش نەیکرپیبانایە بێگانە دەیویست بیانکرێت. هەر لەو بەینانەدا بوو چەند سەد ئاغایەکی پژدەر لە غایەتی سەغڵەت بوونەوە دەستی شاخیان گرت و چوونە دیوی ئێران بەلام خۆیانیان نەفرۆشت. جەرەش هەر جارێک و دووان لە ڕێی کانی بە سەلامەتی دەگەڕێتەوە. پێشتر لەوان داود بەگی جاف، ڕەحمەتی لێ بێت، بە لوولەی تفەنگ خۆی و کۆمەڵەی خۆی لە نوختە تەفتیشی سەر ڕێگایان دەرباز کرد و بۆی دەرچوو لە غەریبیش سەری نایەوە. عەبدولکەریم شناسایی‌ی هەبوو لەگەڵ داود بەگ، لە دیتنێکدا پێی گوتبوو: زەعیم کەریم وا دیارە هەر دەوڵەمەندت پێ فەقیر دەکرێ، فەقیرت پێ دەوڵەمەند ناکرێ. بە هەمە حاڵ باوەڕم هەبوو (ئێستاش باوەڕی ئەوسام بەڕاست دەزانم بگرە ڕاستتریش) بەوەی عەشیرەت زەرەرمەند دەبێت لە گۆڕینی دەسەڵاتی سەرۆکەکەی بە دەسەڵاتی نەفامێکی خوێن گەرمی بێباک کە بەلایەوە فەرق نییە لە نێوان تێرکردنی خەڵق و کوشتنیان بە مەرجێک خزمەتی ئینجیلە سیاسییەکەی خۆی تێدا بێت ئنجا خواش دەزانێ مێشکی بەتاڵ کام شت بە خزمەت دەزانێ.

تا ئەو ڕۆژەی لە هێمنیدا حکومەتێکی بەرژەوەندبینی بێفێڵ کاروباری هەموو میللەت بە ئەستۆوە دەگرێ شێواندنی شیرازەی کۆمەڵایەتی هەر دەکێشێتەوە بۆ ماڵ کاولیی جەماهیر. واجیبی حیزبی پێشڕۆش ئەوەیە لەو بارانەدا خەڵقەکە بە تەبایی و دوور لە ئاژاوە بەڕێوە ببات بە تایبەتی لە حاڵی میللەتێکی وەکوو کوردی ئەوساکەدا کە چ ڕووناکیی لێوە دیار نەبوو ئاخۆ مافە نەتەوەیی‌یەکانی سەر بە چییەوە دەنێن.

بەرژەوەندی قەومایەتی نوێژ و ڕۆژوو نییە بە هەویای پاداشی پاش مەرگ بێت، هەروەها چاویش نابڕێتە بەرەکەتی ئەو بەهەشتەی سەر دنیا کە لە ئاکامی سەرکەوتنی شۆڕشی پرۆلیتاریای جیهانی دەڕازێتەوە. کە ئەو بەهەشتە مەوهوومە پەیدا بوو سەد جاران دیمانەی بەخێر بەلام بە تەمای نیسکێ لە ئیمان نەگەڕێ...

ئەوی دیکەیان بەرژەوەندی گوزەران و چارەسەرکردنی گیروگرفتی کۆمەڵایەتییە. من باوەڕم بە فەلسەفەیەک نەهێنابوو کە بە تێک بەردانی خەڵق و نانەوەی ئاژاوەی ناوخۆیی، مامە کوردە دەگاتە خۆشی و ئازادی. کورد ئەگەر هەمووی برا بایە بایی هەڵگرتنی ئەرکی مێژووکردی لایەنی قەومایەتی و کۆمەڵایەتی هێزی پێوە نەبوو. تێک بەر بوونی کورد هەر دەیکێشایەوە بۆ بەهێز کردنی ئەو سیاسەتەی کە گرووپی دەوروپشتی کەریم قاسم بەڕێوەی دەبرد، ئەوانیش بێگومان لە جیهانێکدا دەژیان زۆر بە غەمی چارەنووسی کوردەوە نەبوو. من چاوەنۆڕ بووم ئەگەر سەرۆک عەشیرەتەکان ئەوەندە هۆشەیان بپژێت کە ڕێگەی کۆبوونەوە و هاریکارییان پێ بگیرێت بۆ بەرژەوەند پاراستن و خۆ بە حکومەت ناساندن، ئاسانتر دەچنە باری هەڵوەستێکەوە کە لەگەڵ گیانی سەردەم ئاشناتر بێت تا ئەوەی هەر یەکەیان تەنها پەلەکوتکەی هەوڵی ژیان بدات. تا ئەودەمەی کە سەرۆکەکان هاتنە لام لە بەغدا دە ساڵێک هەبوو من بێ هەرا و نەفەسسواری خەریک بووم بۆ پێک هێنانی جۆرێک لێک حاڵی بوون و ئاشنایی لە

نێوان ئەو سەرۆک عەشیرەت و براگەورە شارستانیانەی بە لای کوردایەتیدا دەهاتنەوە بەڵام چونکە بەر لە شۆڕش هەستی هەڕەشەیەکی بەرچاویان نەدەکرد هەوڵەکەم نەزۆک بوو. هاتنیان بۆ لای من و پرس کردنیان بە من لەو ڕۆژە تەلەزگە بەستوەدا هەلێکی گەورە بوو هی لە دەست دان نەبوو. بە وردی لەگەڵیان دوام و گەلێک ئەم دیو ئەو دیومان بە چەند و چۆنی حاڵ و باری زەرفەکە کرد تا گەییشتینە قەناعەت هێنان بەوەی چەندێکی مومکین دەبێ لە کۆکردنەوەی سەرۆک عەشیرەتی کورد بۆ هاتنە بەغدا و ڕاگەیاندنی داخوازییەکانیان بە حکومەت هەوڵی بۆ بدرێت و لە شێوەی بێلایەنی لە ئاست حیزبەکان موراجەعەی زەعیم بکرێت...

دوای ئەم پرس و ڕاوێژە سەرپەرشتیکەرانی بیروڕایەکە ژمارەیەکی زۆریان لە براگەورە و سەرۆک عەشیرەتەکان لە بەغدا کۆکردەوە. ڕاستییەکەی چالاکیی شێخ حسێنی حاجی سەید گوڵ و عەباسی مامەنداغا و هاوڕێکانیان لە گروپی دەوروبەری ڕانیە و پژدەر وەک ئەنوەری ڕەشید بەگ و سمایلی سواراغا داینەمۆی کارەکە بوو. ژوورەکەی من لە ئۆتێلی تروکادیرۆ بووبووە ژووری عەمەلیاتی عەسکەری. هەر لەو ژوورە و بە خەت و ئینشای منیش عەریزەیەکی شکل مەزبەتەیی بۆ زەعیم نووسرا دەقەکەیم لا نییە بەڵام سکاڵای تەواوی ئەو سەرۆکانە و خەڵقەکەی سەربەخۆیانی تێدا بوو لە لایەن نالەباریی وەزعیان و دەست درێژییەکی لێیان کراوە و دەکرێت و تێنەخوێندنەوەیان لە لایەن حکومەت و ناتەواویی باری ئەمنیەتیان و ئەو جۆرە داد و بڕۆیانە، لە ناو وتوێژیشدا داخوازی ڕێ دانیان بە شێوەی ڕەسمی بۆ پێک هێنانی ڕێخراوێکی تایبەت بە خۆیانی تێچێن کرا کە بە تەواوی سەربەخۆیی کارەکەیانی ڕادەگەیاند.

جەریدەی (اتحاد الشعب) بە توندی لە دژی ئەم چالاکییەی نووسی. بۆ ڕۆژی دواتر ڕۆژنامەی حیزبەکەی خۆشمان بە چاولێکەری لە (اتحاد الشعب) بە سەروپۆتەراکی خەڵقەکەدا هاتە خوارێ. کۆمەڵەی سەرۆکەکان عەریزەکەیان گەیاندە وەزارەتی دیفاع، داواشیان کرد بچن بۆ لای زەعیم. عەبدولکەریم لەبەر هۆیەکی کە لێمەوە دیارنییە نەیسەلماند بە کۆمەڵ بچنە لای بەڵام کەمالی عوسماناغای ڕاسپارد کە ئیقناعی قسە ڕۆیشتوەکانیان بکات یەک یەک بیانبینێت. ئەم قسانە لە ژوورەکەی من بە شێخ حسێن و کەسانی دیکەش ڕاگەیەندرا بەڵام تاکێکی نەیسەلماند بە تەنها سەردانی زەعیم بکات. کەمال زۆر خەریک بوو بەڵام تەنها سددیقی میرانی قادر بەگ قسەکەی هەڵگرتەوە و چوو بۆ لای زەعیم. دواتر سددیق بەگ، کە دۆستم بوو باوەڕیشی بە ئەمانەتم دەکرد، پاتەوپات پێمی گوت کە خۆی بە عەیبدار دەزانێ بەڵام مەرحەبای کەریم قاسم ئەوەندە بە پیت و بەرەکەتە هی هەڵنەگرتنەوە نییە.

ئەم جۆش و خرۆشەی سەرۆک عەشیرەتەکان هەرچەندە لە ڕواڵەتدا سەری بە هیچەوە نەنا بەڵام بە نهێنی و لە ژێر پەردەوە لایەنە سیاسیەکانی بە خۆیەوە خەریک کرد، تەنانەت وەک بۆت باس دەکەم، عەبدولکەریمیش خانەیەکی لە حیساباتی خۆیدا بۆ کردنەوە بەڵام جارێ نەختێکی ماوە بگەمە ئەم خاڵەیان.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ بووم بە مدیر ئیدارەی (شركة المواد البنائية) کە بە ئەسڵ هی کۆمەڵێک لە زلزلەکانی سەردەمی پێش تەمووز بوو، ڕەشید عارف (مدير مفوض)ی کۆنی هەر لە شوێنی خۆیدا

مابۆوە ئەویش بوو منی پەسەند کرد بۆ کارگێڕی شەریکەکە. کێشەی بێسەروبەری دەمی تێک هەڵدایی ساڵی پێشووتر تەگەرەی ناقۆڵا و بێلزوومی دەخستە کاروبارییەوە. کەسانێک لەوانەی پێیان دەگوترێ (agitator – مشیرون – ورووژێن) مابوون لە نێو عەمەلەکان، هەر ڕۆژە تووشی کاری وەهایان دەکردن نە بەرژەوەندی تێدا بێت و نە ئینساف. بە قانوون هیچیان لەگەڵ نەدەکرا، مانەوەشیان بێ دەنگ دان و ترساندنێک دەبووە مایەی شکستی شەریکەکە. لە نموونە وێرانکاری ئەمەت بۆ دەگێڕمەوە:

کارگەی خشتی فەننی کە نێرتکی ئیشی شەریکە بوو، هەر شەو بەهۆی (مجففات – وشکێنەر)ەوە کە بە کارەبا دەگەڕا دەوری سەد هەزار خشتی بەرهەم دەهێنا کە ئەوسا بە ٨٠٠–٩٠٠ دینارێک دەفرۆشرا. کژی زستانە ئەو کرێکارەی بە پاسەوانی لە لای (مجففات) دەمایەوە سۆبەی نەوتی بۆ هەڵدەکرا، پارەی زیادیشی دەدرایە لە بری ئێشک کێشان. کەچی ئەو پاسەوانە لە ڕێی هاندانەوە شەوێ دەرگەی (مجففات)ی دەکردەوە هەتا باشتر خۆی پێ گەرم بکاتەوە بەمەشدا سەد هەزار خشت دەچرژا و بۆ بەیانی فڕێ دەدرایە سەر خشتی کەلوکڵۆمەوە. بەو پێیە خۆ گەرم کردنەوەیەکی بێلزووم لە لایەن عەمەلەیەکی بە ئەمیندار حیساب کراوەوە بە ٩٠٠ دینار دەوەستا لەسەر شەریکە. ڕەشید عارف دەستی بەسترابوو، قانوون ڕێی هیچ چارەسەرکردنێکی بۆ کارگوزاری شەریکە نەهێشتبۆوە. گوتی هەر وەزیری بەرپرسی ئەو جۆرە گیروگرفتارنە دەتوانێ دەسەڵاتمان پێ بدات... چوومە لای (عبدالوهاب أمين) کە وەزیری وەزارەتێک بوو ئێستا ناوی وەزارەتەکەم لەبیر نەماوە، سەرپەرشتی کاروباری کارگە و عەمەلە... و... و... ی دەکرد. پێشتر نەمدیتبوو بەڵام وەها پێ دەچوو دەیناسیم. زۆری بەخێرهێنام و بەرەسمی دەسەڵاتی بێسنووری دایە کارگێڕی شەریکە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتێکی هەبێت. مەکی جەمیل کە لە ئالقەیەکی پێشووتر بە مدیر عامی تەسویەم باس کرد، وەکیل وەزارەت بوو لای عەبدولوەهاب ئەمین، دیاربوو ساڵی پێشوو زۆری لە دەست فەراشی ژوورەکەی چێشتبوو. هەرچەند کە دەهاتە ژوورەکە، مەکی نەختەک بە توندی دەیدواند بەڵام کە دەردەچوو ئنجا لێوی دەکرۆشت، تومەز ترسێکی مابوو لەوەی جارێکی دیکەش بە دەسەڵات بێتەوە.

عەمەلەکان کە زانییان حکومەت دەسەڵاتی داوە بە (مدیر مفوض) بۆ تۆژینەوە و سزادان کەوتنە مێچکە و پاڕانەوە. هاندەرەکان ئەوەندە خویڕوو دەرچوون بێزت لێیان ببێتەوە. من کە لەو بارە شەرم هێنەوەم دیتنەوە بە دڵ لەعنەتم لە پاڵەوان پفییەک کرد کە وەکوو دەبدەبەی منداڵ بە نووکێکی دەرزی فش دەبێتەوە. ڕەشید زۆریان لێ داغدار بوو، حەقیشی بوو، گوێی نەدایە ڕجای منیش کە ویستم چانسێکیان پێ بدات...

لە بەرەو کۆتاییی بەهاری ١٩٦٠ (د. عبدالرزاق محيى الدين) لە جەریدەی (الحرية)ی (قاسم حمودي) گوتارێکی بلاوکردەوە ڕووی وتووێژی لە کوردی قەومی بوو، زۆریش پیاوانە و ئینساف کارانەی نووسیبوو لە بارەی کوردەوە. کەسانێک لە کوردان دەنگێکیان دایەوە بەڵام بایی مەبەستی نەدەکرد.

من گوتارێکم نووسی بەهێز و پێز و بە عەرەبیەکی وەها دەشێ بە بابەتێکی بێسابیقە بژمێردرێ. پازدە ڕۆژ ئەو گوتارەم لا مایەوە، هەندێک لە ڕابەرە زلەکانی حیزبەکەمان ئاگادار بوون لە نووسینی، ڕەنگە سەرێکیشیان بە پێشەکیانیدا گرتبێت. من نە قاسم حەمودی نە عەبدوڕڕەزاق موحیدین، هیچ

کامێکیانم نەدیتبوو چ جایی بیانناسم. پاش ئەو پازدە ڕۆژە بە دوو جار هەوڵ دان ئنجا جێگەی جەریدەی (الثورة)یان دۆزیەوە و گوتارەکەیان بۆ برد.

لەو گوتارەدا کۆمەڵێک قسەی گرنگی سەر بە کوردایەتی و مافی نەتەوایەتی هەبوو بەڵام ڕەخنەیەکی ڕاست و دروستی تێدا بوو بەرانبەر خەتی مارکسایەتی کە لە ڕابەرایەتیی حیزبەکەدا هەبوو. گوتارەکە بە دوو ئاڵقە لە ڕۆژانی دە و یازدەی تەمووز لە (الحرية)دا بڵاوکرایەوە. لە هەوەڵەوە چەند ڕۆژەک بە بێدەنگی بەسەر گوتارەکەدا تێپەڕی، بەڵام زۆری نەبرد ڕۆژنامەی حیزب هەڵڕژا بە هێرشی سەیر و سەمەرە بۆ سەر من و عەبدوڕڕەزاق و ڕۆژنامەی (الحرية). پێی ناوێ برینان بکولێنمەوە، ئەوەندە دەڵێم ئەگەر دوارۆژم وەکوو ئەستێرەناس بخوێندبایەوە نووسینی توندوتیژترم بەکاردەهێنا.

لە کوشندەی ئاڵۆزانی نێوان حیزب و مندا جەریدەی حیزب بە تۆمەتی هەوڵ دان بۆ نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی کە لە گوتارێکی بەدی کرابوو درایە عورفیی دووەم. مەحکەمەی عورفی، سێ خەبیری هەڵبژارد: عەبدوڕڕەزاق موحیددین و مستەفا جەواد و مەسعوود محەمەد... سەرۆکی عورفی کە هەرگیز نەمدیتبوو تەلەفۆنی بۆ کردم، دوای موجامەلە لێی داوا کردم کە ئەو خەبیرییە ڕەفز نەکەم پێم گوت من ئۆتۆمۆبیلم نییە ناگەمە مەحکەمەتان. کابرا، ماڵی ئاوابێ، بەیانییەکەی ڕۆژی موحاکەمە خۆی هاتە شەریکەی مەواددی بینائی و منی گەیاندە شوێنی لێ کۆبوونەوە. دەبێ بڵێم کە دیتمی سەیری هاتەوە چونکە دوای خوێندنەوەی نووسینە بەهێز و پێزەکەی من کە لە (الحرية) بڵاوکرابۆوە بە تەما بوو پیرەمێردێکی سمێڵ سپیی دووکەڵاوی ببینێت کە قاڵ بووبێتەوە لە کتێبە پەڕزەردەکانی صرف و نحوی زەمانی قالوبەلایێ. پێم گەیشتەوە کە مام جەلال لە ڕۆژنامەاندا دانانی من و عەبدوڕڕەزاق موحیددینی بە خەبیر خۆێندبۆوە گوتبووی جەریدەکەمان سەلامەت دەرچوو...

لە کۆبوونەوەدا کە د. عەبدوڕڕەزاق بە بەهانەی پیاسە نەختێکی دوور خستمەوە و گوتی د. مستەفا جەواد چی من و تۆ پەسەندی بکەین پێ ڕازییە چونکە تێکەڵ بە بێنە و بەرەی سیاسەت و تێک چوونی نێوان حکومەت و حیزبەکان نەبووە... هەروا بەدەم قسەکانەوە و لەوپەڕی خاوێنییەوە گوتی خۆت دەزانی من بیروڕام بەرانبەر حکومەتی عەبدولکەریم چییە و چۆنە، بەڵام مەسەلەی خەبیری ئەمانەتە... ڕاستییەکەی من قسەم پێ بڕیەوە و گوتم، فلان، ئەو خەڵقەی چاوی بڕیوەتە بڕیاری ئێمە بە تەما نییە لە ڕێی فەلسەفەی ڕووتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵوەستمان بچێت. کە هاتین بڕیاری تاوانبار کردنی جەریدەمان دا یەکسەر و بێ دوودڵی دەڵێن ئەم دوو کەسە (واتە عەبدوڕڕەزاق و من) تۆڵەی خۆیان لە جەریدە دەستێننەوە و حکومەتیشی پێ ڕازی دەکەن... دەرحاڵ قسەکانی چووە دڵەوە. بڕیارمان بریتی بوو لە دوو دێڕی کورت بە پەڕاندنەوەی جەریدە لە تۆمەت.

پێشتر چەند جارێک لەگەڵ د. عەبدوڕڕەزاقدا دیدەنیمان لە یەکدی کردبوو. دوای دەرچوونی گوتاری ئەو و هی من و شریتەی گوتاران لەو و لە من و لە خەڵقی دیکەشەوە. د. عەبدوڕڕەزاق هاتە سەردانم لە ئۆتێل. مەرحووم تاهیر دەباغ بە شارەزایی لەگەڵیدا هات. د. عەبدوڕڕەزاقیش وەکوو سەرۆکی عورفی لە هەندێ باری سەقافیمەوە بە سەهوو چوو بوو. دوای خۆشامەدی و چۆنی و چاکی گوتی وا پێ دەچێ لە شێوازی عەبدولقاهری جرجانی شارەزا بیت. گوتم باوەڕت هەبێت لە ناوەکەی نەبێ شارەزای هیچ

شتێکی نیم. بەملا و بەولادا قسە ڕۆییشت هەتا هاتە سەر هێندی کە بلێ، قورئانت بە چاکی هەزم کردووە. گوتم ڕەنگە ڕاست بێ کە خەتمم نەکردووە. دوای قسەی ئەوتۆیی پێم گوت، لێم بە سەهوو مەچۆ، من پتر تێفکریوم لەوەی خوێندبێتمەوە ڕەنگە نەزانم حوکمی (حتى) لە ئیعرابدا چییە... - ئێستاش باشی نازانم.

دوای سێ ساڵ کە لە ئاهەنگەکانی وتووێژی سەر بە (لامەرکەزی) نیوەڕۆیەک لە ئۆتێلی (بەغدا) داوەت کراوی فوئاد عارف بووین، پیاوێک هاتە سالۆنی داوەتەکە و من نەمدەناسی هەتا بە یەکتریان ناساندین کە من مەسعوود محەمەد و ئەو (قاسم حمودي) خاوەن ڕۆژنامەی (الحرية)یە، ئەندامە هەرە چالاکەکەی کۆنە حیزبەکەم چاوی کرایەوە و گوتی، بۆچی ئێوە یەکترتان نەدیتوە؟ ئەمەی پرسی چونکە لەو نووسینانەی ١٩٦٠ کە هێرشی دەهێنامە سەرێ وەهای دادەبڕی کە لەگەڵ د. عەبدورڕەزاق و خاوەنی (الحرية)دا پلانگێڕی دژی کوردایەتی و عەرەبایەتی و هەموو شتەکایەتیەک دەکەین... ئەمانە هەموو بوونە خەون و وڕێنە، ئێمە کوڕی ئەم ڕۆژەی ١٩٨٨/٢/٢٥ین کە ئەم دێرانەی تێدا دەنووسم.

وەزیفەکەم لە شەریکە دە مانگی دەوام کرد. لەو بەینانەدا و کە چووشمەوە کۆیێ لە کەلکەلەی شتێکدا بووم. پاش ئەوەی عەبدولکەریم قبوولی نەکرد سەرەک عەشیرەتەکان بە کۆمەڵ ببینێ هەر یەکە گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی و تێکڕا کەوتنەوە سەرباری گوزەرانی ڕۆژانە بەڵام گرووپی براگەورەکانی دەوری ڕانیە و پژدەر پێوەندی خۆیان بە حکومەتەوە بڕی و سەردانی هیچ کاربەدەستی حکومەتیان نەدەکرد تەنانەت سەریان بە سەرای حکومەتدا نەدەگرد. ئەم وەزعەیان بەردەوام بوو.

من لە گۆشە نیگای خۆمەوە بە دڵی نائارامەوە سەیری ئەو هەڵوەستم دەکرد. موقاتەعەی حکومەت دەبێتە موقاتەعەی بەرژەوەندی گوزەران کە دەکێشیتەوە بۆ بێهێزی و بێدەسەڵاتی. جارێکیان هەوڵێک درابوو بۆ ئاشت بوونەوە. موتەسەڕریفی سلێمانی چووبوە ڕانیە و پژدەر بەو نیازەی ڕێی هاتوچۆی سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ حکومەت بکاتەوە کە ئەوان بێنە بەخێرهێنانی ئەویش بچێتە دیوەخانەکانیان بەڵام هەوڵەکە بێبەر بوو، لەبیریشم نەماوە هۆی نەزۆکییەکە چی بوو.

بە نیازی دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ ئاشتی چوومە ڕانیە، لەگەڵ هەموو براگەورەکان، چەند شەوان لە ماڵی شێخ حسێن و عەباساغا و وابزانم سمایلی سواراغا بە بەشداریی پژدەر و ئەنوەری ڕەشید بەگ و خاڵەکانی دیکەم، مەسەلەمان بە هەموو باردا تاقی کردەوە. شەوی دوایین لە ماڵی عەباساغا بووین خۆمان لە قەڵەباڵغی دابڕی و دوای وتووێژی تێروتەسەل بڕیارمان لەسەر هێندێ دا کە من گەڕامەوە کۆیێ بچم بۆ سلێمانی، لەوێوە بە ڕەفاقەتی موتەسەڕریف (باقر الدجيلي) کە برادەرم بوو بێینە ڕانیە، ئیتر لە دایەرەی قایمقامی ڕانیە و قەڵادزە سەرۆک و براگەورەکان بێنە لای بۆ بەخێرهێنانی ئەویش بچێتەوە لایان بۆ سەر داوەت بێ وەیا سەردانی عادەتی بێ.

سبەینێ بەینێک لە ڕانیە مامەوە پاش عەسر لەگەڵ شێخ حسێن چووینەوە بۆسکێن دەبینم کەمالی عوسماناغا و (مقدم يوسف النقيب ضابط استخبارات)ی سلێمانی چاوەنۆڕیم دەکەن. کەمال گوتی دنیا نەما لێت نەگەڕێین، لە کۆیە و کەرکووک و سلێمانی و هەولێر بێئومێد بووین ئنجا هاتین بۆ ڕانیە... زەعیم

ئێمەی بە دواتدا ناردوە بچیتە لای بۆ بەغدا. هەتا زووتریش بچیت پێی خۆشتر دەبێت. گوتم من بەڵێنێکم بەو خەڵقە داوە، ئێستا کە بار بگۆڕێت دەبێ خەبەریان بدەمێ.

بێگومان موشکیلەی ئەو براگەورانە هەر بە جارێ دەڕەوێتەوە کە عەبدولکەریم ئەو دەرگایەی دۆستایەتی بکاتەوە. دەمزانی مەقالەکانم لە (الحرية) کاری تێکردبوو، کە جەریدەی حیزبیش درایە عورفی و منی تێدا بە خەبیر داندرام هەر لەوەوە بوو نەک عورفی خودبەسەر وەهای کردبێ. تەنانەت کەسانێکی لە چەرخ و دۆلابی سیاسەت شارەزا بوون ئەو مەسەلەیان ناو لێنا (ضربة معلم) لە عەبدولکەریمەوە کە چارەنووسی جەریدە بدرێتە کەسێک لە ڕواڵەتدا هەرە دوژمنیەتی... ئەمەم دەزانی و دەشیا بایی ئەوە بکات وەکوو تاکێکی نەختێک لێ هاتوو نزیک خۆیم بخاتەوە، بەڵام لێم سوور بوو کۆبوونەوەی عەشایر لە بەغدا و پرس کردنیان بە من و عەریزە ڕێک خستن و ئیمزاکردنی لە ژووری ئۆتێلی من ئامانجێکی فرەوانتری لە جغزی تاکە کەس دەهێنایە نەزەرەوە...

ئەو شەوە دروستاییمان کرد کە سبەینێ زووبەزوو خەبەر بچێ بۆ سمایلاغای سواراغا و ئەنوەر بەگ وکەسانی دیکەش کە دەنگمان بیان گاتێ نیوەڕۆ بێنەوە سەرکەپکان بۆ ئاگادار بوون... سبەینێ دوای چێشتان لەگەڵ خاڵ خدرم و شێخ حسێن و کەمالی عوسماناغا و یوسف ئەلنەقیب چووینەوە سەرکەپکان. عەباساغا خەبەری نەبوو چونکە من لزوموم نەدیت، لە وەزعیشیم ڕادەدیت هەر قەڵەباڵغیەکی کتوپڕ مێوانی بێ دانامێنێ. ڕەنگە ئەو نیوەڕۆژە ئێمە و سەرۆکەکان و مێوانی دێکەش کە هەبوون دەوری سەد کەسێک دەبووین. لە جەماعەتم گەیاند کە من دەبێ بچمە بەغدا لەسەر خوایشتی زەعیم ئیتر جارێ چوونم بۆ سلێمانی بێلزوومە. دوای دیدەنی زەعیمیش دێمەوە لایان. شەوێکی دیکەش لە بۆسکێن ماینەوە، سبەینێ من بۆ کۆیە و کەمال و یوسفیش بەرەو سلێمانی دوعاخوازیمان کرد.

کەمالی عوسماناغا مەحرەمێکی هەرە نزیکی عەبدولکەریم بوو. لە دەرفەتێکدا بەر لە دوو ساڵێک خۆی گەیاندبوویێ و ئەگەر ڕاست ئەگەر درۆ چەند بەڵگەیەکی وەکوو پارەی بێگانە و دروشمی سەر بە سیاسەت و شتی ئەوتۆیی لەگەڵ خۆی بردبوو گۆیا دەوڵەتێکی بێگانە شتەکانی داوەتێ بۆ نانەوەی ئاژاوە و (شۆڕش!). کەمال بەو هۆیەوە بووە چاوساغی عەبدولکەریم لەو شتانەی سەر بە کوردن. وەک بیستم لە کەسانی باوەڕپێکراوەوە، برایم ئەحمەد یارمەتیی کەمالی دا بۆ چوونە لای عەبدولکەریم. یوسف ئەلنەقیب کە پێشتر دیتبووم لە بنەماڵەی نەقیبی مەندەلی بوو. برا گەورەکەی، عیززەددین ئەلنەقیب کە هەمیشە بە نایبی مەندەلی دەردەچوو، لەگەڵ ئەویش شناساییم هەبوو. لە کۆنەوە حکومەتی بەغدا و بەر لەو زووتریش عوسمانلییەکان حورمەتی ئەو بنەماڵەیەیان گرتوە. یوسف مەردایەتیی تێدا بوو، حەزی بە چاکە دەکرد و هەرگیز بە لای گوماناوی کردنی خەڵقدا نەدەچوو بە پێچەوانەوە ئەوەندەی زانیبێتم یارمەتیی خەڵقی داوە. نازانم سەرەنجامی بە چی گەییشت.

لەو دەمانەدا کە من خەریکی وتووێژی بەرژەوەند بووم لەگەڵ سەرۆک عەشرەتەکان بەینۆڵکێک بوو عەبدولکەریم ساردایی لەگەڵ حیزبەکەماندا پەیدا کردبوو. پێشبینییەکەی ڕۆژی دەهۆڵ کوتانی ئیجازەی حیزب خێراتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا گەییشتە جێ.

لە کۆیێ هەر بایی خۆ سازدان وەخرام. کە گەییشتمە بەغدا دوو سێ ڕۆژی خایاند هەتا مەوعیدم بۆ

دیاری کرا لەگەڵ زەعیم. لە وەزارەتی دیفاعەوە، مورافیقی زەعیم، (حافظ علوان) تەلەفۆنی بۆ کردم کە شەوێ سەعات دە و نیو چاوەنۆڕم دەکات.

ئاڵقەی سێزدەیەم

ناتوانم بڵێم ئەو ڕۆژەی کە بۆ شەوێ دەبوو بچمە لای عەبدولکەریم قاسم لە وەزارەتی دیفاع ڕۆژی چ مانگێک بوو، هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم کە لە زستانی نێوان ١٩٦٠ و ١٩٦١ دا بوو. ئەگەر مەبەست بێت وردتر ببمەوە لە دیاری کردنی دەوروبەری ڕۆژەکە دەڵێم چەند ڕۆژێک مابوو بگەینە ڕەمەزانی ئەو ساڵە ئیتر دەشێ بە خوێندنەوەی تەقویمی ڕەمەزانی ئەو زستانە ژووانەکە بخرێتە حەفتەی پێش ڕەمەزان.

سەعات دە و نیوی ئەو شەوە گەییشتمە ژووری (حافظ علوان) گەنجێکی قۆزی ڕووخۆشی، هەتا بڵێی بە ئەدەب، دواتریش لە وتووێژدا ڕاستگۆشم هاتە بەرچاو، بەگەرمی بەخێری هێنام... کەمال و هی دیکەش لەوێ بوون. زەعیم چووبووە داوەتێک دەبوو چاوەنۆڕی لێ بکەین. هەر لەو کاتی چاوەڕوانیدا بوو قسەی ڕێککەوتنی عەبدوسەلام و برایم ئەحمەد لەسەر کەرت کردنی عێراق کە لە ئاڵقەی پێشووتری ئەم گەشتە باس کرا هاتە پێش و من بە درۆم خستەوە. دواتر کەمال گوتی زۆرم پێ خۆش بوو ئەو شایەدییە باشەت لە ناحەزی خۆت دا... ڕاستیشی دەکرد چونکە هەر نیازێکی لە دڵدا هەبوویێت ئەوەندە بەسە بۆ ڕاست کردنی کە خۆی لە ڕێی هەمان ئەندامەوە بە عەبدولکەریم گەییشتبوو، بە عەبدولکەریم گەییشتنیشی لە ڕۆژێکدا بوو جیرانی ئەو ڕۆژە بوو کە ڕێککەوتنە مەوهومەکەی تێدا گەڵاڵە کرابوو.

عەبدولکەریم نزیکی سەعات ١٢ هاتەوە دیفاع، لە ١٢ی ڕێک چووم بۆ لای. لەو ڕۆژەی لای عەبدوسەلام، بەر لە سێ ساڵ و نیو لە نزیکەوەم دیتبوو، چاوم پێی نەکەوتبۆوە. بە عادەتی هەموو دیتنێکی ئەوتۆیی لە پێشەوە خۆشامەدی و ئەحواڵ پرسی و موجامەلە و چایە و شیر و قاوەی مێوان نەوازی بەڕێ کرا. وتووێژمان هەتا سەعات چواری بەیانیی خایاند.

بە گەلێک لادا قسە شریتەی هاویشت بەڵام بەر لە هەموو شتێک سەردانەکەی ڕانیەمم کردە دەرگای بە عەرز گەیاندنی ئاواتی سەربەرزی و تەنسازی و کامەرانی لەو سەرۆک عەشیرەت و برا گەورانەوە بۆ شەخسی عەبدولکەریم کە وێنەی بەختەی خۆی ئیمزاکراوی لە دیوەخانەی هەموویاندا ئاشکرا و شکۆدارە، ئەویش بە گەرمی لێی پرسین و ئەگەر پێداویستێک هەبێ هەتا بۆیان جێبەجێ بکرێت، لە وەڵامدا گوتمەوە ئەوان خۆیان بە وەکیلی زەعیم دەزانن، دیوەخانەکانیشیان کە هەمیشە بە عادەتی سەدەها ساڵ پڕە لە مێوان و خاوەن حاجەت هەر درێژەی ئەو شوێنەیە کە سفرە و خوانی زەعیمی لێیە... ئا لەم بابەتە قسە چەور و شیرنانەم بەپێی مەسڵەحەت بەکارهێنا بۆ ئەوەی بگەمە قسەیەکی بنەڕەتی کە گوتم، هەر ساتێکیش زەعیم کاتی لە مەشغەڵەت زیادی چنگ کەوت ئەو دڵسۆزانەی بە هەویان بێنە بەغدا و نانێکی عەشیرەتانە لەسەر سفرەی زەعیم بخۆن. گوتی هەر وەختێک پەرژان و لێیان خۆش هات بەخێر بێن وەک کە بچنە لای برای خۆیان.

من ئەم سەرەتایەم لای زەعیم زۆر بە مەحکەمی داڕشت بەڵام داخم ناچێ کورت بینی و دڵە سورکێ و حیسابی لاوەکیی بێئەساس لە هەندێ کەسی ناوچەکەی خۆمانەوە لەمپەری هێنایە پێش ئەم بەرژەوەندە گەورەیە وەک کە نەختێکی دیکە بۆتی باس دەکەم.

یەکەم مەوزووعی گشتی سەر بە کوردستانەکەی خۆمان ئەو تەعدیلەی قانوونی تەسویە بوو کە چەند

مانگێک لەمەوبەر دەرچووبوو یەک بستی زەوی بە کەس نەدەدا ئەگەر سەنەدی تاپۆی خاقانی نەبێت. من بە توندی و پڕ بە دڵ ئەو تەعدیلەم تاوانبار کرد، لە ماوەی نزیکی سەعاتێکیش کە باسەکە درێژەی کێشا سوور بووم لەسەر ڕایەکەم. لە زۆر لاوە بۆ ناپەسەندیی ئەو تەعدیلە و گەلێک باری دیکەی قانوونی سەر بە کشتوکاڵ چووم هەتا بەدەم قسانەوە بۆم گێڕایەوە کە لەو بەینانەدا لە ناوچەی سەنگەسەری سەر بە قەزای ڕانیە مەفرەزەیەک پۆلیس دەچێ بۆ ئەوەی بڕیاری تەسویە لە بارەی موقاتەعەیەکەوە بۆ هەندێ فەلاحی ناوچەکە تەنفیز بکات، مەفرەزەیەکی دیکەش بۆ تەنفیزی بڕیاری ئیسلاحی زەراعی لە بارەی هەمان موقاتەعەوە بە چاکەی چەند فەلاحێکی دیکە لە هەمان ڕۆژدا دەڕوات. دوو کۆمەڵە لێک جوداکەی فەلاحان پێک وەربوون ٣-٤ کەسیان لە یەکتر کوشت. لە بارەی تەعدیلەکەوە گوتم (سيادة الزعيم)، هەرچی زەویی بە پیت و بەرەکەت و پانوپۆڕ و بێکۆسپ هەبوو لە سەروو، لە ناوەڕاست، لە جنووبی عێراق تەسویەی تەواو بووبوو بەر لە شۆڕش، خاوەنەکانیان هەزار دۆنم ئاویە وەیا دوو هەزار دۆنمی دێمەکاریان وەرگرت، مایەوە ئەو ناو شاخ و داخەی کوردستان کەوا هەم دراوسێی ناحەزەکانی شۆڕشە و هەم سەخت و ئاستەنگە بۆ سەرکێش و هەم بە حاڵ خاوەنەکانی بەڕێوە دەبات کە دەزانم بەشێکی زەوییەکانی لە قەد پاڵی شاخەکان کەڵەکی بۆ کراوە و خۆڵی لە لاوە بۆ هێنراوە. ئا ئەم تەرزە زەوییە لەو تەرزە شوێنەدا دەکرێتە (أميرية صرفة) و لە خاوەنی دەسێندرێتەوە. گوتم من لە دوو موقاتەعە کە خاوەن شەشیەکی بووم بە بڕیاری ئەم تەعدیلە بێبەش بووم، بەڵام من کوێخا نیم، لە ڕێگەی محاماتەوە دەتوانم نان پەیدا بکەم هەرا نانێمەوە ئەمما لە دراوسێم بابا هەیە خۆی و ماڵ و حاڵ و شەرەفی سەد ساڵەشی بەندە بەو چەند پارچە زەوییەی دەیکێڵێ. معاون تەسوییەک بە خۆی و کراسێکی قۆڵ کورت و شەپقەیەکی تۆپەڵەی سەریەوە بەیانییەکی لەو بەیانیانەی (رب العالمين) دەچێتە دێیەکە و بە خاوەنی دەڵێ سەنەدی تاپۆی خاقانیت دەربهێنە. دەڵێ جەنابی ئەفەندی خاقانیم نین... پێی دەڵێتەوە یاڵلا کەلوپەلت بگوێزەوە ئەم زەوییە حکومەتییە. گوتم «سيادة الزعيم هذا الرجل وين يولي؟» بە هەرچی قودسیەتی دنیا هەیە هەتا نەیکوژن واز لەو زەوییە ناهێنێت و دوایین گوللەی تفەنگەکەشی لە پارێزیدا دەتەقێنێت. گوتم جەنابی زەعیم هەرایەک بەرپا دەبێت بە شورتە چار ناکرێت دەبێ جەیش چاری بکات (نەمویست بڵێم شۆڕش بەرپا دەبێت).

لە قساندا گوتی ئەم بڕیارە بۆتە قانوون، گوتم یا زەعیم قانوون قورئان نییە لە ئاسمانەوە باری بێ، قانوونت داناوە بۆ چاکەی خەڵق کە چاک نەبوو تەعدیلی بکە، بی گۆڕە، لەغووی بکە. گوتی بە پێی باوەڕت کێن ئەو کەسانەی قانوونی وەها پێشنیاز دەکەن بۆ وەزارەتی بەرپرسی کاری ئەوتۆیی. گوتم وەک بزانم کەسانی ئەوتۆن بە پێی باوەڕی سیاسییان لەناوبردنی خاوەن زەوی ئەوپەڕی پیاوچاکییە، گوێشیان لەوە نییە داخوا چەند ماڵ و چەند ئاوایی کاول دەبێت. لە لایەن سوودی شەخسیشەوە کابرا ئەمرۆکە مدیر عامە کە هەرا بەرپا بوو پسپۆڕی خۆی لە پێشنیازی زرینگەدار بەکاردەهێنێت و دەبێ بە وەزیر ئیتر بۆچی ئاوی لێ بخواتەوە؟ گوتم سەدان پژدەری چووە دیوی ئێران و بەسەر شاخانەوە گیرسانەوە دوایی حکومەت زانی مانەوەیان لە دەرەوە مەسڵەحەت نییە، هاتنە سەر گەڕانەوە بۆ عێراق. لەو بارە ناسکەدا تەعدیلی تەسویە کرا کە بستێک ئەرزیان ناداتێ ئیتر کابرا بەسەر چیدا بێتەوە؟

(يرجع الى لا ارض لا قوت لا وطن؟).

لێرەدا پێش دەستی دەکەم لەوەدا کە بڵێم تەعدیلەکەیان تەعدیل کردەوە و ماوەیان دا خاوەن موڵکی بێ تاپۆ هەتا ٣٠٠ دۆنمی دێمەکار وەیا میقدارێکی بەراوی هەبێ. عادل جەلال کە بوو بە وەزیری زەراعە پێی گوتم ئەو تەعدیلە کراوە پێم گوتەوە بەشێ ناکات و پێویست ئەوەیە بە چاوی بەسرە وبەغدا سەیری ناوچەکە بکرێت.

عەبدولکەریم گوتی، لە دەمی نیابەتتەوە تۆ دەناسم و شتێکی نووسیبێتت خوێندوومەتەوە... گەلێک شارەزایی خۆی بە کورد و کوردستان باس کرد. بە فرسەتم زانی گوتم «سیادة الزعیم» هەرچەند بۆ تۆ کە زەعیمی هەموو عێراقیت خەڵقەکە وەکوو یەک قوماش بێت وەهایە بەلام بێگومان کوردەکە لە هەموو قوماشان بۆ تۆ چاکترە چونکە چاوی نەبڕیوەتە هیچ زەعامەتێک و ئومێدێک لە دەرەوەی عێراق. لە ئاست ئەم قسەیەمدا وەڵامێکی دایەوە زۆر کورت بوو بە بەر قسەکەی منەوە، ئیتر یان قسەکەمی بۆ خورد نەکرایەوە یان بە تێگەییشتنەوە لە درێژایی قسەکەمی بڕییەوە، گوتی من ئەمە دەزانم بۆیە هەموو ئەو کەسانەی دەیانبینی بە دەورمەوە لەوانەی خزمەتمان دەکەن کوردن... من لەم وەڵامەوە چی دیکە بۆ قسەکە نەگەڕامەوە.

ئەو عەبدولکەریمەی کە وەکوو خانەخوێ ڕەفتاری دەکرد چ وێچوونی نەبوو لەگەڵ عەبدولکەریمەکەی خوتبەدان، هەتا بڵێی لەسەرەخۆ، بە ئەدەب، ڕێزڕاگر، تێبین، گوێگر. هەستم کرد چەندێکی کەس دیار نەبا بە میانەتەوە بە ناوی (مسعود)ی بێ لەقەب دەیدواندم. کە یەکێک لەوانەی ناوناوە چایە وەیا خواردنەوەیەکی دیکەیان دەهێنا گوێی لە قسە بایە دەیگوت (أستاذ فلان). لە قوژبنێکی ئەو هۆڵەی تێیدا بووین جلکە خوێناوییەکەی ساڵی ١٩٥٩ کە لە شارع ڕەشید هەوڵی کوشتنی درا و بریندار کرا هەڵواسرابوو، شوێنی گوللەکانیش لە جلکەکەدا دیار بوون. گوتی ئەم جلکە یادگارە، هەر جارە بە بیرم دەهێنێتەوە کێ دوژمنمە و بۆچی دوژمنمە. وەڵامەکەی من لە ئاست ئەو قسەیەیدا کورت و بێهێما بوو وەک وەڵامەکەی ئەو لە ئاست قسە باس کراوەکەی مندا، واتە نەهاتمە سەر شکاندنەوەی ئەوانەی دایانە بەر گوللە، هەر ئەوەندەم وەڵام بوو کە چانسی عێراق بوو زەعیم سەلامەت بوو، تەمەنی درێژ بێت و شتی ئەوتۆیی... لە لایەن مێوان نەوازییەوە دەتگوت بە عومری خۆی دەیوەخانی عەشیرەتانەی هەبووە و مێوانی بەخێرهێناوە. لە دیدەنی دووەم جار ئەم لایەنەی باشتر دەرکەوت، دوای نەختێکی دیکە دەیگەینێ.

لە چوار سەعات وتووێژدا چی بە خەیاڵدا بێت لە بابەتی قسە لێوە کردن جێگەی خۆی دەکاتەوە. چەند بە وردی لە شێوازی قسە کردنی سەرنجم دەگرت هیچ عەیبێکم لێ نەدیت. وشەیەکی بە دەمدا نەدەهات کە خۆی نەیویستبێ وەک کە هەندێ کەس ناواخنی بێلزووم بەکار دەهێنن بۆ گرتنی کەلەبەری خەیاڵ بلاوی وەیا خاوپێچرانەوەیی وەیا هەڵەشەیی زمان... لە حەرەکەی لەشیشی هیچی بێجێم لێ نەدیت. نە خۆی خوراند نە دەستی بە سەر و ڕوویدا هێنا نە ملەچرخێی کرد نە بە دەست بزافتن یاریدەی قسەکانی دەدا. گوێم لێ نەبوو فڕە لە چایەوە بهێنێ وەیا لە دانانی ئیستیکان و فنجان تەقەی لێ هەڵستێ... لووتی هەڵنەمشت، گەرووی بە نەرمە کۆکە پاک نەکردەوە... هیچ شتێک لەو مرۆیە ڕووی نەدا کە لە زەعیمێک نەوەشێتەوە. ئەو لە پەڕگی مێزەکە دانیشتبوو منیش لە ئانیشکەی دەستە ڕاستییەوە

بووم، مەودای نێوان رووی هەردووکمان ناوناوە مەترێک هەندێ جاریش دەبوو بە نیو مەتر، نە هەستی هەناسەیم کرد نە پرپشکێک لە زاری دەرچوو. ئەگەر سەهووم نەکردبێ وەهام هەست کرد کە دەستێکی بە تەئسیری گوللە لە دەستەکەی دیکەی بێحەرەکەتر بوو. بە وردییەکی زۆر ورد سەرنجم لێی گرت تا ئەوەی بەدیم کرد کە تەڕایی تف بە دووگۆشەی زاریەوە نییە، قولینچکەکانی هەر دوو چاوی تەواو خاوێن، ددانی سپین، یەخەی دەوری ملی بێچڵکە. سەعات بووە چواری بەیانی دەرفەتی دامێ کە ئەگەر ئارەزۆم بێت بتوانم دوعاخوازی بکەم. لەگەڵم هاتە دەرێ لە ساڵۆنەکە گوتی لە دانیشتنی دووەممان قسەکان تەواو دەکەین. بە ئۆتۆمۆبیلێکی دیفاع هاتمەوە ئۆتێل.

لە رۆژانی پێش رەمەزاندا سەردانێکی لیوا ئەحمەد سالح عەبدیم کرد، پێشتریش لەگەڵ عەقید موحسین رەفیێعی مدیری ئیستیخباراتی عەسکەری شناساییم بووبوو. هەر لەو بەینانەدا دیاردە ئەزەلییەکەی تەبیاتی مرۆ خۆی دەرخست. لە ساردایی‌ی نێوان حیزب و مندا گەلێک کەس هەبوون باوەڕیان لەگەڵ مندا بوو بەڵام بەرژەوەند لێمی دوورخستنەوە، کە زانییان عەبدولکەریم لێی گێڕاومەتەوە و لەگەڵم دواوە خۆیان نزیک کردەوە لێم بە سەردان و بە داوەت و بە ئەحواڵ پرسیی تەلەفۆن...

رەمەزان بە سەردا هات، من بە رۆژوو دەبووم، حەزیشم لێ بوو رۆژووەکە لە ماڵی خۆم بگرم، ئۆتێلەکەشم دروستایی بەربانگ و پارشێوی پێ نەدەکرا... خۆم گرت هەتا رۆژی یەکەم تێپەڕی، کە دەنگێکم نە بیستەوە لە وەزارەتی دیفاعەوە، خۆم تەلەفۆنم لەگەڵ (حافظ علوان) کرد و گوتم حەز دەکەم ئەگەر زەعیم رێی نییە جاری دووەم بە پێی قسەی خۆی بمبینێتەوە ئیزنم بدات بچمەوە بۆ کۆیێ. دوای چارەکە سەعاتێک یان کەمتریش بە تەلەفۆن گوتی زەعیم ئێوارە بۆ بەربانگ چاوەنۆڕیت دەکات. پێش بەربانگ بە دە دەقیقەیەک گەیشتمە ژوورەکەی (حافظ). کە بانگی دا بەربانگی دیفاعیان بۆ خەڵقەکە هێنا ئینجا (حافظ) بردمی بۆ لای عەبدولکەریم. لە ژوورێکی بچووک کە دەرگاکەی کرابۆوە. زەعیمم دیت بە تەنیشت مێزێکەوە ڕاوەستاوە، کە دیتمی هەنگاوی هەڵێنا بە لای منەوە منیش بۆی چووم، دوای سەلام لە دەست گوشیندا «صیام مبرور» م گوت، ئەویش موبارەک بادی کردم، گوتم «سیادة الزعيم ما امشيها عليك أنا مو صايم»، چونکە ئۆتێلەکەم رۆژوو هەڵناگرێ خۆ ئەگەر لە دوێنێوە بمزانییایە فتارم لەگەڵ سیادەتت دەبێ هەر بە رۆژوو دەبووم. گوتی «اشكرك» ئیتر نەمزانی بۆ سەراحەتم بوو یان لە جەوابی (صیام مبرور)ەکە بوو، گوتیشی لەوەتەی عومرم بۆتە دە ساڵ رۆژووم نەشکاندووە.

لەو ساڵۆنەی جاری یەکەم تێیدا کۆبووینەوە، بەسەر هەمان مێزەوە لە لای نزیکی دەرگەوە بەربانگ داندرابوو بریتی بوو لە خواردنەکەی وەزارەت و لە سەفەرتاسییەکی کە لە ماڵی خوشکی بۆی هاتبوو. عەبدولکەریم لە سەرووی مێزەکەوە منیش لە دەستە ڕاستییەوە عەقیدێکیش لە خوار منەوە دامەزراین. بەر لەوەی دانیشین عەبدولکەریم دەستی ڕاستەی خستە تاسە ئاوێکەوە کە هەر یەکەمان یەکێکی ئەوتۆی بۆ داندرابوو. تێگەییشتم ئەو دەستەی تەڕ کرد لە ئاوەکە نەکا من بە ئاوی خواردنەوەی بزانم – لە ساڵی ١٩٦٤ سەفیری ئەمەریکا داوەتێکی نیوەڕۆژەی کردم لە سەفارەت، دیتم بەسەر مێزی خواردنەوە هەمان

شکڵ دوو تاسە ئاو داندراون بەڵام هەر یەکە گوڵێکی بچووکی تێخراوە. حیکایەتەکەی فتاری لای عەبدولکەریمم بۆ گێڕایەوە کە ئەو لە جیاتی گوڵ، دەست تێخستنی کردە ڕێنموونی بۆ بەکارهێنانی ئاوی تاسەکە. کە گەشتم گەییشتە ساڵی ١٩٦٤ باسی ئەم داوەتە دێتە پێش.

زۆر شارەزایانە بە نامەی مەیانەت یارمەتیی دەدام لە وەرگرتنی خواردەمەنی بۆ ناو قاپەکەی بەردەممەوە. دیتم هەر خواردنێکی مامڵەتی نەختەک مەکرۆ بێ خۆی دەیخستە قاپەکەمەوە وەک کفتە، کەوا لەوانەیە وەکوو کەلا لەبەر چنگاڵ هەڵێت و مێوان شەرمندە بێت وەیا لێ کردنەوەی پارچەیەک لە مریشکی سەرلەبەر... وا تێدەگەم هەر بۆ ئەم نیازەشی بوو کە لەسەرووی مێزەکە بە تەنیشتمەوە دانیشت نەک لە بەرانبەرم. بەدەم خواردنەوە قسەیەکی کرد و من تەعلیقێکی بچووکم لێ دا پێی ناخۆش نەبوو. گوتی چەندی خواردنی تازە دادەهێنن ڕەفیقی خورما و هەنگوینیان پێ ساز نەدرا. من گوتم (سیادة الزعیم)، دیارە سروشت پسپۆڕترە چونکە هەردوویان سروشتین. لەسەر هەنگوین نەختێک دواین کە زەرد و مەیلە و تاریک و هی زۆر سپیی لێ دەست دەکەوێت. من گوتم هەتا شوێنی پورەهەنگ کوێستانتر بێت هەنگوینی سپیتر دەبێ. گوتی («سمعت من بعض اخوانی الأكراد»، هەتا پوورەهەنگ کۆنتر بێت هەنگوینەکەی تاریکتر دەبێت و چەندێکی نوێ بێت هەنگوینی سپیتر دەبێت) قسەکەش ڕاست بوو من لەبیرم نەبوو بیڵێم، ئەمما قسەکەی منیش هەر ڕاست بوو.

دوای بەربانگ عەقیدەکە کە ناویم لەبیر نییە کشایەوە، ئێمە ماینەوە تا دوو سەعات و نیوێک. دیسان لە زۆر شت دواین بەڵام بەر لەوەی بکەوینە سەر وتوویژ ئیزنم لێ خواست بۆ گەڕانەوە بە نیازی ڕۆژووی بەر ئاگردانی ماڵەوە و سەردانی دۆستانی ڕانیە و پژدەر تا دوای جەژن لە پێویستدا بێمەوە بەغدا. ئیزنی دام و قسەی دۆستانە و سەلامیشی بۆ ئەو گرووپەی سەرۆکەکانی ڕانیە وپژدەر پێ ڕاسپاردم.

لە فرسەتدا ڕجایەکی دوو لاییم لێ کرد. ئەحمەدی حەمەد ئەمیناغای دزەیی دوورخرابۆوە بۆ بەغدا، مەجید حەدادیش مامۆستای سانەوی و دۆستی خۆم، لە بەسرە حەبس بوو. گوتم (سیادة الزعیم)، ئێستە ڕەمەزانە و جەژنی بەسەردا دێت هەر یەکەیان چاکەیەکیان لێ دەوەشێتەوە بۆ منیش دەبێتە جەژنانە. پرسی چۆن؟ منیش باسی ئەو دوو کەسەم کرد کە برادەرن و چ سووچیشیان نییە. گوتی کە دەرچووین بە بیرم بهێنەوە لیوا عەبدی تێبگەیەنم. لەو دانیشتنە بوو باسی حەبەشەی کرد کە هەڵگەڕانەوەیەک لە هێلاسیلاسی پەیدا بووبوو گوتی، من شارەزای وەزعی ناوەوەی حەبەشە هەم، ئەم سەرکێشییە سەر ناکەوێت. هاتە سەر ناوی هیلاسێلاسی و ئەدیس ئەبابا گوتی، (هیلا) بە واتای (حیل - توانایی) و (سیلاسی)ش دەکاتەوە (ثلاثی) پێکەوەیان دەبنە (القوه الثلاثيه)ی مەسیحییان کە باوک و کوڕ و (روح القدس)ـە. (ئەدیس = قدیس) (ئەبابا = الأب) ئەوانیش دەبنەوە (الأب المقدس). ئەمانەم لەبیرن بەڵام لێم نەتۆژیوەتەوە بزانم لە زمانی ئەمهەریدا وشەکان وەهان یان نا. گوتی من لە ئیقتیساد بەڵەد نیم بەڵام لەگەڵ مامۆستاکانی ئیقتیساد ڕێک ناکەوم کە دەڵێن تەعمیراتی خانووی تێدا ژیان پرۆژەی بەرهەمهێن نییە پارەیەکی لێی خەرج بکرێ وەک شەختە کردووی لێ دێت. لێمی پرسی ئاخۆ من دەڵێم چی، بە هەموو باوەڕی ئەوساکە و ئێستاکەشمەوە گوتم زەعیم لەسەر حەقە چونکە پارەکە خۆی نابێتە دیوار تا بڵێن شەختەی کرد، عەمەلەی پێ دەژیت، نەجاڕ پێی دەبووژێتەوە، پرۆژەی بەرهەمهێنی وەک کارگەی

چەمەنتۆ و کەرپووچی پێ دەکەوێتە گەڕ، پارەکە سەر لەبەری دەبێتە خوێن لە دەماری ئابووریی وڵات دەگەڕێ. گۆیا ئەگەر پارە بە پارەیی مایەوە چی لێ شین دەبێتەوە؟ بشکرێتە زێڕ و لە سارداوی بانکەکان دابندرێت هەر شەختە کردوو دەبێت.

ئەو دەمە خەریک بوو پرۆژەی (قناة الجیش)ی جێبەجێ دەکرد، دیارە لە سۆنگەی ئەوەوە تووشی موناقەشە بووبوو لەگەڵ مامۆستاکانی نەزەریە، کە لە ساڵۆن دەرچووین عەبدولکەریم مەسەلەی ئەحمەداغا و مامۆستا مەجید حەدادی بە عەبدی گوت و چارە کران.

سبەینێ گەڕامەوە بەرەو ماڵ، شەوێک لە کەرکووک بووم. بۆ بەیانی پێش بەرێ کەوتنم بۆ کۆیێ سەردانێکی مەرحووم بەهائەددین قوتبم کرد کە سەرۆکی دادگەکانی مەنتیقەی کەرکووک بوو. دوای کەمێک عەزیزی ئەحمەداغای مەشوور بە عەزیزاغای ئەشغاڵ هات گوتی دوێنێ عەسر لە نێوان کۆڕێ و شەقلاوە سددیقی میرانی قادر بەگ بە چەند کەسێکەوە کوژراوە. وەی کە کاری تێکردم بەڵام چ سوود! گوتم شایەدی قسەم بن، تازە خۆشی لە وڵات هەڵگیرا. ئەم کوشتنە دەلالەتێکی هەیە لە کوشتنی ئەحمەداغای زێباریدا نەبوو...

ئەو ڕۆژە چوومە کۆیێ بۆ سبەینێ چوومە ڕانیە. هەموو براگەورەکان لەوێ بوون. سەرێکی قایمقامم دا و لەگەڵ جەماعەت کۆبووینەوە و بە درێژی باسی بەغدا و دیدەنییەکانی عەبدولکەریمم بۆ گێڕانەوە بەڵام لە قسەی یەکێک لەو برا گەورانە کە باسی کوشتنی سددیق بەگی بە بێباکی و زەردەخەنەوە کرد وازم لە حیکایەتی بەغدا هێنا و ڕووم کردە ئەو کەسە و گوتم: تۆ بەڕاستیتە وەها بە سووکی باسی ئەو کوشتنە دەکەیت؟ ئەو کەسە و جەماعەتەکەش قسەکەمیان بەلاوە سەیر بوو چونکە سددیق بەگ کەسێک بوو لە ڕیزی عەشیرەتەکان دەرچووبوو بەو ترازانەی بەر لە ساڵێکی لە کۆمەڵگەی براگەورەکان کە زێدە لە هەموان ئەو سەردانی عەبدولکەریمی کرد. گوتم براینە، خزمینە، دۆستینە! ئەگەر لە پێشەوە ئاگربڕی نەکەن تاکێکتان لە چارەنووسی سددیق بەگ ڕزگار نابێت. ئەمە تەپکەیە بۆ هەمووتان نراوەتەوە لە کوێ نووستوون؟ کە وەهام گوت هۆشیان هاتەوە بەرێ دەتگوت کوتکیان لە کەللە دراوە و وڕ بوون. ڕووم لە عەباساغا کرد پێم گوت، ئاگات لە خۆت بێت بەرقیە هاتووە بۆ ئیدارەی ڕانیە کە کاوانییەکان بۆ لای تۆ هاتوون، بڕوا بکەن ڕەنگی تێکچوو. گوتیان چی بە مەسڵەحەت دەزانیت بیکەین؟ گوتم وەفدێک ڕێک بیەخەن نوێنەری پژدەر و بەردەر بێت لەگەڵ شێخ خدری خاڵم بێن بۆ کۆیێ منیش لەگەڵیان دەچم بۆ سەرەخۆشی کردن لە ماڵی قادر بەگ. لەوێوە ئەو وەفدە قسەی خۆی بە مەلا مستەفا بگەیەنێت کە بەم کوشتنە ڕازی نین و پێویستە نوینەری کوردایەتی سەرەخۆشی لە تازیەدارانی سددیق بەگ بکات و چی دیکەی وەهاشی بە دوادا نەیەت. قسەکەم پەسەند کرا و من گیر نەبووم گەڕامەوە کۆیێ.

سبەی عەسر خاڵە خدرم و سێ کەس کە نوێنەری ئاکۆ و بلباس و بیتوێن و سەر لەبەری ناوچەکە بوون گەییشتن. من پێشتر بروسکەی سەرەخۆشیم بۆ عومەر بەگ و عوسمان بەگی برایانی سددیق بەگ لێ دابوو. ئەو شەوە تێپەڕی، سبەینێ هەر پێنجمان مەیلەو زوو بە ڕێ کەوتین. لە شەقلاوە دوای فاتیحە خوێندن ئێمە و فەتاحاغای هەرکی کە دۆست و خزمی ژن بە ژنەی ماڵی قادر بەگ بوو لەگەڵ عومەر بەگ و عوسمان بەگ جودا بووینەوە، چی مەبەست بوو لە هاتنی جەماعەت بۆ سەر تازیەکە ڕوون کرایەوە.

عەسری دابوو من گەڕامەوە بۆ کۆیێ و خاڵە خدرم و هاوڕێکانیشی بەرەو مەلا مستەفا چوون. دوای دوو ڕۆژ خاڵم و هاوڕێکانی گەڕانەوە. شەوێکم لا مانەوە، بە درێژی باسی سەفەرەکەیان و وتووێژێکی کردبوویان بۆمیان گێڕایەوە. ئەو دەسەڵاتە وەهای ڕانواندبوو کە ئەویش کارەساتەکەی لێ گران هاتووە، نوێنەری نارد بۆ پرسە کردن لە تازیەدارەکان. بەڵام لە سەرچاوەی باوەڕ پێکراوەوەم زانی کە چەند و چۆنی مەسەلەکە بە باری دیکەدا بووە.

من لەم ماندوو بوونەوە و خۆ خەریک کردنە بەرژەوەندێکی خۆمم ڕەچاو نەکردبوو، بە عەکسەوە لە زەرەر بەولاوە هیچی تێدا نەبوو بۆ من. لەو هاتوچۆیەی بەغدا و ڕانیە و شەقلاوە هەر هێندەم قازانج کرد برە مەڕێکم هەبوو فرۆشتم و کردم بە مەسرەف. ئەوەی من بە چاومەوە گرتبوو لە بەرهەڵستی کردنی کوشتن و سووتاندن و دووبەرەکی و شەڕی چینایەتی و عەشیرەتایەتی و حەسوودی و سوودی شەخسی قەناعەتێک بوو، ڕەنگە لە خۆم بەولاوە جارێ لای هیچ کوردێک پەیدا نەبووبوو. من بە ڕوونی دەمدیت و دەمزانی حاڵ و باری کورد بە بەریەوە نییە فلسێکی بێجێ سەرف بکات و دڵۆپە خوێنێکی خۆڕایی خۆی بڕێژێت و یەک سەعاتی گوزەرانی بە فیڕۆ بدات بۆ دابین کردنی مەیلی بیژۆک.

لەوەتەی پەیمانی سێڤەر پووچابۆوە و شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران کوژابۆوە دەبوو نەخشەی چالاکیی سیاسیی کوردی ڕابەر پاراستنی کورد بێت. ئنجا ئەگەر لەبەر خاتری خاترداران بشسەلمێنم کە ئەو بزووتنەوانەی سەر بە ڕاپەڕینی قەومایەتیی دژی دامودەزگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوا لەسەر پرۆژەی بەرژەوەندی هێزە زلەکانی ئەورووپا دامەزرابوو، ئا ئەو بزووتنەوە خوێناویانە پێویست بوون بۆ بە ئیسپات گەیاندنی گیانی نەتەوایەتیی کورد، خۆ براکوژیی ناوخۆیی و دووبەرەکی و یەکدی بڕاندنەوە و لێکدی تاسپ بوون و تێکژەنینی نامەردانە و شەوکوێرانە لە وەهم و خەیاڵیشدا بە چاکەی کورد تەواو نەدەبوون.

بەر لە شۆڕشی تەمووز شێخ حسێنی حاجی سەید بێ ئەوەی وەکوو من دەفتەری مێژوو بخوێنێتەوە هەر لە بەرژەوەندبینییەکەی پژدەرییانەوە دەیگوت ئەگەر وەتەنیەت هەر بایی ئەوەندە بێ پیاو تێهەڵدرێ نەکردنی چاکترە. قسەکەی هەتا بڵێی لە بەرژەوەندا بوو، وا لێرەدا دوو بەڵگەی بەهێز دەخەمە پاڵپشتی ئەو ڕایە. ئەو وەتەنییەی کە لەبەر تیشکی بەرژەوەندی قەومی پێی خەسارە قوربانی بێلزووم بدرێت بۆ سوودی بزووتنەوەی میللەتانی ئەفەریقا و ئەمەریکای جنووبی دەبێ پێشی خەسار بێ هەزاران قوربانی بدرێ لە پێناو ئامانجی لە توانا بەدەر و موستەحیل. بەڵگەی دووەم ئەوەیە کە ئەگەر ڕابەرانی بزووتنەوەی سەر بە قەومایەتی دەتوانن لە ماوەی دەیان ساڵدا سەرپەرشتی لە کاری سەختی بێئەنجام و بە ئەرک و سفتوسۆ بکەن دەبوو بتوانن سەرپەرشتیی لە سیاسەتی «کورد پارێزی» ش بکەن بۆ ڕۆژێک کە هەل و دەرفەت پەیدا دەبێ. هەڵبەت دەزانم قسەی ئەوتۆیی بە لای کەسێکی لەبەر تیژڕۆیی خۆی وەیا بەهەڵەدا چوون حەز بە مەلەی ناو گۆمی خوێن دەکات، بایی فلسێکە، بەڵام دەشزانم کوشتنی سدیق بەگ و هی وەک ئەویش لە ساڵی ١٩٦٠ و ١٩٦١ بۆ قەومی کورد لەو حاڵ و بارەدا نەک هەر بێسوودە بەڵکوو وەک زەهری هەلاهیلە.

من که ڕابەری میللەت بـم هەر هێندەم کورتبینی لێ دەسەلمێندرێ که چاوم پشت گرد و شاخ و نەدیوان نەبینێ، که هاتم چاویلکەی وەها لێڵم بەکار هێنا که هێندەی ڕوونبینیی بەقاڵێکیش هێزی دیتنم پێ نەهێڵێ، بەقەدەر نوێژکەرێکی عادەتیشم کەڵک پێوە نامێنێ که له سبەینەی ساردی زستاندا له پێناو نوێژی به جەماعەت خۆی سەرمابردووی ڕێگەی مزگەوت بکات چونکه نوێژکەرەکه هەر نەبێ تەمایەکی بەهەشتی هەیە...

ئەم قسانه دەکەم نابێ لەسەرم حیساب بکرێ به فەلسەفەی ساردوسڕی بێئەرک چونکه بۆ خۆم له هەموو ئەرک و ناڕاحەتی و خەسارەتمەندیدا بووم تا ئەوەی له هەندێ باردا به گوێی خۆم بیستوومە، له دەرەوەی ژووری حەپسخانەکەمانەوە دەگوترا ئەم حەبسانه هی ئیعدامن. قەتیش ڕێبازی خۆمم نەگۆڕیوە.

ئەو ڕەمەزانەم له کۆیێ ڕابوارد مەگەر ڕۆژێک که بۆ دەعوایەکی جینائی له مەحکەمەی عەسکەری مووسڵ سەفەرێکی بەیانەکیم کرد و بەر له فتار گەییشتمەوە کۆیێ ئەمما به ڕاستی ڕێگەی ئەوسای هەولێر که به ڕۆژ تاکوتەرا سەیارەی پێدا دەهات لەو دەمەو بەیانییەدا چۆڵەکەشی لێ نەبوو، کوردی دەڵێ بێنی خوێنی لێ دەهات چونکه دنیا ڕووی له بێ ئەمنیەتی کردبوو. وابزانم تازه به تازه بەدرەددین عەلی بووبووه موتەسەڕڕیفی هەولێر، پێشتر قایمقامی ڕەواندز بوو، جەژنه پیرۆزانەی بۆم دەنارد بەڵام ڕێک نەکەوتبوو بیبینم، دوای چەند مانگێک دیتم، وەک که بۆت باس دەکەم.

پاش جەژن چوومەوە ڕانیە، ئەو قسانەی که لەبەر مەسەلەی پرسەکردن له تازیەی سددیق بەگ دواخران لەو سەفەرەدا به درێژی و خوردکردنەوەوە باس کران که له هەموویان گرنگتر بۆ وەزعی ئەوان ئەو قسەیەی عەبدولکەریم بوو که گوتی له زاری منەوە سەلام لەو ئاشنایانه بکه و هەر کاتێکی ویستیان با بێن بۆ لام وەک بێنه لای برایان. من که دوعاخوازیم لێ کردن لەسەر ئەم بڕیاره بوو که تێکڕا ئامادەن بۆ دیدەنیی عەبدولکەریم، هەر دەشبوو وەهابێ چونکه دڵ عاجزیی ئەو چەند مانگه بەو سەرلێدانه یەکجارەکی دەسڕایەوە. لەمەش بترازێ بەرژەوەندی بنەڕەتی هەبوو وەک مەسەلەی ناپوختیی تەسویه و ئیسلاح زەراعی و ئەرزی ژێراوخراوی دوکان و دەربەندیخان و گۆڕانی سیاسەتی عەبدولکەریم بەرانبەر ڕابەرانی کوردایەتی و چارەسەرکردنی ناگزووری و بێدەرامەتی و نەبوونی پرۆژەی سوودبەخش و چەندین کێشەی ئەوتۆیی که هەمووی بەندبوو به هەڵستانی پەردەی دوودڵی و گومان له نێوان ئەو عەشیرەتانه و عەبدولکەریمدا.

من به زیادەوە دەمتوانی سوودی شەخسیم پێک بهێنم، دوای نەختێکی دیکەش لەم نووسینه ڕاستییەکەت بۆ ڕوون دەبێتەوە، بەڵام پرسیاری سەر به هەموو کوردایەتی بنگەی پان و پۆڕی گەرەکه. که هاتمەوە کۆیێ جارێ بڕیاری سەفەرم نەدابوو. له سلێمانییەوە یەکێکی موحتەرەم به تایبەتی هات بۆ لام که ببمه وەکیلی براکەی و چەند هەڤاڵێکی براکەی که هەموویان قوتابی بوون و درابوونه عورفی لەسەر تێک هەڵقژانێکی لەگەڵ کرێکاری سەر به چەپ که عەمەلەیەکی تێدا کوژرابوو و کۆمەڵێک قوتابی و عەمەلەش زامدار بووبوون.

ئەم تەکلیفە لە لایەکەوە یارمەتیی دەدام کە سەغڵەتی مەسرەف پەیدا کردن نەبم، لە لایەکیشەوە قورسایی دەخستە سەر قورسایی بنەڕەتی خەریک بوونی ئەوسام. مەسەلەکەی قوتابییان لە کوردایەتییەوە هەڵیدابوو، هەرچەند لێیان نەکوژرا بەڵام وەک بە پرسین و لێ توژینەوەش بۆم دەرکەوت هێرش لە عەمەلەکانەوە بۆ سەر قوتابییەکان هاتبوو. بە هەمە حاڵ من بەرپرسی چەند و چۆنی ڕووداوەکە نەبووم، محاماتیش لە هەر دەعوایەک بێ، حەوجەی پاکانە نییە، بەڵام من لێرەدا داوی مێژوو هەڵدەکەمەوە حەز دەکەم چی بێتە بەر نووسینەوە ڕوون و ئاشکرا بێ. دەعواکەم وەرگرت کە دەبوو بۆی بچمە بەغدا چونکە عورفی لە بەغدا بوو هەرچەند قوتابییەکان لە سلێمانی حەبس بوون.

ئێستا لە کۆیە بووم تەلەفۆنێکم لە بەغداوە بۆ کرا لە لایەن یەکێک سەر بە حکومەتەوە گوتی وا هەست دەکەم زەعیم بە تەمایە بچیتەوە لای. کە تەلەفۆنەکەم بۆ کرا خۆم ئامادە کردبوو هەر ئەو ڕۆژە بەڕێ کەوتم. گەییشتمە بەغدا زانیم ئەحمەدی حەمەدەمیناغا لە کەرکووک گیرابوو لە ڕێگەی بەرەو هەولێر هەڵ وەردەگرێت و هەڵدێت بۆ لای عەباسی مامەنداغا. ئەو معاون شورتەی ئەحمەدی لە دەستان هەڵاتبوو محەمەدی شێخ ڕەشید، کوڕێکی زێدە چاک و زاوای مدیر شورتەی ناسیاوم ساڵح خۆشناو بوو. ئەم مەسەلەیەش کەوتە ئەستۆمەوە.

ئێستا خۆم لە دیفاع ئاشکرا نەکردبوو کاکە حسێنی خانەقا و کاکەی حاجی مەحموود پێکەوەیان هاتنە لام گوتیان ٣٥ کورد لەسەر کوردایەتی لە حەپسخانەی کەرکووکن هیچیشیان نەکردووە هی حەبس کردن بێت بەڵام پیاوی نامەرد ئیخبارییەی لێ داون بەڵکوو هەولێکیان بۆ بدەیت زۆر بە جێ دەبێ.

پاش عەسرێکی بەهاری ١٩٦١ بوو چوومەوە لای عەبدولکەریم. ئەو ڕۆژە بۆم مەعلووم بوو (حافظ علوان) مرۆیەکی ڕاست و پاکە. عەبدولکەریم جددە و پیاوێکی سەر بە ئاشتیخوازی لە سەفەری چین گەڕابۆوە هاتبووە دیدەنی عەبدولکەریم لە ژوورەکەی (حافظ) بوون باس هاتە سەر ئاسمانگەڕی. قسە گەییشتە ئەوەی کە یەکیەتی سۆڤیەت باسی تاقیکردنەوەکانی خۆی ناکات هەتا سەردەکەون، ئەوەی تێبشکێ بن لێو دەخرێت. هەرچی ئەمەریکایە لە پێشەوە ڕۆژی بەرێکردنی کەشتییە ئاسمانییەکەی بە عالەم ڕادەگەیەنێت و کە سەرنەکەوتوو بوو هەموو کەس دەزانێ. عەبدولکەریم جددە و ئەو ئاشتیخوازە گوتیان ڕەفتارەکەی سۆڤیەت پیاوانەترە. (حافظ) لەگەڵیان کەوتە دەمەتەقە تا ئەوەی سوور هەڵگەڕا و بە توندی بەرهەڵستی لەو ڕایە دەکرد. من هەر ئەوەندەم بە ئاشتیخوازەکە گوت کەوا بێ ئەوەی بڵێم کامیان لەسەر ڕاستین دەتوانم دڵنیابم لەوەدا جەنابت هەر ڕازی دەبوویت لە سۆڤیەت ئەگەر جۆرێکی دیکەشی کردبایە. ئەو کابرایە ناوی هەبوو ئەوسا ناوەکەیشم دەزانی وا ئێستا لەبیرم نەماوە.

لە هەمان جێگەی دووجاری پێشووتر دانیشتینەوە لەگەڵ عەبدولکەریم، ئەم جاریان بوو بە دوایین جار و نزیکی ٢,٣٠ سەعاتی دەوام کرد. وەها ڕێک کەوت لەبەر دەرکی ژوورەکە لیوا عەبدی کاغەزی ڕەسمیی پێبوو هێنابوونی زەعیم ئیمزایان بکات. بە هەلم زانی لەدەست گوشینی عەبدی بووم مەسەلەی ئەحمەداغام باس کرد کە تێناگەم بۆچی دوای لوتفی هەوەڵ جار دووچاری بێلوتفی بۆتەوە. ڕووی قسەم لە زەعیم بوو، پرسی مەسەلە چییە؟ لیوا عەبدی گوتی ئەمری گرتنی دەرچوو ئەویش لە دەست پۆلیس هەڵاتووە. دوای نەختێک ڕوونکردنەوە عەبدولکەریم گوتی ئەمرەکە لەغوو بکە. عەبدی گوتی چاک بوو

فەرمووت دەنا ئەمری گرتنی براکەی و حیجزی ئەموالیشی وا لە دەستمدایە خەریک بووم بە هەولێری ڕابگەیەنم. هەناسەیەکی حەسانەوەم هەڵێنا. کە دانیشتین، دوای چاک و چۆنی و موجامەلەی عادەتی و بە عەرزگەیاندنی ڕێز و خۆشەویستیی کۆمەڵەی سەرۆک عەشرەتەکان و سپاس و دوعای چاکە لە زەعیمەوە پێشەکییەکی خۆشکەڵەم کردە دەرگە بۆ باسی قوتابییەکانی سولەیمانی و گرتووەکانی کەرکووک. لە بارەی قوتابییەکانەوە گوتم لە بنەڕەتەوە تێک هەڵقژان لەوەوە هات کە بڕیارێکی نوێ لەبارەی مەسەلەیەکی (ئابووری)یەوە لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەرانی سیاسەتی بەرزی دەوڵەتەوە دەرچوو، کرێکارانی سولەیمانی ڕەخنەیان لێی هەبوو، چووبوونە سەر قوتابیەکانی سانەوی کە هاریکارییان لەگەڵدا بکەن ئەوان نەیانسەلماند. قسە لەم و قسە لەو بوو بە شەڕە چەپۆڵک. چەند کەس لە هەردوو لا بریندار بووبوون و عەمەلەیەکیش لە بریندارییەوە مرد، لە ڕاستیشدا کەس نازانێ بە دەست کێ کوژراوە بەڵام شایەدێک لەو ناوە هەڵکەوتووە ئیفادەی داوە کە دیتوەتی قوتابییەک چەقۆی لە عەمەلەکە داوە. لەسەر ئەم شایەدییە، ئەو قوتابییە و (وابزانم) دووی دیکەش گیران و موحاکەمەیان لە عورفییەکەی لای شەمسەددین عەبدوڵڵایە. بەو پێیە ئەو قوتابیانە جگە لەوەی بە ئەسڵ لاشەڕ بوون، لەسەر پشتگیری کردن لە بڕیاری سەرۆکایەتیی شۆڕشیش دووچاری ئەو کارەساتە هاتن. عەبدولکەریم سەلماندی کە دەبێ بپارێزرێن.

هاتمە سەر باسی گرتووەکانی کەرکووک، گوتم بە باوەڕی من ئەو گرتووانە وەکوو هەزاران و ملیۆنانی دیکەی گرتووی بێگوناهی کۆن و نوێ لەم دنیایە بێسەروبنەدا هەم عەدالەت و هەم مەسڵەحەت لە بەردانیان هەیە. بەردانیان دەنگێکی باشی دەبێ لە هەموو کوردەواریدا. ئیتر لەم بابەتە قسەی پەند ئامێزی دیکەم خستە سەر لایەنی بەرژەوەندبینییەوە کە هەمووی ڕاست بوون کەڵکیشیان دەبوو ئەگەر سیاسەتی عولیا بیسەلماندبایە و دەستی پیسیش نەیشێواندبایە. عەبدولکەریم بێ موناقەشە سەلماندی. دواتر کە هەڵستاین، لەبەر دەرگەکەی ژووری لێ دانیشتنمان کە لیوا عەبدی چاوەنۆڕی زەعیمی دەکرد، بە لیوا عەبدیی گوت ئەو گرتووانە بەربدرێن و دەشبێ عورفی قوتابییەکان بپارێزێت.

لەو دانیشتنەدا تەواوێک لەسەر حاڵ و باری ناوچەی کوردنشین و وەزعی براگەورەکان دوام. ڕێم خۆش کرد بۆ قسەیەک کە دەبوو بیکەم. مەعلووم بوو کە حکومەت دەزانێ کاوانییەکان چوونەتە لای عەباساغا، نەدەکرا مەسەلەکە لە ژێر پەردەدا بهێڵمەوە چونکە دەبووە خۆ لێ دزینەوە کە بێمتمانێ ڕادەگەیەنێت. گوتم ئەو کاوانیانە پەنایان بۆ عەباساغا بردووە. لە دوو ڕووەوە پەنادانیان بە خراپ نازانم، یەکیان ئەوەیە کە عادەتی عەشیرەت لەو بارانەدا داکردنی پەنابەر بە نیشانەی مەردایەتی دادەنێت کە ئەگەر گوێی نەدرایێ دەبێتە مایەی ناوبەدی و سەرشۆڕی. دووەم ئەوەیە کە پەنادانیان بۆ بەرژەوەندی سەرلەبەری ناوچەکە چاکترە لەوەی ببنە ڕێگر و چەتە بەسەر ئاواییەکانەوە و هێمنی بشێوێنن. لە ڕووی مەسڵەحەتەوە چ لە حەپسدا بن و چ لای عەباس بن فەرق نییە. عەبدولکەریم قسەیەکی خۆی خستە سەر پەندیارییەکەمەوە هەتا بڵێی زیرەکی و ڕووەت پارێزیی حکومەت و ڕەچاوکردنی برایەتیی ئەو سەرۆکانەشی تێدا بوو، گوتی کەسیش لێی داوانەکردووە دای نەکات خەبەریشی نەدراوەتێ کە ئەمانە لە حکومەت پشت ڕێن ئیتر بۆچی پەنایان نەدا وەک دەیان و سەدان مێوانی دیکە کە بە عادەت ڕوو لە

قۆناغی عەشیرەت دەکەن. ئەم شکست هەڵبەستنەوە لە عەبدولکەریمەوە دەلالەتی زێدە بەهێزی تێدا بوو بۆ حەزکردنی بە نزیک بوونەوەی عەباس و هەموو سەرۆکەکان.

لەم بابەتە سەرێشانە بووینەوە گەییشتمە ئاستەنگێک. ڕۆژی پێشووتر عوبێدی مەلا مستەفا هاتە لام لە زاری باوکی و مامییەوە پێی گوتم کە هەردوویان داوا دەکەن بچمە لایان. پێم گوت ئەگەر عەبدولکەریم ڕێ نەدات چ سوودێک لە چوونی من پەیدا نابێ. لەو دیدەنییەدا باسی داخوازییەکەی شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفام کرد کە بچمە لایان. گوتی بە فکری خۆت بۆچی داوات دەکەن. گوتم وابزانم خۆیان بە جێی گلەیی دەزانن لە لایەن زەعیمەوە، دەیانەوێ پاکانەت بۆ بکەن. گوتی بە تەلەفۆن قسەیان لەگەڵدا بکە، (بلە) تەلەفۆنی لێیە. گوتم ئیشی ئەوتۆیی بە تەلەفۆن هەڵنابڕێتەوە. سەری خوێنەر نەیەشێنم مەسەلەکەی وەها پێچایەوە کە ئەگەر پاتەوپاتیش نەبێ لە مەعنادا ڕێی پێ نەدام بچمە لایان<٤٦>.

پاش وتووێژی هەمە لایی و فرە بابەت لێمی پرسی، چەند ساڵە لە حقوق دەرچوویت؟ گوتم شازدە ساڵە. گوتی شازدە ساڵ موددەتێکی موناسبە بۆ محامی ببێتە وەزیری عەدل. ئەو ڕۆژانە وەزارەتی عەدل بێ وەزیر بوو، بەتاڵ مابۆوە. من لە وەڵامدا گوتم «سیادة الزعیم» نامەوێ موخالیفی خواییشتت بم زۆریشت سپاس دەکەم لەسەر لوتف و متمانەی پێم دەکەیت بەڵام ئەگەر بە خواییشتی خۆم بێت وەها بەباش دەزانم لە دەقی ئێستاکەمدا بمێنمەوە تا بتوانم بە ڕەهایی بجووڵێم. عەبدولکەریم بە ڕوویدا دیار بوو چاوەنۆڕی ئەو وەڵامەی نەدەکرد، بەڵام هیچ ئیلحاحی نەکرد و بۆ مەسەلەکە نەگەڕایەوە. من لەو وەڵامەم ئەوە نەبووم وەزارەت بە هەند هەڵنەگرم بەڵام لێم سوور بوو کە ببم بە وەزیر لە نەزەر خەڵقدا منیش دەبمە حکومەت و متمانەی جارانم پێ ناکرێ. بە لای حیسابی خۆمەوە موشکیلەی عەشیرەتەکان گەلێک گرنگتر بوو لە بوونم بە وەزیر و گزیر، ئەگەر ئەو تەکلیفە دوای چارەسەرکردنی گرفتەکەی ئەوان بایە قبوڵم دەکرد. ڕەنگ بێ پێشم خۆش دەبوو چونکە هەر نەبێ کێشەی گوزەرانی لە کۆڵم دەکردەوە. زۆر جاران لەم مەسەلەیەدا برادەر پێی گوتووم دەبوو هەڵوەستەکەم بە چاکی بۆ عەبدولکەریم ڕوون بکەمەوە، بەڵام وا دەزانم بەوەدا پترم تووڕە دەکرد چونکە بێگومان لێی قورس دەهات بگوترێ بەشداری کردن لە وەزارەت کە عەبدولکەریم خۆی سەرەک وەزیرانە دەبێتە هۆی متمانە پێ نەکردن بەو کەسە لە لایەن خەڵقەوە. بە هەمەحاڵ لەو دەمەدا ڕەفتاری نەگۆڕا، جارێکی دیکەش لە مەسەلەی هاتنی سەرۆکەکان بۆ لای گوتی دێنە لای برایان. کە کۆبوونەوەمان تەواو بوو مورافیقێکی خۆی بەگەڵ خستم کە گەشتێکی (قناة الجیش)م پێ بکات. ئەو قەناتە لە سەرەتاکانی دەست پێکردنیدا بوو، ئەوەندەی شیاوی دیتن بوو تێیدا گەڕاین و من چوومەوە ئۆتێل.

وابزانم هەر لەو سەفەرەدا مەحکەمەی عورفی بۆ دیتنی دەعوای قوتابییەکان چوو بۆ سلێمانی، منیش چووم و لە موحاکەمە حازر بووم. ئەو تاکە شایەدەی کە باسم کرد لەسەر ئیفادەکەی کۆنی ڕۆیی بەڵام لێم ڕوون بوو چی دەگوت هەڵبەسترابوو. دەمودووی شایەد و تێک هەڵدایی دەمی شەڕەکە کەوا زەحمەتە هەر بۆ یەک کەس دەرفەتی دیتنی ڕووداو ڕێک بیەخێت لە یەکدی دەوەشانەوە. شایەدی بێ درۆ هەرگیز بەو وردییە هەڵسوکەوتی قەڵەباڵغی ئەوتۆیی وێنەکێش ناکات. لە مورافەعەمدا ئەو ئایەتەم هێنایەوە کە

دەڵێ: «یا ایها الذین امنوا ان جاءکم فاسق بنبأ فتبینوا ان تصیبوا قوما بجهالة فتصبحوا علی ما فعلتم نادمین».

مورافەعەی ئەو جارە بەسەرچوو بەڵام سەروبەری دەعوای ئەوتۆیی درێژخایێنە. تێکرای حەپسەکان بە قوتابی و عەمەلەوە دەبوو تەحقیقی جودایان لەگەڵدا بکرێ و زۆر جاران وەها دەبێ بۆ شتێکی بچووک بەغدا دەگەڕێتەوە سەر سلێمانی وەیا شارێکی دیکە. تەحقیقاتی جینائی دەور دەبینێت. بەڵگە بە یەکدی دەگیرێن. سەرت نەیەشێنم هەویرەکە ئاو خوازە. دواین جار کە مەحکەمەی بۆ کۆبۆوە ڕۆژی (وابزانم) چوار یان پێنجی تەمووز بوو، بە تەما بووم دەعواکە کۆتایی پێ بێت. حەبسەکان لە سلێمانییەوە هێنران بۆ بەغدا. من لزوومم نەدیت خۆم بچمە دەعواکە چونکە هەموو شتێکی تەواو بووبوو کەچی مەحکەمە دەعواکەی تەئجیل کردبوو بۆ بیستوسێی تەمووز. کە خەبەرم پێ گەییشت زۆرم لێ گران هات، تا ڕادەیەکیش ترسام لەوەی عەبدولکەریم سیاسەتی خۆی بەرانبەرم گۆڕیبێت. چوومە لای لیوا عەبدی لە خۆوە چۆنیەتیی دەعواکەی پرسی گوتم، تا ئەم جەلسەیە بە باشی ڕۆیی بەڵام تەئجیلی بێلزووم بۆ بیستوسێی مانگ چی تامێکی خۆشی لێ نەهات چونکە بە تەما بووم بڕیاری تێدا دەربچێت. لیوا عەبدی گوتی، فلان دڵنیابە ئەگەر حوکمیش بدرێن مەرسوومی جمهورییان بۆ دەردەهێنم. گوتم، پاشا حوکم درانیان دەنگێکی ناخۆش دەداتەوە، مەرسووم زەرەرەکە تێناهێنێتەوە. کە وەهام گوت بانگی مورافیقی کرد گوتی تەلەفۆن بکە لەگەڵ شەمسەددین سبەینەی شەموو زوو بگاتە لام. ئەو ڕۆژە پێنج شەموو بوو. ڕۆژی شەموو لیوا عەبدی بە عەقید شەمسەددینی گوتبوو دەبێ پێش چواردەی تەمووز بڕیاری مەحکەمە دەرچێت. شەموو حەفتی مانگ بوو. لە هەشتی مانگ شەمسەددین بەرقیەی لێ دا بۆ سلێمانی کە حەپسەکان بهێننەوە بەغدا. ڕۆژی نۆی مانگ گەییشتن. لە دەی تەمووز تەبریە کران. وا بزانم لە هەموو عومری عورفی و دادگەی عێراق کاری ئەوتۆیی نەکرابوو.

خوێنەر لێم بسەلمێنێ بە لای حکومەتەوە خۆشتر بوو داوای مڵک و پارەم کردبایە لەجیاتی ئەو ئیشە زێدە نامەئلووفە. دیسانەوە لێم بسەلمێنێ چی لەو مامڵەتە بە من گەیی هەر بایی مەسرەفی سەفەری تێروپڕی دەکرد. خۆ ئەگەر مڵکیشم فرۆشتبایە وەک کە مەڕەکانم فرۆشت دەبوو چی کردم هەر بیکەم. بە عومری خۆم سەپانی پووش بووم. من لە باسی دەعوایەکە نەختێک ماوەی زەمانم بڕی بۆ ئەوەی دواتر بۆی نەگەڕێمەوە.

پاش دیدەنییەکەم لەگەڵ عەبدولکەریم گەڕامەوە بۆ کۆیێ لەوێوەش چووم بۆ ڕانیە. چی گوترابوو و کرابوو بە درێژی گێڕامەوە. بە عەباسی مامەنداغام گوت، لە پەنادانی کاوانیەکانت زەعیم پاکانەیەکی وەهای بۆ کردی بە خەیاڵدا نەدەهات. گوتی ئەوەی لە مەسەلەی ئەحمەداغاشی کرد لە بەغداوە بێ ئەوەی ئەحمەداغا خۆ بەدەستەوە بدات ئەوراقیان سووتاند (بە ڕاستی ئەوراقی دەعوای ئەحمەداغایان ئیعدام کرد کە ئیتر وەک نەبووبێ وەهای لێ هات) بۆ کەسی دیکەی نەکردووە. گوتی من خۆم ئەمری گرتنم بەسەرەوە بوو، مەلا مستەفا تکای بۆم کرد هەتا نەچوومە دیفاع ئەوراقیان دانەخستم.

هاتینە سەرباری چوونیان بۆ لای عەبدولکەریم قاسم کە چاوەڕێیانە. زۆر زۆر بەداخەوە و سەد جاران حەیف و مخابن عەباساغا عوزری هێنایەوە گوتی من پێم ناکرێ سەفەر بکەم وەکیلێکم دەنێرم. من پێم

دانەگرت لەسەر چوونی بۆ لای زەعیم چونکە یەکسەر زانیم لە لایەنێکەوە پێی گوتراوە نەچێتە بەغدا و ئەو لایەنەشی بەلاوە گرنگترە لە ڕەزامەندیی زەعیم وەیا لە چارەسەرکردنی گیروگرفتی برادەران و ناوچەکەشی. تا ئەو دەمە چ هێمایەک لە هیچ کەسێکەوە دەرنەکەوتبوو وەها ڕابگەیەنێ کە ناچێتە لای زەعیم. ئێمە کە کەوتینە سەر تێفکرین لە چارەی ئەو بێ پێوەندییەی سەرۆک عەشیرەتەکان لەگەڵ حکومەت ئەوپەڕی ئومێدمان بریتی بوو لە سەردانی موتەسەڕیفی سلێمانی، چ جایی ئەوەی بە خەیاڵی عەبدولکەریمدا بێین.

بە هەمە حاڵ لەو دەمەڕا کە عەباساغا ئەو قسەی درکاند من هەرچی گەشبینی هەبوو لێم بوو بە بەدبینی، بە تایبەتی چونکە لەو دیدەنییانەدا کە لەگەڵ زەعیم دەدوام چەندی موناسەبە هاتبێت هەر باسی دڵسۆزی و ئارەزوومەندەیی سەرۆکەکان بۆ زەعیم بووە، لە زەعیمیشەوە بەخێرهێنان و خۆشامەدی بووە، ئنجا ئێستاکە چۆناوچۆنی (انسحاب فنی) بکەین؟ چاکم لەبیر نییە لەو دەمەدا کە عەباساغا عوزری هێنایەوە من چیم گوت و خەڵقەکەش چی گوت بەڵام هەرچی گوترابێت لە منەوە هەر نەپسانی داوەمووی معاوییە بووە. دواتر هەر لەو سەفەرەدا ئەوانی دیکە تێیان گەیاندم کە ئامادەن بچن بۆ لای زەعیم با عەباساغاش لەگەڵ نەبێ بەڵام من مەسەلەم خستە مۆڵەتەوە بەڵکوو جۆرێکی دیکە دەبێ. ئەمەم لەگەڵ تێکڕایان بوو، لەگەڵ کەسی مەحرەم حەقیقەتی فکر و دەروونی خۆمم وەدەرنا.

من لەو باوەڕەدا بووم – کە ئێستاکەش هەر بە ڕاستی دەزانم – نەهاتنی عەباساغا بۆ لای زەعیم جگە لەوەی ریسەکەمان لێ دەکاتەوە خوری، زنجیرەی ئاڵقەکانی عەشایەریش کەرت دەکات و دەبێتە دوولایەنی وەیا دووبەرەکی. ئەو لایەنەی عەباساغای تێدا دەبێت چونکە مەرحەبای زەعیمی هەڵنەگرتۆتەوە بە کوردپەروەر و وەتەنی دادەندرێ، کەس نایێ حیسابی دوور و قووڵی ساڵ و دوو ساڵ و قەول و بڕیەی چەند مانگی دوایین لێک بداتەوە و بڵێ ئەی کۆمەڵەی عەباس دەبوو لەسەر قسەی خۆتان بن. لایەنەکەی دیکە بڵێت و نەڵێت بە دژی کورد و خزمەتکاری بەغدا دەزاندرێت، ئنجا بۆ گوزەران کردن یا دەبێ ڕۆژ لە ڕۆژ پتر خۆ بداتە پاڵ زەعیم و بەگژ لایەنی دیکەدا بێتەوە یان دەبێ بە شەرمەزارییەوە پاشگەز ببێتەوە لە زەعیم.

من هەوڵی ئەساسیم ئەوە بوو کە لە ڕێگەی گرووپە عەشیرەتێکی سەد هەزار کەسییەوە برادەریمان لەگەڵ بەغدا ببێتە هۆی نەپسانی پێوەندی لە نێوان بەغدا و کورددا چونکە نزیکە بڵێم کوێریش دەیدیت بەردەوام بوونی حاڵ و باری سیاسی – پاش تێکچوونی بەینی زەعیم و حیزب – لە کوردستاندا دەکێشێتەوە بۆ پێک کەوتنەوە و هەرا. لەم نوختەیە ئەوەندە دڵنیابووم هەتا ئەوەی کە دیدەنیی زەعیم تەگەرەی تێکەوت، بە باقر دجێلیم گوت ئەگەر پێت دەکرێ خۆت ڕزگار بکە چونکە ئەم وڵاتە حەسانەوەی تێدا نەما. باقر بۆی ڕێککەوت بوو بە وەزیری بەلەدیات.

لێرەدا پێویستە بۆ خوێنەری روون بکەمەوە کە من لە کولانەی رەخنە لەخۆگرتنەوە بۆ ئەو ڕۆژانە دەچمەوە، لە پلەی یەکەمدا مەبەسەتم هاویشتنی تیشکێکە بۆ سەر هەڵس و کەین و بەینی حاڵ و باری ناوخۆیی کورد. چ بێگانەیەک نەهات سدیق بەگ بکوژێت وەیا جەریدەی حیزب بهاوێتە سەر ناحەزی لە

ئاست بزووتنەوەی عەشیرەتەکان بۆ چارەی ئەو کێشانەی لە چاکیی شەڕی چینایەتییەوە بۆیان مابۆوە.

لە لایەکی دیکەشەوە من کە گەشتی ژیانم خورد بکەمەوە لە پێشەوە ئەو ڕووداو و خەریک بوون و سەرێشەی کە دەرک زای وڵاتەکەمە و دەستکردی هەڤاڵەکەمە و لەمپەری ڕێبازەکەمە دەبێتە مەرەکەبی نووسینم، دواتر دەگەمە نائاشنایەک کە هەر لە پێناو گرفت و ناگزووری و شێواویی ماڵ و حاڵی لەنگەر بەزیوم پێی دەگەم وەیا لێی دەپارێمەوە وەیا یەخەگیری دەبم. ئێمە ئەگەر فێڵ لە خۆمان نەکەین چ گلەییمان نییە لە کەسێک و لایەنێک و هەوەسبازێک وەیا خاوەن نیازێکی لە دەرەوەی جغزی کوردایەتی بە پێی تێگەییشتنی خۆی وەیا بۆ مەبەستێکی بە بەرژەوەندی دەزانێ وەیا لە ناحەزیی ڕووتەوە وەیا بە مزە و کرێ لەگەڵمان درِدۆنگ و لێمان تاسپە.

لە ئاست بێگانەدا گلەیی کردن، بارتەقای بە سازی ئەو هەڵپەڕین، عەیب و شوورەیییە. من و تۆیەکی لەسەر سوودی کورد کۆنەبینەوە و یەخەگیری یەکتر ببین تا ئەوەی ئەگەر دوژمن بە پارەی کڕیبین لەوە بەدتر نەبین، چۆناوچۆنی گلەیی دەکەم لە شەریکەی نەوت وەیا شۆڤێنییەکی بێگانە وەیا سیاسەتێکی عەبدولکەریم بە چاکەی خۆی دایبنێت. من ئەگەر بەڵەدی سوودی کورد بم دەبێ بە پێی لوان و دەسەڵات خۆم لە نیشانەی تیری ئەوانە لابدەم و تا پێم بکرێ ڕێبازێکی مەسڵەتی بگرمە بەر کە لە سنووری خۆ پاراستندا ڕقی ڕق هەڵگرتوو بنیشێنمەوە نەک دوژمنی تازە بخەمە سەر هی کۆن کە دەزانم بە زەحمەت پێم دەکرێ لە چەنگاڵی ڕزگار ببم چ جایی پێی بوێرم.

بەر لە هەموو شتێک دەبێ خۆم بدزمەوە لەو نەزەریانەی بۆ حیسابی خۆی لەگەڵ خەڵقم بەشەڕ دەهێنێ و لەگەڵیشم شەریکی شەڕەکە نابێ. تیۆری (تناقض) خەفە بکەم لە نێوان کوردەکە خۆی چونکە تەناقوزی کورد لەگەڵ دوژمنانی کورد هێند خەست و خۆڵە لزووم نییە بۆ زێدە مەزە سددیق بەگی بۆ بکوژێت وەیا پژدەر و کۆیەی تێدا بەشەڕ بهێنیت وەیا عەمەلەی قورکێش لە ساحێب سواغ هار بکەیت.

عەبدولکەریم سیاسەتێکی دەگێڕا لە هەوەڵەوە، بە خەیاڵی خۆی، قەومییەکانی عەرەبی پێ پەککەوتە کرد. دوای ئەوان شیوعییەکانی خستە قەفەسەوە. بەدەم ئەم بەند و بەست کردنەوە دیمواکراسیشی خستە قاڵبەوە تا ئەوەی محەمەد حەدیدیش حیزبی خۆی پێچایەوە کە زانی سوود لە حیزبایەتیدا مرێندرا. نۆرەی ماڵ خاوێنکردنەوەی گەییشتە بزووتنەوەی قەومی کورد. منێکی تاکە کەس بە دەسەڵاتی زێدە کەمەوە کەوا بە ڕێکەوت وەیا لە ئاکامی وردبوونەوە و هەستی ئازادەوە فەلاکەتی ڕوو بە ڕوو بوونی کورد لەگەڵ هێزی دە ئەوەندەی خۆی ببینم هەر ئەوەندەم پێ دەکرا کە کردم لە یاریدەدانی عەشیرەتەکانی کورد بۆ یەکگرتن بە نیازی موراجەعەی حکومەت نەک یەخەگرتنی. دواتریش کە عەبدولکەریم بە دوایدا ناردم هەلم وەرگرت لەوەدا دەرگایەکی دۆستایەتی لە نێوان ئەو و عەشایری سێ چوار قەزای کورددا بکرێتەوە کە ئەگەر بە وەستایی و بێ سڵ کردن و گوماناوی بوون بتوانین تێوەی برۆین ڕەنگە عەبدولکەریم بێتە سەر باوەڕکردن بەوەی سەرشکێن کردنی کورد بێلزووم بێت خۆ ئەگەر لە ئاکامدا پرۆژەکە سەری نەگرت لە خۆم بەولاوە کەسی تێدا زەرەرمەند نابێت، شەڕ و هەرا و کوشتن و برینیش لە خۆوە دەستی هەموو کەس ماچ دەکات.

من کە دیتم عەبدولکەریم ڕێی نەدام بۆ دیدەنیی ئەو دوو برایە برۆم زۆر چاک دەمزانی چی لە دڵدایە و

به نیازی ملانێ و تێک ئاڵان خۆی دزییەوە لە کردنەوەی ئەو دەرگەیەی کە ڕووی بە لای ئاشتیدا بوو، بەڵام ئومێدێکم مابوو بەوەی کە ئەگەر ئەو سەرۆک عەشیرەتانە بە خۆیان و دۆستە بێ ئەژمارەکان لە تێکڕای عەشاییری کورد کە بەر لە ساڵێک پێکەوە ئەرزوحاڵیان ئیمزا کردبوو، ئومێدم هەبوو بەوەی ئاشت بوونەوەی عەبدولکەریم لەگەڵیاندا لەوانەیە دەرگای داخراوی دۆستایەتی بکاتەوە وەیا هەرنەبێ دەرگای شەڕ کە جارێ داخراوە بە داخراوی بمێنێتەوە هەتا خوا و ڕاستان، هەلێکی لەبار وەیا داخوازی ڕۆژگار وەها دەکات هێمنی و ئاشتی خۆی بسەپێنێ بەسەر هەمواندا.

بە کورتی و کرمانجی من بۆ بەلاوەنانی شەڕم دادەبڕی بەڵام سێ شت دەستی منی بەند کردبوو. یەکیان ئەوە بوو کە هێزی سەربەخۆی خۆمم لە پشتەوە نەبوو، دەبوو بە هێزی برادەران بچمە سەر تەختەدامەی سیاسەتی عێراق بەوەندە هۆش و بژێوە عەقڵییەکەی کە هەمبوو. دووەمیان ئەوە بوو مامڵەتم لەگەڵ عەبدولکەریمێک بوو کە وەک سەرامەدێکی جیهانی سێیەم باوەڕی بە (أوحدیە) و شێوە پێغەمبەرایەتییەکی خۆی هەبوو. ئیتر چەند بە زەحمەت دێتە سەر ئەو باوەڕەی کە مەزنایەتی و گەشەداری و ناو و شۆرەت و شەخسییەتی بن نوای بێهەرای خۆشی و ئاشتی، مرۆڤانەتر و سوودبەخشتر و بەردەوامتر و بەلەزەتتریشە لەو نەڕەنەڕەی بەدوای «سحقناهم شذر مذر» دا دێت. سێیەمیان ئەوە بوو کە دڵ و دەروونی پڕ گومانی سیاسەتمەداران لە کوردستانەکەی خۆماندا (و هی هەموو جیهانی سێیەم) هەرگیزاوهەرگیز نەیدەویست وەیا نەیدەتوانی باوەڕی خۆی بە دڵسۆزی و نییەت پاکی و بەرژەوەندبینی و کوردپەرستیی یەکێکی وەکوو من دەرببڕێت کە لە ڕێچکۆڵەی تایبەت بە خۆی هەنگاو هەڵدێنێت.

لە نموونەدا دەڵێم، چەندێکی ویستم عەباسی مامەنداغا بێتە سەر ئەو قەناعەتە کە من لە بەرژەوەندی کوردایەتیدا فەرقی خاڵەکانم لەگەڵ ئەو و سەرۆکێکی دیکەش ناکەم بێسوود بوو، چونکە ئەگەر لە دڵدا ئەو باوەڕەشی هەبووبێت قەت حەزی نەدەکرد هەنگاوێکی وەها زلی ڕێک کەوتن لەگەڵ عەبدولکەریمدا بە هۆی منەوە بێت نەکا خاڵەکانم لە ئاکامدا لە خۆی بە پێش بکەونەوە. نەک هەر عەباس بگرە زوربەی هەرە زۆری ئەو سیاسەتمەدارانەی کورد کە ناو و مەرکەزێکیان هەبوو تێشکانی گشتییان بەلاوە کەمتر تاڵ بوو لەوەی قارەمانەتی!! لە کوردەواریدا بۆ کەسێک بێت کە بە هی خۆیانی نازانن تا ئەوەی لەم بابەتەی پێ داگرتن لەسەر مافی نوێنەرایەتیی کورد نووسینی بەداک و بابیشم خوێندۆتەوە.

ئەم مافە تا ڕادەیەک دەشێ ڕەوا بێت بەوەدا کە کەسێک یاخود لایەنێک ڕێبازی خۆی بە ڕاست بزانێ بۆ سوودی میللەتەکەی بەڵام کە هات و گەییشتە ڕەفزکردنی سوودی گشتییەکی لە خودی خۆیەوە، واتە لەو کەسە و ئەو لایەنەوە، نەکەوتبێتەوە لە نیشتیمانپەروەری و گەلپەروەری دەردەچێت و دەبێتە خۆپەروەری. موناسیبی جێگەیە بڵێم، دوای دەرچوونی ئەو گوتارەم کە لە تەمووزی ١٩٦٠ لە (الحریة) بڵاوکرایەوە ڕەخنەی بەهێزی تێدا بوو لە خەتی مارکسایەتیی ناو ڕابەرایەتیی پارتەکەمان، لە گەلێک لاوە هەوڵ درا من حیزبێکی سەربەخۆ دانێم بەڵام من لە هەمان گوتاردا دەرم بڕیبوو کە بێهێز کردنی حیزب لە هەر کەسێکەوە بێت گوناهێکی بێبەخشینە. من کە بڵێم هەبوونی کەرتێکی چەپ لە کوردستاندا چونکە بزووتنەوەی کوردی دابەش دەکات کارێکی ناجایەزە چۆن دێم بڕێک لەو بزووتنەوەیە دادەبڕم.

ئەگەر زوربەی کورد بە دوامدا هاتبایە تا ئەوەی لە واتای کەرت کردنی دەرچووبایە جێی خۆی بوو باوەڕکردنم بە ڕاست بوونی ڕێبازەکەم حیزبێکی تازەی پێ دانابمایە کە ئەوسا نەک من، بەڵکوو کەمایەتییەکەی کە لەگەڵمدا نابێ، دەبێتە دابەشکەر و هەڵبڕەوە.

باوەڕت هەبێ کە دەڵێم، شتی ئەوتۆیی لە وەهم و خەیاڵیشدا نەڕسکا و نەگوورا ئەگەر بە ڕاست و دروستیش کەوتبایە ناو لەپی دەستمەوە دیسان دەمدایەوە ئەو لایەنەی کە شەرعییەتی بزووتنەوەی کوردایەتی میراتی خۆیان بوو بە مەرجێک بۆ تاکە ئامانجی کوردایەتی قاڵ بوونایە. من خۆم دەناسم بەرپرس بوونی شتی گەورەم پێ هەڵناگیرێ چونکە ناتوانم خەڵق بۆ ئاستەنگان هەڵدێرم کە دەزانین سیاسەتی ئەم جیهانەی سێیەمە نزیکە بریتی بێ لە خەڵق بە فەنادان، دەنا هیچ ئامانجێک لەوانە نابێت بەرەو پێک هاتن بێت. ئەم تەرزە بیرکردنەوە و ئاکار و ڕەفتارە لە منەوە بەقەد ڕۆژی چێشتەنگاوان ئاشکرایە بەڵام عەرەب گوتەنی «تعال فهم حجي احمد اغا».

دوور مەڕۆ، هەر لەم ڕۆژەی ئێستاکەماندا پاش ئەوەی کە مەعلوومی هەموو دوور و نزیکێکە کە بە پێی عەیارەی نیسبی لە خۆم دەستبەتاڵتر پەیدا نابێ و کەسیش لە من پتر بۆ سوودی گشتی بە سەراحەت نەدواوە، ئاخۆ چەند کەس لەوانەی جووتێکیان لە سیاسەت دەگەڕێ زمانی چاکم لێ دەگێڕن؟ جارێ «لسان الکرد» نەکەوتبوە بازاڕی فرۆشتن، هەر کوردەکە، تۆمەتی بۆ هەڵبەست و ئیخبارییەی لێ گەیاندە حکومەت و بۆ ماوەیەک وەستێندرا. ئەمە بە نموونەیەکی بچووک باس دەکەم لە زنجیرەیەکی بەردەوام و بێپسانەوەی کاری ئەوتۆیی کە هێندێکیان مەرگی پێوە بوو. «اللهم اهد قومي انهم لا يعقلون!!». بەڵام با حاجی قادر گوتەنی:

بەسە ئەی خامە با ئەم باسە پەی بێ
وەرە سەر باسەکی وا فائیدەی بێ

بچمەوە بۆ لای ڕچەی گەشتەکەم. لەو مانگانەی پاش هەرای شەواف لە ناسیاوانم عیززەددینی مەلا ئەفەندی و زەیدی ئەحمەد ئەفەندی‹٤٧› بەینێک گیران و بەردران. کاکە حەمەی خانەقا لە گەرمەی تێک هاویشتنی ١٩٥٩ خۆی دزییەوە و بە پژدەردا بۆ دەرەوەی وڵات ڕۆیی. دوای دامرکانی فرکەی دەماران و کەرخ بوونی نەرەنەڕی بمرێ نەژی کاکە حەمە‹٤٨› هاتەوە وڵات. با ئەو شایەدییەی لێ بگێڕمەوە، دەیگوت ئەو پیاوەتی و خزمەتگوزاری لە پژدەرییەکانم دیت هی سەردەمی سوارچاکیی ئەورووپای کۆن بوو، هەر ئەوانن بەڕاستی گیانی عەشیرەتییان تێدا مابێت. لەبیرەوەرییەکانی ڕۆژانی مێوانەتیی خۆی لای پیرۆتـاغای حاجی ڕەسواغا، لە مەرگە، قسە خۆشەکانی خاڵ سەلیمی دۆمی دەگێڕایەوە کە پیاوێکی ڕوح سووکی قەدرزانی مەجلیس ئارا و زۆریش بە حورمەت بوو لای پژدەرییەکان، چەندێکی منیش دیتبێتم شیرنایی سوحبەتی ئەوم چێشتووە. لە بەراورددا ئەم خاڵ سەلیمە و حاجی سەلیمە کوردی کۆیێ کە دۆستی غەفوورییەکان بوو لە یەکدییان دەکرد بەڵام هەریەکەیان تامێکی خۆی دەدایەوە.

مامۆستاساڵح ڕوشدی کوردێکی دڵگەرم و مەیلی وەلای چەپدا بوو، لە شەقلاوە بووبوو بە نائیب حاکم، لە وێڕا ئەمری گرتنی چەندەها ناوداری کوردی دەرکرد کەوا نەک لە دەسەڵاتی خۆی بە دەر و لە

سەلاحیەتی دادگای شەقلاوەش بەدەر بوون بەڵکوو لە دەرەوەی هەموو لیوای هەولێریش بوون. هێندێکیان دەستی چیا و دەشت و دەریان گرت، هێندێکیشیان گیران و بردنی بۆ بەندیخانەی شەقلاوە. خاڵە خدرم بڕیاری گیرانی دەرچوو، وەڵامی بۆ ناردم چ بکات گوتم بە دڵی خۆی بکات چونکە بە من ڕزگار ناکرێت. ناچار چووە شاخ.

جارێکیان سالح ڕوشدی لە بەغدا دەگەڕێتەوە هەر بە ڕێوە بڕیاری گرتنی قایمقامی دەڵتاوە دەردەچوێنێت. لەمیاندا دووچاری کێشە هات. نازانم لە دواییدا چۆناوچۆنی لە کۆڵ خەڵق بۆوە. ئاکامی دڵگەرمی و تیژڕۆییەکەی ئەوە بوو بۆ چوو بۆ حیجاز و لە پەنا دەسەڵاتی ڕێجیمی شایەتی و لە سێبەری مەرقەدی پێغەمبەر خۆی حەساندەوە، تێروتەسەڵ نە بای پێدا هاتەووە و نە باران، لێی پیرۆز بێ. موشکیلە ئەوەبوو بۆ کەسێکی لە ترسی ڕوحی خۆی دەستی چیای بگرتایە دەبووە خائینی شۆڕش، هەتا دەفتەریشی دەخوێندرایەوە لەوانەبوو کەوڵی بچێتە دەباغخانە. کوردی گوتەنی عەینەل مەترەق (واتە: أين المفر)؟

پاش ئەوەی مەعلوومم کرد ئومێد لەو عەشیرەتانە بۆ لایەنی چارەسەرکردنی گیروگرفتی ناوچەکەش بڕا، مەگەر لە کەلێنێکەوە شتی ئەوتۆ سەر هەڵبدات لە حیساباندا نەبێ، مایەوە خۆ وەخراندن و مۆڵەت بە خۆ دان ببێتە عوزری نەچوونی سەرۆکەکان بۆ لای زەعیم. لەو بەینانەدا حەزم نەدەکرد بچمە بەغدا چونکە ناڕاحەت دەبووم بە دەست بێعوزرییەوە. حکومەت بەردەوام بوو لەسەر ناحەزییەکەی خۆی بەرانبەر حیزب، تۆمەتی کوشتنی سددیق بەگ وەپاڵ ئیبراهیم ئەحمەد درا کە ڕۆژنامەش، وابزانم، بە ناوی ئەووە دەردەچوو، ئەویش خۆی شاردەوە و ڕۆژنامەش داخرا. ئەندامە چالاکەکان یەک یەک ئەمری گرتنیان دەدەرچوو بەڵام بەر لە گرتنیان خەبەریان دەگەییشتێ و بۆی دەرباز دەبوون بەرەو کوردستان. وا دەزانم عەبدولکەریم پێی خۆش بوو هەموویان بچنەوە کوردستان تاکوو بە کۆڵەمستێک پاکیان بکاتەوە، بەڵگەی گەورەش ئەوەیە کە بەر لە چەند مانگێک مەلا مستەفا ئیزنی لێ خواست بچێتەوە ناوچەی خۆی ڕێی دایێ، خۆ دەیتوانی بە بەهانەیەک لە بەغدای گل بداتەوە.

عەبدولکەریم پێی خۆش بوو لە شکڵی قارەمانی سەر شانۆ چارەی کوردایەتی بکات. زۆر بە سەیری ناوی گەنمی کوردی (الحنطة الكردية) گۆڕا بە (حنطة الشمال). ڕەشید عارف گوتی: «ئەدی (فجل كركوك) چ لێ دەکات؟» پاسەوانی هەولێر عەگالیان لەسەر نرا. تۆ سەیری ئەم بەشەرە بکە، لە لایەکەوە عەبدولکەریم دوژمنایەتیی جەمال عەبدولناسر و بزووتنەوەی (وحدوي) دەکات لە لایەکیشەوە عەگال دەخاتە سەروکەللەی چەند پاسەوانێکەوە، تەرازووی وەها لەنگ بە خەونیش دروست نابێ.

کە بۆ موراجەعەی دەعوای قوتابییەکان دەچوومە بەغدا سەری لیوا عەبدیم دەدا. کابرا هەتا بڵێی حەزی بە هێمنی دەکرد بەڵام هیچی لە دەستدا نەبوو. لە سەری زمانییەوە و نابەدڵ پشتگیریی لە سیاسەتی عەبدولکەریم دەکرد لە دڵیشدا دەمزانی، هەست بە چی دەکات. هەرچەند بایی سەری دەرزی خوایشتی خۆم نەبوو، بە ناچاری دەبوومە ڕجاکاری دۆست وەیا ئەوەی پەنای بۆم دەهێنا. محەمەدی شێخ ڕەشید کە ئەحمەداغای لە دەستان هەڵاتبوو کاتی تەرفیعی نزیک بووبۆوە ئەمما ناوی نەخرابووە لیستەی تەرفیعەوە. خۆی زۆر شەرمن بوو، سالح خۆشناو هاتە لام و مەسەلەی باس کرد. بە لیوا عەبدیم

گوت (الأحسان بالتمام) مادەم ئەوراقی ئەحمەداغاشتان سووتاندوە و بە نەبوونتان داناوە – تا ئەوەی ئەحمەداغا هاتبووە لای زۆریشی ڕێز لێ نابوو– محەمەدی شێخ ڕەشیدی بێتاوان بۆچی سزا بدرێت؟ بێ سێ و دوو ئەمری دا کە تەرفیعی پێ بکرێت.

هەر لە سەروبەری گرتنی ئەندامەکانی حیزب بوو میرزای حاجی کەریم کە موعاوین تەسویە بوو لە هەولێر دوور خرایەوە بۆ ڕەمادی. بە لیوا عەبدیم گوت میرزا برادەرمە هەتا بشلێی بە لای سەلامەتیدایە باوەڕناکەم لە ئەخباری درۆ بەولاوە هیچی دیکە هەبێ. گوتی دەڵێن ئەندامی حیزبە. گوتم من نازانم ئەندامە یان نا ئەمما ئەگەر ڕاست بێ ئەندامە، دەبوو هیواداربن ئەندامی هەموو حیزبێک وەکوو میرزا بەرژەوەند بین بێت. خۆ حیزبایەتی بەکەس ناسرێتەوە. دەرحاڵ ئەمری دەرکرد کە میرزا بچێتەوە بۆ سەر وەزیفەکەی بەڵام هەوەڵ جار هێنابوویە لای خۆی و زۆری بەخێر هێنابوو، عوزر خوازیشی لێ کردبوو کە لە نەشارەزاییەوە دوورخرابۆوە گوتبووشی فلانەکەس تۆی بە من ناساند.

میرزا هاتە لام لە ئۆتێل. گوتی ئەوەندەم پێ خۆش بوو کە لە حزووری کەمالی عوسماناغا لیوا عەبدی گوتی تۆ هۆی ڕزگاربوونمی. میرزا مرۆیەکی دڵ هۆشیار و ڕێز لە خۆناو بوو، تەنانەت کە دوور خرایەوە کەسی ڕانەسپاردە لام ڕجای بۆ بکەم.

گەییشتینە سەرەتای هاوینی ١٩٦١، پێشتر بە هەندێ کاربەدەستی وەکوو وەزیری زیراعەتم گوتبوو، بە مەسڵەحەتی دەزانم ئیسلاحی زیراعی لەو ناوچانەی شاخاوی بۆ ماوەی ساڵێک بوەستێندرێ، لەوەشدا ئەوپەڕی ئیمکانی بەلاوە نانی تێک بەربوونی عەشایر و حکومەتم ڕەچاو کردبوو، چونکە دەمزانی ئەو سەرۆکانە بە ئاسانی ناسەلمێنن چی ملکی هەیانە ببێتە ماڵی حکومەت، قایمقام و موتەسەڕریف و مدیر ناحیەش بە ئارەزۆی خۆیان بەم و بەوی بدەن، سەرۆکەکانیش لە مەزنایەتی دابەزن بۆ لە برسان مردن. قسەکەی من هەڵنەگیرایەوە. لە قەزاکان لیژنە دەرچوون بۆ تەخمینی بەرهەمی کشتوکاڵ. لە دەشتی کۆیێ کە لە لایەن مدیر ناحیەی تەقتەقەوە دەقرسا مەحموودی کاکە زیاد، بێ پرسی باوکی، لیژنەی ڕاونا بە ریسوایی بۆ تەقتەقی گێڕایەوە، خۆیشی بە تاقمێک چەکدارەوە دەستی چیای گرت.

من لە بەغدا بووم باسەکەم زانی و بیستمەوە پژدەر و ڕانیەش پشتگیری لەو گەنجە دەکەن و سەرلەبەری ناوچە خەریکی خۆ تەیار کردن و ریز ڕێک خستنە. ئەگەر بڵێم ئەو هەڵگەڕانەوەیە لە حکومەت ڕەنجاندمی هەموو قسەکەم ڕاست دەرناچێت. خۆویستی لە منەوە کە بنیادەمم و بە درەنگەوە دەبمە ئەبوو زەرری غەفاری لێی خۆش هێنام کە بۆ کاربەدەستانی حکومەت ئاشکرا بوو چی پێشبینی لە منەوە کرابوو دەربارەی وەزعی نەفسی و ڕامیاری و ئابووری ئەو ناوچەیە بە ڕاست دەرچوو. لێرەدا جێی خۆیەتی پێشدەستی بکەم و بڵێم دواتر کە بە ناچاری لیژنەکان وەستێندران وەزیری زیراعەت تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی، وەک تۆ پێشنیازت کردبوو ساڵێکمان ئیسلاح زیراعی لەو ناوچانە ڕاگرت. پێم گوتەوە (بعد خراب البصره) تازە چ تامی ما؟ من حکومەت بم لە شەرمی ئابرووچوون پێ دادەگرم لەسەر ڕاپەڕاندنی قانوونەکە.

ئەمە لە لایەن حەزی نەفسەوە بەڵام لێکدانەوەی هۆش و ژیری شتێکی دیکە دەڵێت. زۆر بە سەیری

خەڵقی سەر بە حیزبەکەمان و عەشیرەتەکانیش وەهایان بردبووە مێشکی خۆیان کە عەبدولکەریم ناتوانێ فەوجێک عەسکەر ببزێوێت و هیچی پێ ناکرێت. قسەکەش یەکجار منداڵانە بوو بەڵام هەتا لە ئاکامی تەجرەبەی تاڵ و تفت و خوێناوییەوە و بە ماڵ کاولی و کۆست کەوتن، چرووکیی قسەکە دەرنەکەوێت هەر بەڕاست دەڕۆییشت، ئنجا ئەگەر هێزێکی غەیبی دەستی قودرەتی کردبایە مانیعی شەڕ هەر دەگوترا عەبدولکەریم هیچی پێ نەدەکرا. قسەی ئەوتۆیی وەک کە لە پێشەوە ڕاست نەبوونی بە ئیسپات ناگات دوای ماڵ کاول بوونیش کەس هەوەسی ئەوەی نامێنێ بە دوای کڵاوی بابردوو بکەوێت. ئەمە دەڵێم و دەشزانم و دەشمزانی عەبدولکەریم خەریکی پلانی خۆیەتی بەڵام هەتا لە توانامدا بووبایە، بە ئومێدی مەوهوومیش بێ، دواخستنی شەڕم بە چاک دەزانی بەڵکوو...

نە من داوای دیتنی عەبدولکەریمم کرد نە ئەویش ویستی بمبینێ. لەگەڵ (محسن رفيعي) کە مدیر ئیستیخبارات بوو قسەم کرد چوومە لای لیوا عەبدی. تا ئەو دەمە بە چاکی دەرکەوتبوو کۆیە و ڕانیە و قەڵادزە دژی ئەو ئیسلاحی زیراعییە یەک دەنگ و یەک ڕان و لەسەر بەرهەڵستی کردنی سوورن. وتووێژمان دۆستانە بوو، بە سەرڕاحەت گوتم، یەک دڵۆپ خوێن لە بەیندا برژێ کەلەبەرێک پەیدا دەبێ پڕ ناکرێتەوە. بۆ پتەوتر کردنی هەڵوەستی خۆم هێمام بۆ پێشنیازی وەخراندنی ئیسلاح زیراعی ئەو ناوچانەم کرد کە بە داخەوە پشتگوێ خرا، گوتم ئەگەر حکومەت ڕازییە بێهەرا ئەم کێشەیە چار بکرێت من لە خۆم ڕادەبینم بتوانم چاری بکەم. گوتی فلانەکەس بڕوات هەبێ هەتا لە ئیمکاندا بێ حەز دەکەین بە خۆشی و برایەتی مەسەلە چار بکرێت. گوتم مەرجی ئەساسیم ئەوەیە کەوا نە ئیدارەی هەولێر نە سلێمانی و نە قائد فرقەی کەرکووک تەدەخول نەکەن هەتا لایەک بە لایەک دەبێ، یان چارەی دۆستانە یان ئەوەی خۆتان دەیزانن. لیوا عەبدی بێوەخران هەولێر و سلێمانی و فیرقەی کەرکووکی تێگەیاند کە دەخلیان بەسەر ئەو وەزعەوە نەبێت و فلانە کەس چی بیەوێ وەها بکرێت.

بە لیوا عەبدیم گوت، من تەنها ملازم عەبدولقادر زیاد (ضابط احتياط) بوو لە (دفاع) کە برای مەحموودی کاکەزیادە بە یارمەتیدەر قبوڵ دەکەم. گوتی بۆچی کەسی دیکە بە تەما بووە تێکەڵ بەم ئیشە بێت؟ من ناوی کەسم نەهێنا بەڵام دەمزانی کەمالی عوسماناغا کە خۆی بە بەرپرسی کاروباری کوردەواری دەزانی لای عەبدولکەریم بە تەما بوو لەگەڵم بێت. ڕاستییەکەی لە لای منەوە هیچ بەرهەڵستی نەبوو لە هاتنی، بگرە پێشم خۆش بوو لەگەڵمدا بێت چونکە ڕێک کەوتنێکی کە خۆی هاتوچۆی تێدا کردبێت پتر جێی پەرۆشی دەبێت و بە چاکە لێی دەدوێت لای عەبدولکەریم . ئەوەی منی ناچار کرد بۆ دەربڕینی ئەو تێبینییە، شتێک بوو ئەگەر پشت گوێم خستبایە ڕێک کەوتن دەبووە نامومکین چونکە عەباسی مامەنداغا جارێکیان بە مەجلیس پێی گوتم هەر شتێکی کەمالی عوسماناغای تێدا بێت منی تێدا نیم. چ مەوداش نەبوو ئەو شتانە لەو ڕۆژەدا خورد بکەمەوە و دڵی کەمالی پێ بدەمەوە.

دەمەو عەسرێک من و قادری کاکە زیاد و شێخ فاتیحی خاڵە سەدر بەرەو کەرکووک بەغدامان بەجێ هێشت. پاش دەڵتاوە سایەقەکە ڕێی هەڵە کرد بەرەو (بلد) ڕۆیی. شەو داهات هەر دەڕۆیشتین، سایەقەکەشمان دەیگوت ئەم ڕێگایە وەک بەری دەستی خۆم شارەزام. لە پڕ ئۆتۆمۆبیلمان ڕاوەستا، تومەز بۆڕیەی بەنزینی بەرهەڵبووبوو هەتا ئیشکایی هات لێی ڕژابوو. گەڕاینەوە بە پێیان بۆ لای

خەرمانە دەغڵێکی پێیدا تێپەڕیبووین بەڵکوو ئاوێکی لا دەخۆینەوە. نە ئاو نە نان نە نوێن هیچی لا نەبوو توومەز وەکوو مارمێلکە دەژیا ڕەنگە لە برسییاتیدا گوڵە دەغڵی گڵۆفتبێ و دەنکەکانی خواردبێ.. لۆرییەکی شفتی هەڵگر هات هەڵی گرتین بۆ دەڵتاوە. خاوەنەکەی گەنجێکی باقووبەیی بوو تا بڵێی مەرد، لە دەڵتاوە مەسرەفی چایەخانەی دا و زۆری ئیلحاح کرد شەو لیی مێوان بین بەڵام عوزری نەتوانینمان هێنایەوە.

لە ئۆتێلێک ڕامانبوارد هەر هەندە لە بارەی خاوێنییەوە دەڵێم، سبەینێ بۆیە بێزم هات قۆندەرەم بە چەرچەفی سەر قەریۆلەکەی بسڕمەوە چونکە بە شەو لە سەری پاڵ کەوتبووم. تەپۆی ئەوەندە زل و زۆری هەبوو نەیدەهێشت خەومان لێ بکەوێ. سبەینێ سایەقەکە چاری ئۆتۆمۆبیلەکەی کرد و بەڕێ کەوتین. لە کۆیێ بیستم لەشکری پژدەر گەیشتۆتە بەر دەربەند. پێش ئەوەی مەحمووداغا ببینم بێوەستان چوومە لای جەماعەت لە ڕانیە و قەڵادزە. تێم گەیاندن کە لیوا عەبدی دەسەڵاتی پێ داوم چارەی مەسەلەکە بکەم. لێم داواکردن هەموو بزووتنەوەیەک ڕابگرن. سەردانی قەڵادزە و شێخ حەسەنی حاجی سەید و هەندێک لە ئاغاکانم کرد ئەوانیش پێیان خۆش بوو. بەشێکی لەشکری پژدەر تا بۆسکێن هاتبوو، تاقمی عەباساغا و سمایلاغا و ئەنوەر بەگیش ئامادە بوون. ڕاستییەکەی لێم نەپرسین لەشکرەکەیان بۆ کوێ و بۆ چییە. بە دیار خەبەرێکی بۆیان دەنێرمەوە خێرا گەڕامەوە کۆیێ. وەڵامم بۆ مەحمووداغا نارد کە دەمەوێ ببینم، وەڵامی موافەقەی ناردەوە بۆم.

سبەینێ من و عەبدولقادر چووین لە دوورایی دوو سەعاتە ڕێگایەکی سواری، لە بناری شاخ دیدەنیی یەکترمان کرد. پێم گوت فلانکەس هەتا ئەم سەعاتە کارێکی کردووتە بەرژەوەندی پێوەیە، بەدڵیش حەزم کرد لە مەیدانی عەشیرەتگەری تۆش کە کۆییت ناو و شۆرەتی سەرۆکەکانی ڕانیە و پژدەرت هەبێ. ئەم بزووتنەوەیەت لەم ڕووەوە کاری خۆی کردوە. بەڵام چی دیکەی بە دوادا بێت بەرژەوەندی تێدا نابێت. لە هەموو ڕوویەکەوە وەزعم بۆ ڕوون کردەوە. وەڵامی دامەوە گوتی چ بە چاک دەزانی بە قسەت دەکەم بەڵام وەها مەکە زمان کورت دەربێم لای هاوپەیمانەکانم. لەم لایەنە متمانەم پێ دا و گەڕامەوە کۆیێ.

خەبەرم دایە گرووپی ڕانیە، جێگایەک دیاری بکەن لێی کۆ ببینەوە بۆ وتووێژ و مەسڵەحەت لێ کردن. گردجانیان ڕەچاو کرد کە ماڵی سمایلی سواراغای لێ بوو بۆ کۆبوونەوە. لە ئێوارەیەکی دیاریکراودا، کە چوومە دیوەخانی سمایلاغا هەرچی بەردەر و پژدەر هەیە کۆبوونەوە، ئەندامانی لیژنەی کۆیە و ڕانیە و نازانم کوێش هەمووی حازر بوون. بە نان خواردنەوە هەتا دوای سەعات ١٢ی نیوەشەو خەریکی قسە و بەرژەوەند دۆزی و گیروگرفتی هەمە چەشنەی ناوچەکە و بەولاتریشەوە بووین. لیژنەکان پێیان خۆش نەبوو ڕێک کەوتن هەبێ بەڵام بێدەنگ بوون. لە ئاکامدا هەرچی سوێندخۆر بوون پەسەندی تەجرەبەی ڕێککەوتنیان کرد. بڕیاریش درا مەحمووداغا هەر ئەو شەوە لەگەڵ مندا بێتەوە کۆیێ و سبەینێ بچێتە لای قایمقام کە ئیتر ئەسەرێکی ڕاونانی لیژنەی مدیر ناحیەی تەقتەق نەمێنێ. بڵاوەی لێ کرا بەو ئومێدەی کە من دوای چوونم بۆ بەغدا و ئاکامی دیدەنیم لەگەڵ لیوا عەبدی خەبەری چەند و چۆنییان پێ بگەیەنم.

سبەینێ لەسەر وەعدە بە قەڵەباڵغی چووین بۆ لای قایمقام. من هەرچەند دڵنیا بووم لەوەی حکومەت

نیازێکی نهێنی نییە مەترسیی لێ بکەم، قایمقامیش، (رعد مشحن الحردان)، لە بنەماڵەی عەشیرەتی و برابچکۆڵەی (محمد مشحن الحردان)یش بوو کە بەیەکەوە هەواڵی حقوق و نیابەتیش بووین لەگەڵ ئەمەشدا هەمووم تێگەیاندن کە سەر و دەمانچە لە بن جلکیان ببەستن تا ئەگەر نیازێکی گوماناوییان بەدی کرد لە حکومەت دەست نەپارێزن. قایمقام لەحەدبەدەر بەخێری هێنایین، زۆری نەبرد موتەسەڕڕیف بەدرەددین عەلی تەلەفۆنی لەگەڵدا کردم گوتی حەز دەکەم ئەم جوامێرە ببینم تەنها بۆ دیتن هیچ نیازێکی دیکەم نییە. پێم گوت، خۆت دەزانی لە بەغداوە بە چ مەرجێک من بەرپرسیاری ئەم ئیشە بووم، سوێندی بە ناموسی خوارد کە دڵ لە دڵێ نەدەم. بۆ سبەینێ لەگەڵ مەحموود چووینە هەولێر، یەکسەر ڕێیان بۆ چۆڵ کردین تا ژووری موتەسەڕڕیف. بەینێک لای ماینەوە بە وەعدەی خۆی وەفای کرد و تەنها دیتنی مەحموودی مەبەست بوو. وەهام لەبیرە کە گەڕابێتمەوە کۆیێ ئنجا چووبێتمە بەغدا.

بەرەی چەپ لە کۆیێ، وەکوو لیژنەکانی پارتیی ئەو ناوە، حەزیان لەو ڕێککەوتنە نەکرد چونکە بە تەما بوون تێکچوونی عەبدولکەریم لەگەڵ بەرەی قەومی ناچاری بکات بە ئاشت بوونەوە لەگەڵ ئەواندا. دواتر دەرکەوت ئەم ئومێدەیان بێجێ بوو.

لە بەغدا بێوەخران چوومە لای لیوا عەبدی، خوێنەر باوەڕی هەبێ کە ئەم پیاوە لەو مەسڵەتییە وەکوو گوڵ گەشابۆوە، پڕ بە دڵ شکرانە بژێریی خوای دەکرد لەسەر ڕەوینەوەی تەگەرەی وەها زل. هەموو موشکیلەکانی ئەو ناوەم بۆ باس کرد بۆ هەمووشی چارەی ئاسان هەبوو. چەند ڕۆژێک خەریک بووین بزانین سەرجەم ئەم گیروگرفتانە چەندی مەسرەف پێویستە و چۆناوچۆنی سەغڵەتیی ژێر ئاو بوونی زەوی و زاری دەوری گۆمی دوکان چارە بکرێت. بە حیسابێکی دڵ فەراحانە مەسرەفی بە پەلە لە نیو ملیۆنی تێنەدەپەڕاند، گەلێک موشکیلەش لە بنەڕەتدا پارەی لزووم نەبوو وەک فەحسی تووتن کە غەدری تێدا نەکرێ وەیا تەعدیلی قانوونی تەسوییە بۆ سەر باری جارانی وەیا بە هەند هەڵگرتنی خوێندن و سەقافەتی کوردی. بە دوا ئەمانەدا خێرایی کردن لە تەعویزی ئاواییەکانی دوو گۆمی دوکان و دەربەندیخان کە شتێک بوو بە ئەستۆی حکومەتەوە بوو بێ ئەوەی لزووم بکات بە نووکە چەقۆ بیری بخەیتەوە.

نوختەی هەرە گرنگ کە هەنگاوی قۆناغی پاش ڕێک کەوتنەوە بوو بریتی بوو لە بەرتەرەف کردنی ناکۆکیی نێوان حکومەت و نوێنەرانی کوردایەتی. لەمیاندا پشووی درێژتر گەرەک بوو، چەندێکی ناویشیم دەبرد لیوا عەبدی دەیگوت (بتیسیر الله) ئەم تەگەرەیەش بە خۆشی چار دەکرێت. گەشە گەشە و خۆشی خۆشیی لیوا عەبدی لە کاردا بوو، هەردووکمان سەرگەرمی (حساب الفرح)ی ئاشتی و هێمنی بووین، قەزای ناگەهان لە حەشارگەی خۆیدا خەریکی بڕیارێک بوو دژی هەموو گەشبینیەکانمان. لەپڕ بێ ئەوەی لایەنی لیوا عەبدی و محسن ڕفێعی ئاگادار بن عەبدولکەریم فەرمانی گرتنی هەموو سەرۆک عەشیرەتەکانی دا. عەبدی بە پەلە بوو لە هاتنی مەحموود بۆ لای، من مۆڵەتم دەخواست تا لەو حیسابانەی بەردەستمان دەبینەوە، تومەز عەبدولکەریم بێ ئەوەی خۆی لە ئیشی لیوا عەبدی هەڵقوتێنێ لێکدانەوەی خۆی دەکرد.

من نازانم و نەمزانی چ پرووشکێک بوو قاوی سەبیلی هەڵکرد، بەڵام دڵنیام لەوەی کەمالی عوسماناغا

دەستی هەبوو لە تیژ کردنەوەی چەرخی چەخماخی سەبیل هەڵکردنەکە. دەزانم بە ئاسانی ناچێتە دڵانەوە بڕیاری وەها گرنگ و پەیوەست بە چارەنووسی وڵاتێکەوە بە لێک خشاندنی دوو چیلکەی ناو دەستی کەماڵەوە پرووشکی سووتێنەری لێ هەڵبەزێتەوە بۆ گەلە خەرمانی وڵاتێکی وەک عێراق. قەتیش ناڵێم تۆی بڕیارەکە بە دەستی کەمال تێچێنی دەروونی عەبدولکەریم کرا. بەڵام دەبێ بزانین عەبدولکەریم مرۆیەکی بابەت «هەوایی» بوو. لە سێ ساڵی ڕابوردوودا گەلێک هەڵوەست و پۆزی کە وەریدەگرت ڕەنگی تۆخمی شانۆگەرییان پێوە دیار بوو کە حاڵەتێکە لەسەر بنگەی باری دەروون هەڵدەستێ نەک بەرژەوەند و لێکدانەوەی قووڵ. پیاوی وەها لەوانەیە بە قسەیەکی ناخۆش بڕیارێکی گرنگ بدات یان لە بڕیارەکە دابەزێت.

لێرەدا دیسانەوە پێشدەستی دەکەم بۆ ڕوون کردنەوەی پایەی کەمال لای عەبدولکەریم. پاش نەمانی عەبدولکەریم بە چەند ساڵێک لەگەڵ (محسن رفيعي) چووینە ئەحواڵپرسیی لیوا عەبدی لە خەستەخانەیەکی بەغدا بە نەساغی بەسەری دەبرد. قسە ڕۆیشتەوە بۆ وەزعی عەبدولکەریم، هەموو ئەو بارە ناڵەبارانەی کە من دەمدیت لە کردەوەی ئەوتۆیی کە لە پیاوی سیاسی دوور بوو بگرە لێی نەدەوەشایەوە ئەوانیش لێیان بەدی کردبوو لە منیش چاکتر ئاگاداریان بوون، تا قسە گەییشتە دەسەڵاتی کەمال هەردووکیان شتی وەهایان لێ گێڕایەوە عەقڵ نەیدەسەلماند. (محسن رفيعي) گوتی، لای خۆی من مدیری ئیستیخبارات بووم وەها دەبوو کاری گرنگ داخوازی دەکرد بچمە لای، دوو سەعات و سێ سەعات لە ژووری مورافیق دادەنیشتم بە دیار ڕوخسەت دانمەوە کەچی کەمال بێوەخران و بەو پەڕی ڕەهایییەوە لێی دەچووە ژوورێ.

بگەڕێیەوە بۆ مێژوو، نەک لە کتێبی دیراسە و فەلسەفەی مێژوو بەڵکوو لە یاداشتی پیاوە مێژوویییەکان دەبینی لە بۆ خاتری دۆستێک ببێتە سەفیر وەیا ناپۆلیۆن لە پێناو خزم و برای شەڕ و گێچەڵی ناوەتەوە. عەبدولکەریمیش بنیادەمە کۆمپیوتەر نییە، لە ناپۆلیۆنیش پتر ئەسیری ئەوە بوو پێی دەڵێن Mood. لەگەڵ ئەمەشدا دەوری کەمال زۆر بێ یان نەبێ تازە کار ناکاتە ڕۆژگاری تێپەڕیو، بەڵام لە لایەن خۆمەوە باوەڕم هەیە بەوەی گوتم.

لیوا عەبدی بە ڕوویدا دیار بوو ئیشەکەی لە دەستدا شکا بەڵام بە زمان بە لای عەبدولکەریمدا دەچۆوە، چوونەوەیەکی نا بەدڵ. خەبەر گەییشت کە وەزعی وڵات شێواوە و هەموو عەشیرەتەکان لە حکومەت پشت ڕێ بوون و ڕێ و بان لە ڕووی حکومەت بەستراوە. ئەوەی لێی دەترسام و دەمەویست کوردستانی لێ ڕزگار بێت بە تووشەوە بوو ئنجا وەرە شانەی بۆ هەڵبگرە.

لەگەڵ لیوا عەبدی کە هەرچی بمانگوتبایە و بمانکردایە ئەسەرێکی بنەڕەتی نەدەبوو لە کاکڵ و ناوەڕۆکی بڕیار و خوایشتەکانی عەبدولکەریم، بە دەست خۆمان نەبوو لەوە دەدواین ئاخۆ چ ئیمکان هەیە شەلەگەیەکی لابەلا بخرێتە گۆمی پەنگاوداوی دڕدۆنگی و گومان لێکدی کردن و لێک پڕبوونی ئەو چەند مانگەی دوایی بەڵکوو هەر نەبێ بناوانەکە بە تەواوی نەڕمێت. وەهامان پەسەند کرد کە من سەرەتاتکەیەک بکەم لە ناوچەکە و نەبزێکی ئەو خەڵقە بگرم. بێگومان من لە عەبدی گەلێک سەغڵەتتر بووم چونکە هەرچی خۆشم دەویت کەوتە مەترسییەوە. بە ئاگاداریی لیوا عەبدی هاتمە سلێمانی.

موتەسەڕریفی بۆ دانەندرابۆوە دوای باقر دجیلی، معاون موتەسەڕریف جێگری بوو. لە ژوورەکەی ئەو، یوسف ئەلنەقیب و حسین شێروانی، مدیر ئەمن بوو، و یەکێکی دیکەش کە لەبیرم نەماوە کێ بوو حازربوون، قسە لەوە دەکرا چ بەرژەوەندێک مومکینە کە لەو وەزعە بدۆزرێتەوە. پێشنیاز کرا نوێنەرانی حکومەت بچنە ڕانیە و قەڵادزە، منیش بچم، بۆ تێکگەییشتن لەگەڵ ئەو سەرۆکانە. وەکیل موتەسەڕریف گوتی من ناتوانم بێم هەتا ئەمری گرتنیان نەوەستێندرێ. لە ژوورەکەی ئەو تەلەفۆنم کرد لەگەڵ لیوا عەبدی و تێمگەیاند (الوضع مستفحل) وەکیل موتەسەڕریفیش هەتا ئەمری گرتنی سەرۆک عەشیرەتەکان لە لایەن تۆوە تەئجیل نەکرێ لە خۆی ڕانابینێ پێوەندییان پێوە بکات. گوتی هەر ئێستا بە بروسکە ئەو ئەمرەی دەگاتێ. تەلەفۆنەکەم دایە وەکیلی موتەسەڕریف هەتا یەکسەر لەگەڵ لیوا عەبدی تێک بگەن.

ئەو مەئموورە زلانە جانتای سەفەرییان حازر کرد و بە دیار بەرقیەی حاکم عەسکەری عامەوە دانیشتن. بەرقیە نەهات و نەهات. تومەز لیوا عەبدی نەیدەزانی لەو ئیشەدا هیچ دەسەڵاتێکی بۆ ڕەچاو نەکرابوو، لە هیچ سەروبەرێکی نە تەنها پرسی پێ نەکرابوو بەڵکوو ئاگاداریش نەبوو. بێگومان و سەد جار بێگومان کەمالی عوسماناغا گەلێک لە ئەویش و لە موحسن ڕوفێعیش ئاگادارتر بوو.

هەڵگیرسانی سەرلەبەری ئەو هەرێمە لە سۆنگەی دەرچوونی فەرمانی گرتنی سەرۆک عەشیرەتەکانەوە دەرسێکی کۆمەلایەتی و ڕامیاریی لەگەڵدا بوو بۆ چاوێکی بیویستبایە ڕاستی و واقع لە خۆی نەشارێتەوە. ئەو هەموو ناودارانەی حیزب و ئەندامە چالاکەکانی فەرمانی گرتنیان دەرچوو، هەبوو تێیاندا گیراشن، هیچ کەس گوێی پێ نەبزووت و دنیای بۆ نەورووژا، کەچی چوار پێنج «اقطاعی» کە ساڵەهای ساڵ بوو مێشکی خەڵق لە دژیان دەئاخندرا و یاسای تەسوییە و ئیسلاح زیراعی و ئامانجەکانی شۆڕشی چواردەی تەمووزیش خەریکی بە هیچ دانانیان بوو، بەرانبەر فەرمانی حکومەت ڕاست بوونەوە دنیایان بە دوادا هات.

حیزب کەوا جگە لە هەندێ لیژنەی محەللی بەولاوە لە بەرنامەیدا نەبوو هەڵستێتە سەرپێچی و یاخی گەری ناچار ما لە ترسی ڕووتانەوە باوەش بەو هەڵکەوتەدا بگرێت. تا ئێستاکەش ڕێکاری بۆچوون و بیرکردنەوەی جەماوەر هەر وەهایە. لە نموونەدا دەڵێم شێخ زادەیەک لە هەولێر بە کارەساتی ئۆتۆمۆبیل تێدا چوو دەیان هەزار ڕەش و ڕووت و فەلاح و عەمەلە وتوجار و کاسبکار، جگە لە هەموو حکومەت، بە دوای جەنازەیدا ڕۆیی. ئەدیبێکی سەر بە چەپ لە هەولێر لە ناکاتدا مەرگ پێچایەوە تاکوتەرای ئەو خەڵقەی لەگەڵدا چوو بۆ گۆڕستان. هەر دوو ڕووداو هی ١٩٨٧ بوون، منیش لێرەدا ئەم تێبینییە لە شەوی نێوان ڕۆژی یەکەم و دووەمی مارتی ١٩٨٨ دەنووسم، سێ دەقیقەی لاداوە لە سەعات یەکی پاش نیوەشەو، هۆشێکیشم لای گرمەی تەما پێ بووی مووشەکی ئێرانە داخوا، خوا چەپەرەمان بدات، کەی دەتەقێتەوە.

پاش ئەوەی ڕووی دا و باسم کرد لە پسانی مووی معاوییەی نێوان حکومەت و سەرۆک عەشیرەتەکان هیچ تروسکە نەما نەکوژێتەوە لەوانەی من بە بەرچاوی خۆممدا دەهێنان و بە ئومێدی پووچەڵ فتیلم هەڵدەکێشان.

لە یەکەم دیدەنیم لەگەڵ عەبدولکەریم تا ئەو ڕۆژەی کە دەبدەبەی یاری پێ کردنی منداڵانە بە نووکە دەرزی ئەو بڕیارە عەنتەرئاکارەی گرتنی سەرۆکەکان فشایەوە، من ئەوەندە ماندوو بووم و هێندەم پشوو خواردبۆوە و زێدە مەسرەفم بە ملدا هاتبوو چی دیکەم بە بەرەوە نەمابوو هەڵیگوشم. چوومەوە کۆیێ و بێدەخل لێی دانیشتم. بە ناچاری، دوای هەندێک پاشماوەی مەشغەڵەتی ئەو چەند مانگە دەکەوتم وەک مەسەلەی موحاکەمەی عورفیی سەر بە قوتابییەکان. ڕاستییەکەی ئەگەر وردبینیی لە دیارکردنی مێژووی ڕووداو دەبێ سەرەتای شێواوی و ئاژاوە و بگرەببەستە لە هەڵستانی مەحموودەوە دەست پێ بکات نەک یازدەی ئەیلوول. ئەو ڕۆژە دەست نیشانەی ئەیلوول سەرەتای بزووتنەوەی لەشکر و فڕۆکەکانی حکومەتە. ڕەنگە یەکی حوزێران لە بار بێت بۆ ئەو مێژووە.

دەیانگوت بەدرەددین عەلی بە عەبدولکەریمی گوتبوو ئەو یاغییانە ڕێگای هاموشۆی نێوان شارەکان دەگرن. عەبدولکەریم گوتبووی (الشعب فی إنطلاق...) تۆ بڵێی زەعیمیش و بەدرەددینیش ئەگەر دەفتەری غەیبیان خوێندبایەوە و دوارۆژیان تێدا دیتبایە دەبوو ئەوە بکەن کە کردیان؟ لە زۆر باردا (حتمیة)ی ڕووداو لە دەروونی مرۆڤ دەزێتەوە نەک لە زاڵ بوونی داخوازی واقیع بەسەر ئیرادەی مرۆڤدا. لیوا عەبدی دەسەڵاتی هەبایە (حتمیة) شتێک دەبوو زۆر جودا بێت لەوەی ڕووی دا...

لەو هاوینەی ١٩٦١ ماڵی ئێمە و ماڵی مامم وەکوو هەموو هاوینێک چوونە چنارۆک، من لە کۆیە مامەوە، قەت وەها نەبووە ماڵی ئێمە لە کۆیێ دوای چوونمان بۆ چنارۆک چۆڵ بووبێت، بایی ئاوەدانیی دەرگە کراوەیی خەڵقی تێدا بووە بەڵام ئەو ساڵە دوای تێک چوونی عەشرەتەکان لەگەڵ حکومەت هەمیشە شوێنی وەک چنارۆک وێڕای ماڵەکانی ئێمە و خاوەن ڕەز و باغەکان چەکداری عەشایری تێدا دەبوون، زۆریشیان کە ناسیاو و هێندێکیان خزمیش بوون دەچوونە مەجلیسی دایکم لە ژێر کەپرە تەقلیدیەکەی قەدپاڵی گردی هۆبەی مەلایان کە پێشی دەگوترێ گردی دارتێلان چونکە خەتی تەلەفۆنی کۆیە و ڕانیە لە سەرووی شاخەوە دەهات هەتا دەگەییشتە دارتێلێکی تۆپەڵەی گردی پشت کەپرەکانەوە، لەوێوە هەتا ناو باغەکان تێل وەکوو ڕست، بێ دارتێل، بە هەواوە سەرەژێر دەبوونەوە. ئەو دۆست و خزمانە کە جارێ گەرمەتەریق بوون لە چەک هەڵگرتن دژی حکومەت دەیانگوت، بەوەندە سوێند و قورئانە مانگێک نابا عەبدولکەریم ڕجا لە فلانەکەس دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو نا...لیەی کردی. وەی کە (ئامین)م دەکێشا لەو دوعایە نامەقبووڵە. کوردستانەکەمان، وەها بزانم، بە خڕی بووە مەیدانی چەکداری عەشاییر.

لێرەدا بەر لەوەی دەرفەتی قسەیێکم لە دەست بچێت و نەتوانم بۆی بگەڕێمەوە دەڵێم من کە زووتر گوتم عەباسی مامەنداغا سەر بە لایەنێک بوو نەک هەر لە خۆوە ئەو هەڵوەستە نەگونجاوەی لەگەڵ بڕیارە گشتییەکانی پێشوو هەڵبژارد، لەو دەمانەدا جارێ بەڵگەم نەبوو هەر بە لێکدانەوە گەییشتبوومە ئەو قەناعەتە، دواتر لەم و لەو بە فسکە و قسەی ژێر لێو پترم بۆ ڕوون بۆوە هەتا بەر لە سێ چوار مانگێک لە ڕێکەوتدا مامۆستا حیلمی شەریف گوتی لە دەمی عەباساغای بیست کە بە فەرمانی لە خۆی گەورەتر چەکی هەڵگرتووە و ڕێی هاتوچۆی حکومەتی بەستووە. بە تێرادیتەیی ئەم شایەدییەی مامۆستا حیلمیم بە پاڵپشتی بۆچوونە کۆنەکەی ساڵی ١٩٦١ی خۆمم هێنایەوە، دەنگیشم نەدەگەییشتە مامۆستا حیلمی ئیزنی لێ وەربگرم.

ئاڵقەی چواردەیەم

سەرکێشی لە عەشایر و حیزبەوە بەردەوام بوو، حکومەتیش لە ڕواڵەتدا هەڵوەستێکی نایەتی (سلبیة) هەبوو بەڵام دەمزانی دەقەومێت و خراپیش دەقەومێت.

لەو هاوینەدا نزیک بوونەوەم لە شێخ ڕەئووفی خانەقا، لە کەرکووک، بە نیازی خزم بوون کێشایەوە بۆ خوازبێنیی کچە گەورەکەی. ئەم هەنگاوە کە مەسرەف بە دوا خۆیدا ڕادەکێشێت وەهای لێ کردم پتر هەوڵ بدەم بۆ دەرامەد لە ڕێی محاماتەوە. ئەو ساڵە هەتا ڕۆژی ١٩٦١/٩/١١ کە لەشکر بزووت و بۆمبارمان دەستی پێکرد شەش هەزار دینارم لە محامات بۆ هات. نابێ خەیاڵیش بۆ ئەوە بڕوات کەوا ڕەنگە پێوەندیم بە عەبدولکەریمەوە دەخلێکی بەو دەرامەدە هەبووبێ. بە دڵنیاییەوە دەڵێم دۆستایەتیم لەگەڵ عەبدولکەریم لە لایەن مەسرەفەوە بە گران دەکەوت لە سەرم. بە نموونە، ئەو ٣٥ کەسەی کە لە بەندیخانەی کەرکووک بە ڕجای من بەربوون سەد دیناری خستە کیسمەوە لە بری مەسرەفێکی کردم کە لەو سەفەرەدا دووسەد دیناری تێپەڕاند، ئەو سەد دینارەش کاکە حسێنی خانەقا و کاکەی حاجی مەحموود بە تەقیە و شەرمەوە بە ناوی کاڵەک دڕانە هێنایان منیش بە شەرمەوە لەبەر حورمەتی ئەوان وەرمگرت دەنا کەس نییە پیاوەتیی وەها گەورە بە پارەی وەها کەم بفرۆشێت. زەیدی ئەحمەد ئەفەندی ئاگاداری مەسەلەکە بوو، نیوە نوکتە و نیوە ڕاست، دەیگوت، دەعوای وەهام لە بۆ بێ پێی دەوڵەمەند دەبم... هەرچۆنێک بێت دەردە ئەزەلییە میراتییەکەی بەزینی لەنگەری دەرامەد و مەسرەف نە ئەوسا و نە لە هیچ پلەیەکی عومرمدا ڕەهای نەکردووم، نە پەرۆشیشی لێ دەخۆم نە ئەگەر سەر لەنوێ بە ژیاندا بێمەوە ڕێبازگۆڕی دەکەم.

شاهی کە نەبێ ڕادەبوێرین بە فەقیری
بۆ ئەهلی قەناعەت لە پڵاو خۆشترە داندووک

مەحامات و مەشغەڵەتی عادەتی و سەروبەری خوازبێنی سەفەری پێ دەکردم بۆ هەولێر و کەرکووک و بەغدا و سلێمانی. لە سەفەرێکی سلێمانیم یەک سەلاجەی نەوتی و یەک میانەی تەورێزی (٣×٤)م کڕی بە مەرجێک لە دە مانگدا نرخەکەیان پێ بدەم. ئەوسا میانەی تەورێزی بە هەشتا دینار بوو، نرخی سەلاجەکەم لەبیر نەماوە. کارەبای کۆیێ (دی سی) بوو سەلاجەی نەدەگێڕا.

هاوین وردە وردە خشکەی بەرەو پاییزی دەکرد، دنیاش بێسەروبەر تەلەزگە بەستوو بوو، خەڵقیش بە دیار قەزاوقەدەرەوە چاوی دەزەقایەوە. لە لایەن چەک هەڵگرانەوە هیچ ڕێگە نەبوو سەر بە خۆشییەوە بنێت وەیا چارە بدۆزێتەوە وەیا چەک فڕێ بدات.

گەییشتینە ئەیلوول، ڕەنگە سێی ئەیلوول بوو لە بەغدا دەگەڕامەوە شەو لە کەرکووک مامەوە. لە نادیی

زاپتان لەگەڵ یەک دوو زاپتی کورد دانیشتین لە باسی ئەو حاڵ و بارە دەدواین. زۆرم پێ سەیر بوو زاپتێکیان کە کۆیی و کۆنە برادەری قوتابخانەی سەرەتاییشم بوو بێباکانە لە بێهێزیی جەیش دەدوا تا ئەوەی چارەسەرکردنی فرۆکەکانیشی بەلاوە زۆر ئاسان بوو. من لەو وتووێژە گوێگر بووم پتر لەوەی بێژەر بم، چونکە چ دەسەڵاتیشم نەبوو فەرقێکی نەدەکرد باوەڕم پێی کردبایە یان نا. دواتر دەرکەوت ئەو گەشبینییە هیچی بەسەر هیچەوە نەبوو.

ئێستاکە لەبیرم نەماوە چۆناوچۆنی بوو لەگەڵ قائیدی فیرقەی دوو و موتەسەڕریفی کەرکووک بە شەو لە نادی زاپتان کۆبوومەوە. من هیچ کامیانم نەدەناسی و پێشتر نەمدیتبوون ، لە ساڵانی دواتردا زانیم موتەسەڕریفەکە سەید عەبدوڕڕەزاق سەید مەحموود بوو کە ئەویش عەسکەری بوو. لە ساڵی ١٩٦٣ش بووبووە موتەسەڕریفی سلێمانی. باوەڕت هەبێ لە دەمی دانیشتنمان نەمدەزانی کامیان قائدە کامیان موتەسەڕریف، چونکە هەردوویان جلکی سویلیان لەبەردا بوو بەڵام ئەوان منیان باش دەناسی. من بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵوەستی حکومەت، هی جەیش بە تایبەتی، ئەم دیدەنییەم کرد، بۆ ئومێدێکیش بە دڵمدا دەهات بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەکی ئاشتبوونەوە. لە قساندا تێگەییشتم کە بەو زووانە جەیش دەبزوێ بەرەو کۆیە و ڕانیە و هەر شوێنێکی پێویست بێ. بۆم دەرکەوت هەر ئەوەندە دەسەلمێنن کە کەسێکی بیەوێ سەلامەت دەرچێ لەو گرووپەی چەکیان هەڵگرتووە دەتوانێ لەم دووسێ ڕۆژەدا خۆی بکێشێتەوە ئەگەر ئارەزۆشی بوو بێتە کەرکووک موتەسەڕریف و قائد فرقە ڕێزی لێ دەنێن. لەم بوارەوە بۆ قسەیەک چوون زانیم باشم دەناسن، گوتیان خاڵەکانت و دۆستی دیکەت کە قسەت بیانگاتێ با فرسەت نەدۆڕێنن، ئێمە چی چاکەی ئەوان بێت وەعدی شەرەف بێت وەها دەکەین. من چونکە دەمزانی خاڵەکانم و کەسی دیکەش ئامادەی هەنگاوی ئەوتۆیی نین، خۆیشم بە وەهممدا تێنەدەپەڕی تەکلیفی ئەوتۆ لە کەس بکەم، لەو دوو کەسەم نەپرسی ئێوە چۆناوچۆنی دەتوانن پەنای کەسێک بدەن کە لە لایەن زەعیمەوە فەرمانی گیرانیان دەرچووبێت، ڕێشی تێدەچوو قائد فرقە وەیا موتەسەڕریف لە باری وەهادا بە نامەی بەرژەوەندی ئاسایش دەسەڵاتیان پێ درابێ. من تەنها ئەوەندەم لێ پرسین هەتا چەند ڕۆژی دیکە مۆڵەت هەیە بۆ هەوڵێکی ئەوتۆیی؟ وابزانم پێنج ڕۆژیان مۆڵەت ناو هێنا.

سبەینێ چوومەوە کۆیێ یاتاغی بێئومێدیم لێ ڕایەخست و لە خەفەت خواردن نەبێ هیچی دیکەم نەکرد. لەو ڕۆژانەدا کە حکومەتی ناوشار دەسەڵاتی نەمابوو لەبەر چەکداری حیزب و عەشیرەت لەگەڵ کاکە زیاددا زوو زوو سەری قایمقام (رعد مشحن الحردان)مان دەدا. ماڵەکانمان لە چناڕۆک هاتبوونەوە شار.

ڕۆژی دەی ئەیلوول دەمەو عەسر تەیارەیەکی مۆدێل کۆنی تەنبەڵ بەسەر شاردا تێپەڕی و بەیاننامەیەکی هەڕەشەی فڕێ دا بە هەزاران نوسخە، کەوا سبەینێ لەشکر بەرەو کۆیێ دێ، هەر بەرهەڵستی و دەست کردنەوەیەک بەرانبەر لەشکر بکرێ شارەکە کاول دەبێت. بەیانیی ڕۆژی یازدەی ئەیلوول لە بانی کۆشک جارێ بەسەر چارپاوە ڕاکشابووم ڕۆژیش گزنگی نەدابوو دیتم لە لای ڕۆژاوای جنوبییەوە دوو تەیارە وەکوو دوو برا داهاتنە زەوی و دووکەڵی تەقەمەنیشیان بە دوایانەوە شریتەی پێچەڵ پێچی دەکێشا. زانیم ئەم هێرشە بۆ سەر نوختەی تەفتیشی چەکدارەکان بوو کە لە سێ

کیلۆمەتری شارەوە بەسەر سێرییانی هەولێر و کەرکووک و کۆیەوەیان ساز دابوو. یەکسەر ڕاست بوومەوە دەنگی خەڵقم دا کە لە سەربانان نەمێنن نەکا بێلزووم ببنە ئامانجی شەستیری فڕۆکەی گێچەڵاوی. نەختێک بێباکی وەیا نەشارەزایی سەری کێشایەوە بۆ ئەوەی پیکەپێکی کۆمەڵە کرێکارێکی سواربوو بوو لە ڕۆخ شارەوە بۆ سەر ئیشی خۆیانی دەبردن تەیارەیان گەییشتێ و گوللەبارانی کردن عەمەلەیەک کوژرا. بەمەدا خەڵق ترسی ڕێنیشت، تەنانەت حەمە عەلی ئامۆزام لە سەربانی کۆشک چاوی لێ بوو تەیارەکە تەقەی کرد بەڵام پیکەپەکە بۆ حەمە عەلی لە نەدیودا بوو، لەو بەرزەوە بە دەنگی بڵند گوتی مەترسێن ئەوە تەقەی ترساندنە، جارێ لە سەربان بوو خەبەر هات کە عەمەلەیەک کوژراوە و پیکەپ پێکراوە کاکە عەلی وەها ترسا بە زەحمەت لە قادرمان هاتە خوارێ. لەگەڵ کاکە زیاد ئەو ڕۆژەش بەینێکی تەواو لای (رعد) بووین. چەکدارەکان نوختەی تەفتیشیان چۆڵ کرد و بۆی دەرچوون چونکە تفەنگی هەناسە سارد چی پێ ناکرێ لەگەڵ تەیارەی میگ، مانەوەی چەکدار لە شوێنی خۆی، دوای ئاشکرابوونی، لە مردن بەولاوە چی دی پێوە نییە.

هێزێکی قەڵەباڵغی عەشایر لە دێگەڵە بوو، وەختێکی جەیشیان لێ نزیک بۆوە و چەند تەقەیەکی لێ کردن هەموویان پایدۆستیان لێ کرد. شەوێ، دنیا تاریک بوو بوو، جەیش گەییشتە شار، ژنانی سەر بە چەپ بە چەپڵەڕێزان بە خێریان هێنان، بەڵام مەرحەبای لێ نەکردن. من و کۆمەڵێکی کەسانی ماڵی خۆم و هی مامم و هەندێ خزمی دیکە لەسەربانی کۆشکی دیوەخانە بووین کە لە دەوروپشتی خۆی بەرزتر بوو گوێمان لە گڕەی زرێلی جەیش و چەپڵەڕێزانی ئافرەتان بوو، حاڵەتێکی کەساسی ئەوتۆ دایگرتم خۆم بۆ نەگیرا، پشتم لە خەڵقەکە کرد ڕووەو هەیبەسوڵتان لەو تاریکییەدا فرمێسکی حەسرەت و بێدەسەڵاتی و هەستی شوورەیی کردنی ئەو چەپڵانە سەری کرد. تا ئەو دەمە تەجرەبەی وەها تاڵم نەدیتبوو. سەرلەبەری چەکداری عەشایر کە بە تەما بوون عەبدولکەریم دەخالەتیان پێ بکا وەها هەڵاتن نەبێتەوە. ئنجا ژنانیش بۆیان تەواو کردن بەو چەپڵە و هەلهەلانە، وەهام دەهاتە پێش چاو کە کوردی دەڵێ پەردەی نامووس دازڕا.

دوای یەک دوو ڕۆژ جەیشەکە بەرەو ڕانیە ڕۆیی. عەسری ڕۆژی چواردەی مانگ (رعد) قایمقام هاتە لام. گوتی، پێش هاتنی جەیش نەدەهاتمە لات نەوەک خەڵق لە سەرمی حیساب بکات بە ترسنۆکی. منیش بێ ئەوەی قسەکەی لێ بە داوێوە بکەم پێم گوت، لەوەتەی جەیشیش هاتووە لزووم نەما بە هاتنم بۆ لات بۆیە سەرم لێ نەدایت. چی لە کۆیە و ڕانیە ڕووی دا لە بەرگەنەگرتن و کۆڵدان نموونەی هەموو شوێنێکی دیکە بوو کە چەکدارەکانی بە گیانێکی گەرمی بێتەجرەبەیی و سادەییەوە دنیایان دابووە بەر داس. یەکەم تەقەی چەکدار لە جەیشیان کردبێت ئەوەبوو خاڵە جنێدم و چەند کەسێکی خۆی لە ڕێگەی نێوان ڕانیە و دەربەندا بەری جەیشیان پێ گرت.

سرِی و خامۆشییەک وڵاتی داگرت، ئەوەندە هەبوو خوتبەکانی زەعیم کە پڕی (شذر مذر...) بوو گەرمی دادەهێنایین. هەرچەند بارزانییەکان خۆی ڕقی لێ بوون چەکیان لە حکومەت هەڵنەگرت، عەبدولکەریم بە فڕۆکە بۆمباردمانی کردن. بێگومان وەهای چووبووە دڵ کە ئەو چەکدارانە یەکجارەکی برانەوە، بەڵام حیسابەکە وەها دەرنەچوو.

یەکەم زەبری بە حکومەت کەوت ئەوەبوو خەزێنەی مەعاشاتی کۆیێ لە نێوان کۆیە و دێگەڵە بە تاڵان چوو دوو کەسێکیشی تێدا کوژرا لە خەڵقی شار کە بە ڕێکەوت لەو ئۆتۆمۆبیلەدا بوون خەزێنەی دەهێنا بۆ کۆیێ. دیسان وەها ڕێککەوت بۆم کە بە شەو، دەوری فەجر، بکەومە ڕێگە بەرەو مووسڵ. ئەمجارەیان شوێنی ڕووداوەکە بە سامتر بوو بەڵام ڕوح لەبەر، مەگەر مێروو، دەنا دەنگ و بەنگی نەبوو... سەفەرێکی دیکە لە زستاندا بوو، کاتێکی وەها دەرچووم کە گەیشتمە لای شێخەڵوان سێبەری لووتە بەرزەکەی پیرەمەگروون لە دەشتاییی دەستە چەپمانەوە بوو. هاوینان کە ڕۆژ هەڵدەکشێ سێبەرەکەی پیر بەرەو گەرمێن ڕادەکشێ.

تازە هەراکە گەورە بووبوو. حکومەت دوای بەکارهێنانی هێزی جەیش و هەڵاتنی چەکدارەکان بەرقیەی بە خەڵک دەنووسی بۆ پیرۆزبایی لە زەعیم. عەسرێکیان لە مەلاکانەوە وەڵامم بۆ هات یان ئەوان بێنە لام یا من بچمە لایان لە مزگەوتی گەورە، من چووم. حکومەت بە فەرمانی مووتەسەڕریف داوای لێ کردبوون بروسکەی موبارەک بادی بۆ زەعیم بنێرن. چەند مەلایەکی (علماء احرار) دەرحاڵ ئەمرەکەیان جێبەجێ کرد، هەرچی مەلا مەعسووم و مەلا زاهیری مەلا سادق و هاوڕێکانیان کە تێکڕایان دە کەس بوون لە منیان پێچایەوە ئاخۆ بتوانم ئەو تەکلیفەیان لەسەر شان هەڵبگرم. هەڵبەت ئەمە بە من نەدەکرا. بڕیاریان دا بروسکە لێ نەدەن. دوای یەک دوو ڕۆژ هەموویان گیران و بردرانە هەولێر. بەدرەددین عەلی بێحورمەتیی لەگەڵدا کردبوون. دوورخرانەوە، بە گرتوویی بۆ بەغدا، لە ئاکامدا کەوتنە شوێنێکی پێی دەگوترا (فضيلية)، وابزانم، لە نێوان بەغدا و بەعقووبە یان حیللە. من چەندێکی لە دەستم هات (کەمیشم لە دەست دەهات) بۆیان خەریک بووم. دوای چەند مانگ لە حەبس و موحاکەمە کەوا زۆر بێڕەحمانە مەلایەکی کۆیی لە (علماء احرار) شایەدیی لە مەلا مەعسووم دابوو بە جۆرێک بایی ئیعدام بکات. (محسن رفيعي) یارمەتییەکی باشی دا لە بەرهەڵدانیان. من لە بەغدا بووم کە بەربوون، هەر ڕۆژە لایان دەبووم، مایەوە بگەڕێنەوە بۆ وەزیفەیان. قەول بوو بە یەکەوە بچینە لای مدیری ئەوقافی عام، مامۆستا (بهجة الأثري)، کە ناسیاوم بوو. تا من چوومە ئۆتێلەکەیان ئەوان چووبوون بۆ ئەوقاف. کاتێک من پێیان گەییشتم لای سکرتێری مدیر عام چاوەنۆڕی ئیزنی چوونە ژوورەوەیان دەکرد. من ڕێگام ئاچووغ بوو، بە مامۆستا بەهجەتم گوت مەلاکان دێنە لات. گوتی، تۆ دەبینم لزووم چییە بە دیتنی ئەوان؟ لێم نەسەلماند. خولاسە بانگی کردنە لای خۆی، لە لایەن وەزیفەیانەوە گوتی من ناتوانم بیانگێڕمەوە بۆ وەزیفەیان چونکە بە فەرمانی حاکم عەسکەری عام لێ خراون. بە ئیزنی خۆی لە تەلەفۆنەکەیەوە قسەم لەگەڵ موحسن ڕوفێعی کرد لە بارەی گێڕانەوەیان بۆ وەزیفە و مزگەوتەکانیان، گوتی هەر ئێستە ئەمرەکەت بۆ دەنێرم. ماڵی بە خانەی خوا بێ، بیست دەقیقەی نەبرد قسەکەی خۆی گەیاندە جێ و مەلاکان گەڕانەوە سەر شوێن و وەزیفەکەیان. من هەرچەند بەرپرس نەبووم لە نەناردنی بەرقیەیان بۆ زەعیم دیسانەوە چونکە پێم گوتبوون موبارەکبادی کردن شوورەیییە دڵم نا ئارام بوو لە گرتنیان جگە لەوەی کە هەموو دۆست بوون و خۆیشم مەلازادە.

لە لاپەڕە ١١٢، بەرگی دووەمی حاجی قادری کۆیی، لە موناسەبەدا ناوی مەلاکان هاتووە. لەمانە پێنجیان بەڕەحمەت شادبوون، ئەمە ناوەکانیانە، مەلا مەعسوومی هەورامی، مەلا محەمەدی مەلا عەلی،

مەلا محەمەد ئەمینی مەلا عاسی، مەلا فەتحوڵڵای عەبدولکەریم، مەلا عەلی حاجی تۆفیق. زیندووەکان، تەمەنیان درێژ بێت ئەمانەن، مەلا زاهیری مامۆستا مەلا سادق، مەلا ئەنوەری شیواشانی، مەلا سەدری مەلا ساڵحی خەتیب، مەلا محەمەد ئەمینی کانی ڕەشی، شێخ حسامی تاڵەبانی. (لە شەوی نێوان ڕۆژی ٣ و ٤ی مارتی ١٩٨٨ ئەم دێڕانەم نووسی)‹٤٩›. تازە مەلاکان گیرابوون ڕێم کەوتە سلێمانی هەواڵی کۆیەیان پرسی، گوتم، خەڵقەکە بە بانگی کەڵەشێر نوێژ دەکەن چونکە شار مەلای تێدا نەما بانگ بدات.

دوای ساڵەهای ساڵ کە کڵپە و للفەی کارەساتەکەی ئەو ڕۆژانە لەبیران نەماوە وەیا کزبۆتەوە و مرۆ دەتوانێ بە خوێنی ساردەوە چەند و چۆنیەکەی هەڵسەنگێنێت، بە ڕاشکاوی دەڵێم عەبدولکەریم غەدری لە خۆی و لە خەڵقیش کرد کە هەلایسانی هەراکەی بە هەند هەڵنەگرت تا ئەوەی خۆی یاریدەی خێراکردنی دا. کە هەرا دوای کزبوونی بلێسەی دایەوە نەختێکی لە سیاسەتی گردەبڕی و بنەڕەتی و بێمەسڵەتی گۆڕی و بەیانێکی دەرچواند بە لێ خۆش بوون لە هەموو ئەو کەسانەی کە چەکیان هەڵگرتبوو جگە لە سەرۆکەکانیان، بەمەشدا ئومێدی هەبوو زوربەی چەکدارەکان دێنەوە بن نوای حکومەت. کە دیتی کەسی ئەوتۆ گوێی بە بەیانەکە نەبزووت وەهای زانی ناتەواویەکی بچووکی تێدایە. ئەم جارە خۆی لە خوتبەیەکیدا (حتي رؤوسهم)یشی خستە پەراوێزی مەرحەمەتی خۆیەوە کەچی بێسوود بوو.

مەسەلەکە لەوە دەرچووبوو بریتی بێ لە ساردایی نێوان دۆستان کە عادەتەن بە موجامەلە و قسەی شیرن دەگۆڕێ بە دۆستایەتی. شکڵی عەشیرەتگەری بە هەراکەوە نەمابوو، ڕەنگی قەومایەتی تۆخی دایەوە. من لە سەروبەری کوشتنی سددیق بەگ بە سەرۆکەکانم گوت، نابێ خەیاڵتان بۆ ئەوە بچێ کە هەرایەکی ئێوە بەرپای بکەن لە دەست خۆتاندا دەمێنێتەوە. شۆڕش خاوەنی لەبارتری هەیە بۆ سەرپەرشتی لێ کردنی.

لە بەرەو کۆتایی‌ی پایزی ١٩٦١ سەفەری (هەنگوینە مانگ)ی ژن هێنانم کرد بۆ بەغدا. دوو حەفتەیەکماینەوە و گەڕاینەوە بۆ کۆیێ. زستانی نێوان ١٩٦١ و ١٩٦٢ م لە کۆیێ بەسەر برد. فارووقی برام تووشی نەخۆشییەکی قورس بوو. گانگرین لە پەنجەی پێی پەیدا بوو ئازارەکەی وەها بوو دەیگەیاندە سنووری شێتی. لە بەغدا دکتۆر عەمەلیەتی بۆ کرد ئەوسا تاکە دکتۆرێک بوو شارەزای ئەو نەخۆشییە بێ. بە درێژایی نەساغییەکەی لە دەمی عەمەلیەت هەتا گەڕایەوە کۆیێ حەمە عەلیی ئامۆزام و شێخ فاتیحی خاڵە سەدر لەگەڵی بوون. هەر بەوان کرابوو ئالۆز بلۆزی و توندوتیژی و دەست وەشاندنی ئەو ڕۆژانەی فارووق تەحەمول بکەن. دڵسۆزیی مرۆڤ لە جاری وەهادا خۆی دەنوێنێ.

لەو ساڵانەدا بوو، واتە نێوان ١٩٦١ و ١٩٦٣، مەرگی حەماغای ئاوڕەحماناغام بیست. بروسکەیەکی پرسەم نووسی، یادی گیانی کوردایەتی ئەو مرۆیەی تێدا بوو، بەڕێ نەکرا. پاش پتر لە پازدە ساڵ نوسخەی ئەم بروسکەیە بە دەستی کوڕە گەورەی گەییشت. چاونووقاندن لە گەلێکی وەکوو کورد تا ئەوەی ڕەوا نەدیترێ بە بروسکەی پرسە ناوی ببردرێت بە لای ئەو گەپە منداڵانەیە دەچێتەوە کە لە بەشێکی فیلمەکەی چارلی چاپلن (میهرەجانی چارلی)دا ڕوویەکی نەفسی مرۆڤ وێنەکێش دەکات بەوەدا کە چارلی ڕێگر بەسەر گردێکەوە سەرەتاتکەی لە پۆلیسەکان دەکرد تا بزانێ چۆن خۆیان لێ بپارێزێ، لە تیلاکی چاوی ڕاستییەوە پێڵاوی پۆلیسێکی دیت کە لە تەنیشت ئەژنۆیەوە بوو. گورج

نەختێکی خۆڵ هەڵدایە سەری و شاردییەوە. ئەمە بوو چاری پۆلیس کەوا بە سەر سەرییەوە وەستا بوو. عەبدولکەریمیش هەروەهای دەکرد لە چارەسەری دەردی کوردایەتی.

ساڵی ١٩٦٢ پیر بوو، من محاماتم سارد بووبۆوە و سەفەرم کەم بوون چونکە باری وڵات هێندەی جاران حەزی بە گەڕان و سووڕان نەدەکرد. لەبیرم ماوە ڕۆژێکیان پاش بارانە بوو لە کەرکووک دەگەڕامەوە بۆ کۆیێ، بەسەر عەرەبانەی دەستەوە خیارم دیت، بیست کیلۆم کڕی لە ناسکترین خیار بە دووسەد فلس، کیلۆی بە دە فلس. لە ڕێگە تووشی خەزوولّم شێخ ڕەئووف هاتین لەگەڵ کاربەدەستێکی سەرپەرشتیکەری کتێبخانە ڕەسمییەکان کە لە بەغداوە بە خۆی و خێزانییەوە هاتبوون، چووبوونە کۆیێ و دەگەڕانەوە بەرەو بەغدا. کابرا و خێزانی سپاسی ئەو مێوانداریەیان کرد کە لێیان کرابوو بێ من. شێخ ڕەئووف خۆی مەشوور بوو بە مشوورخواردنی مێوان و بەخێرهێنانی، تا بشلێین ڕووی بۆ مێوان گەش بوو.

لەو کژەی ساڵدا بوو مودیر ناحیەی تەقتەق لە دوکانی دوکاندارێکی کۆیی دەسرێژی لێ کرا و کوژرا. کابرا زۆر دۆستم بوو، دۆستی گەلێکی دیکەش بوو، نەشمزانیبوو هیچی ئەوتۆی کردبێ کوشتن هەڵبگرێ بەڵام مەنتیقی هەرا و ئاژاوە جودایە.

لە زستانی نێوان ١٩٦٢ و ١٩٦٣ بوو نەشرەیەکم دیت دروشمی حوکمی زاتیی هەڵگرتبوو. هەرچەند داستانی گەشتی ژیان جێگەی شەڕە دەندووکێی بیردۆزانەی تێدا نابێتەوە، دیسان ڕێم هەیە بایی پێوەندیی ئەو دروشمە بە بیروباوەڕی ئەوسام – هی ئێستاشم – کورتەیەکی وتووێژم لە بارەیەوە بکەمە چەند هەنگاوێکی ڕێبازی ئەو ڕۆژگارەم.

بە هەندێک لە ڕابەرانی حیزبم گوت، ئێوە ئەگەر سوور بن لەسەر ئەو دروشمە لەوانەن بە قورسایی داخوازییەکانی دابهێژین و پەککەوتە ببن، چونکە حوکمی زاتی وەکوو ماڵ ڕێکخستن بۆ ئاسان کردنی گوزەران و کار ڕاپەڕاندن تەرتیبێکی برایانە و لێک حاڵی بوون و بەیەکتر ڕازی بوونە نەک هی کوتەک و شەڕە چەپەڵۆکەیە. سەربەخۆیی لەگەڵ چەک هەڵگرتن خزمە بەڵام حوکمی زاتی وەک دابەش کردنی وڵات بۆ چەندین لیوا و قەزا و ناحیە بە دۆستایەتی دەبێ. نایەتە عەقڵەوە حکومەت هەموو مانگێک بە حەقی کوتەک هێندە ملوێن دینارەی بێگرفت بۆ قەزا یاخود لیوا یاخود حوکمی زاتی بنێرێ لە ئاکامی دوژمنایەتی و شەڕ و گێچەڵ. ئەمە و گەلێک تێبینی دیکە کە لێرەدا جێگەیان نابێتەوە کەوتە ناو وتووێژمانەوە. قسەکانم چ ئاکامێکیان لێ چاوەڕوان نەدەکرا جگە لەوەی کە بەخەبەر هێنانی چەند دەمارێکی نووستوو بوو لە هۆشی چەند ناسیاوێکدا. ئەو دروشمە زۆر نەشەکایەوە چونکە دروشمێکی عاتفی بوو پتر لەوەی داخوازی (قۆناغ) بێت، زۆریشی نەبرد لە سەرەتاکانی ١٩٦٣ عێراق بە بارێکی دیکەدا گۆڕا.

لە کۆیە بووم، ڕۆژی پێنجی کانوونی دووەم، سبەینە بوو نەجیبەی خوشکم خەبەری دامێ لە کەرکووکەوە بە تەلەفۆن کە بووم بە باوکی کوڕێک. پرسی بۆ ناوێک، گوتم ناوی بنێن (دەوەن):

دەوەن ئاخر دەبێتە داری گەورە

مەڕی لەڕ خزمەتی بۆ گۆشتی چەورە!

بۆم نەلوا سەفەر بکەم و کوڕەکەم ببینم، نەش دەکرا لەو وەزعەی زەیستانداریی دایکیدا سەفەریان پێبکرێ.

لە هەشتی شوبات، ٣٤ ڕۆژ دوای بوونی دەوەن، ڕادیۆی بەغدا کردی بە هەرای دووەم (بەیان یەک)ی گۆڕانی باری سیاسی. چوار ساڵ و شەش مانگ و بیستوپێنج ڕۆژ کەوتە نێوان چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ و هەشتی شوباتی ١٩٦٣. لەو چوار ساڵەدا بایی دە ئەوەندەی چل ساڵی پێش خۆی هەرا و مەزاد و خوێنڕێژی و شیرازە تێکچوون ڕووی دابوو، کە نموونەیەکی ڕووداوەکانی جیهانی سێیەمە بە خۆی و دڵگەرمی و ناواقعیەت و تیژڕۆیی و بێتەجرەبەیی و دووربوونی لە گیانی سەردەمی زەڕڕە قلاشی و ئاسمانگەڕییەوە.

لە نۆی شوبات عەبدولکەریم و مەهداوی و تاها شێخ ئەحمەد و ئەفسەرێکی بچووک ئیعدام کران. عەبدوسەلام لە بەندیخانەڕا بردرا بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار. پەرۆشم بۆ تەها شێخ ئەحمەد لە دوو لایەنەوە بوو یەکیان ئەوە بوو کە لە دەمی نیابەتی هەوەڵ جارمەوە خۆی پێ ناساندم و گەلێک جوانمەردی و دۆست نەوازی و ئاکاری ڕەسەنی پەسەندم لێ دیت. لە ساڵی پەنجاوچوار بەم لاوە هەتا ١٩٥٩ بە دەگمەن نەبێ یەکترمان نەدیت. لەو ساڵەدا کە کژ هاتبوو ئاژاوە دەست پێبکات چوومە لای لە وەزارەتی دیفاع. لە بارەی تێک هەڵدایی بێسنوور و بێسوودەوە لەگەڵی دوام، پێوەی دیار بوو کە هاوباوەڕە لەگەڵمدا، بەڵام بۆم دەرکەوت دەسەڵاتی چارەسەرکردنی لە دەستدا نییە نەشیویست دان بەو ڕاستییە وەیا شیرازە پسانی هێمنی و ئاسوودەییدا بهێنێت، ئیتر خۆی بەوە پەڕاندەوە کە گوتی حەزدەکەم بە نووسین بیروڕای خۆت و چارەسەرکردنی گیروگرفتم بۆ ڕوون بکەیتەوە. من بەڵێنم پێ نەدا هیچیشم بۆ نەنووسی جارێکی دیکەش چاوم پێی نەکەوتەوە.

لایەنی دووەم ئەوە بوو کە تەها خۆی خەسار کرد، وەیا حاڵ و بار خستیە شوێنی نالەبارەوە. مرۆی وەها مەرد بۆی حەیفە و خۆ دۆڕاندنە نەتوانێ لە گێژاوێک دوورکەوێتەوە کە ئەگەر ناحەزەکانی نابانایەوە بە بەڵگەی تاوانبار بوونیانی حیساب دەکرد. گەلێک جار وەها ڕێک دەکەوێ کە پەندی پێشینانی مەشوور «سواربوون عەیبێکە و دابەزین دوو عەیب» فرزە لە مرۆ دەبڕێت. وەها خۆشە کە پیاو جارێکیان ئەو پەندەی لێ بە ڕاست گەڕا دەرفەتی هەبێ لە جاری دووەم پێوەی نەبێ. تاها بۆی نەلوا و تێداچوو.

ئەگەر ئالەتێک خەیاڵاتی دڵی عەبدولکەریمی، لە دەمی ڕووبەڕوو بوونی مەرگدا، وەرگرتبا ئایا لە بارەی هەڵوەستی بەرانبەر کورد، کە هۆیەکی گرنگی ڕمانی بوو، چی لێ دەگێڕایەوە. پەشیمانی یان حەسرەت خواردن لە بەکارنەهێنانی ئەوپەڕی دڕندەیی؟ دەشێ بڵێین لە شێوەی نموونەی بچووکدا ئەوەی لێ گێڕابایەوە کەوا بێگومان بە دڵی ناپۆلیۆن و هێتلەردا هاتووە لە دوای هەست کردنیان بە هەڵە کوشندەکەی هێرش بۆ سەر ڕووسیا. چەندی خەیاڵ دەکەمەوە هەر (دۆگۆل)م بە بیردا دێت بە نموونەی مرۆیەکی بڕیاری مێژووی سەلماندبێ لە حاڵی دەسەڵاتدا کە هات و چارەسەری مەسەلەی جەزایری سەپاند بەسەر فرەنسەدا. توخوا ئەوەی ئەمەریکا لە ڤیتنام و ڕووسیا لە ئەفغانستانی کرد دوعایەکە ئامینی بۆ بکێشیت؟